ڕۆمان

# شاخی سەگە بەڵەک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

جەنگیز ئیتماتۆڤ

# شاخی سەگە بەڵەی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

**عوبێد ڕۆژبەیانی**

بۆ ڤلادیمێر سانگی

ناوی کتێب: شاخی سەگە بەڵەک - ڕۆمان
نووسینی: جەنگیز ئیتماتۆڤ
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عوبێد ڕۆژبەیانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٢٧
دەرهێنانی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم: ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٩٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

لە شەوێکی تاریکی دەم کەنارا، کە تژی بوو لە پڕووشکی هەڵبەزیوی و ئاو و سەرما، بە درێژایی لێواری دەریا و وشکایی، لە قەراخەکانی ئۆخۆنسکی، ململانێی ئەبەدی لە نێوان دوو سروشتدا بەردەوامی هەبوو: وشکایی کۆسپ دەخاتە بەردەم هێرشی دەریا، دەریاش لە هێرشبردنە سەر وشکایی ناوەستێ و ماندوو نابێ.

لەو تاریکییەدا، دەریا، بەدەم شڵپ و هۆڕەوە هێرش دەکات و، شەپۆلەکانی لەسەر تاوێر و زەوییە بەردەڵانییەکان وردو خاش دەبێت و لە سەرەخۆ ئەو هێرشانە هەرەس دێنن.

بەم جۆرە هەر لەگەڵ یەکەمین خەڵقبوونی سروشتدا، لەو ساتە وەختەی کەوا ڕۆژ بەدوای ڕۆژ و، شەو بەدوای شەودا دێت ئەوانە هەروا لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکدان.

هەرئاواش هەتا زەوی و ئاو بمێنن بۆ هەتا هەتایە، شەو و ڕۆژیش دەمێنن وەک خۆیان.

شەو ڕۆژ...

شەوێکی دیکەیان لە خۆ دەگرت، ئەو شەوە شەوی بەرلە گەشتی دەریا بوو. لەم شەوەدا چاوەکانی هەرگیز نەدەچوونە خەو، یەکەم جاری بوو لە ژیانیدا کە نەخەوێ، یەکەم جاریشە ئاوا خەوی بزڕێ. سەبری لێ بڕابوو بەڵکە ڕۆژ خێرا بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە دەریا بدا. لە سەر پێستی چاکراوی گۆلکی دەریا پاڵ دەکەوت و گوێی لە دەنگی لەرزینی زەوی دەگرت، ئەو دەنگەی کە وەختابوو لە گوێیەکانی گیر نەبن، ئەو دەنگانە سەدای شڵپوهۆڕی شەپۆلەکانە لە کەنداوەکە. نەنووست و لە گوێگرتنی دەنگ و هاشەی شەو بەردەوامبوو.

ڕۆژانێک کاروبارەکان بە شێوەیەکی دیکە بەڕێوە دەچوون، بەلام ئێستا ئەمەیان ڕاچاو ناکرێت بەڵکو کەسێکیش ناتوانێ ئەوە بزانێ، تەنانەت ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە ئەگەر مراوییە (لۆڤەر) نەبوایە لە سەردەمانی زوو، ئەوا دونیا بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دروست دەبوو. ڕەنگە وشکایی بەرهەڵستی شەپۆلی ئاوی نەکردبایەو، ئاویش ئاوا هێرشی نەدەبردە سەر وشکایی. چونکە لە سەرەتادا _ لە پێشی هەموو سەرەتاکان زەوی و وشکایی لە سروشتدا نەبوونە، هەتا گەردیلەیەکیش غوبار نەبووە. هەموو شوێنێک ئاو باڵی بەسەردا کێشابوو، جگە لە ئاو شتێکی دیکە نەبوو. ئاو و لە خۆیەوە، لە گێژەلووکەی خۆی، لە پانتاییەکی ڕەش و هەلاو زەنایەکی مەزندا هەڵدەقولا. شەپۆل شەپۆل بەدوای یەکدا گلۆر دەبوونەوە و بە هەموو لایەکی دونیای پان و بەریندا بلاو دەبوونەوە کە ئەوکاتە نە سەری

هەبوو نە کۆتایی.

بەڵام مراوییە لۆڤەر، بەڵێ، ئەو خۆی ئەو مراوییە ئاساییە بوو کە دەنووکێکی پانی هەبوو، هەنووکەش ڕەگەزی ئەو لە شێوەی ڕەوەی گەورە گەورەدا بەسەر سەرماندا دەفڕن، بەڵام ئەوساکە ئەو مراوییە لۆڤەر بە تەنیا بەسەر دنیادا دەفڕی بەبێ ئەوەی شوێنێکی چەنگ کەوێ تا هێلکەکەی لێ دابنێ، لەم دنیایەدا جگە لە ئاو شتێکی دیکە نەبوو، هەتا تاڵە پووشێکیش نەبوو هێلانەیەکی لێ چێ بکا.

مراوییە لۆڤەر بە ئاسماندا دەفڕی و بەدەنگێکی بەرز دەیقیژاند، دەترسا چیتر خۆی پێ ڕانەگیرێ و هێلکەکەی بەربێتەوە ناو ئاوێک کە هیچ قەرار ناگرێ و ئارام نابێتەوە. مراوییە لۆڤەر ڕووی لە هەر کوێیەک دەکرد و بۆ هەر لایەک دەفڕی، شەپۆڵەکان لە ژێر باڵیدا دەکەوتنە سەر یەک و ئاوی مەزن لە چوار دەوریدا بڵاو دەبۆوە، ئاوێک لێواری نییە و بێ سەرەتاو بێ کۆتاییە. ماندوێتی مراوییەکەی هیلاک کردبوو بۆیە ملکەچی باری سروشت بوو باوەڕی بەوە هێنا کە: لە هەموو ئەو دنیایەدا شوێنێک نییە هێلانەکەی لێ چێ بکا. ئەوساکە دابەزییە سەر ئاوەکە، پەڕامووچەیەکی لە سنگی خۆی هەڵکێشاو هێلانەیەکی لێ هۆنییەوە. لەو هێلانەی سەر ئاوەدا زەوی دەستی بە دروستبوون کرد وردە وردە فراوان بوو و گیانلەبەری جۆراو جۆری لێ نیشتەجێ بوو.

مرۆڤ بەسەر هەموو ئەو گیاندارانەدا سەرکەوت، لەگەڵ بەفرو بەستەڵەکدا ڕاهات و ئامێری خلیسکانی بەکارهێنا، لە ناو ئاویشدا بەلەمی دروست کرد و کەوتە ڕاو کردنی ماسی و گیاندارەکانی تر، دەیخواردن و نەوەی خۆی پێ دەخستەوە.

خۆزگە مراوییە لۆڤەر بزانیبایە کە پاش دیارکەوتنی وشکایی لە نێو مەملەکەتی بێ کۆتایی ئاودا، کاروبارەکانی ژیان چەندە زەحمەت و گران دەبن. هەر لە ساتە وەختی دیار کەوتنی زەوییەوە، دەریاکان نەیان توانی ئارام بگرن، لەو دەمەوە دەریا لە وشکایی دەدا و وشکاییش بەرپەرچی دەداتەوە، هەندێ جار مرۆڤ لە بارێکی شڵەژاودا دەبێت لە نێوان دەریا و وشکایی، وشکایی و دەریا. خۆ دەریا ئەوی خۆشناوی، چونکە مرۆڤ زیاتر بە زەوییەوە پابەندە.

بەیانی دا و، شەوێکی تریش ڕۆیشت و ڕۆژیکی دیکە لە دایک بوو. لە زەردەپەڕێکی ڕەنگ پەڕیوی نیمچە ڕووناکدا، وردە وردە جەمسەری بەیەککگەیشتنی کەنارو دەریا، وەک لچ و لێوی بەرانە کێوییەک لە نێو هەڵمی شینی هەناسەدانەوەیدا بەدیار دەکەوت.

دەریا هەناسەی دەدا. بە درێژایی هێڵی بەیەککگەیشتنی پڕ لە هاژە و ورشەی نێوان وشکایی و دەریادا، تەمی پڕووشکەداری سارد و بەربڵاوەکان بەرەو ئاسمان بەرز دەبوونەوە، بە درێژایی ئەو هێڵە دەنگی شڵپ و هۆڕی شەپۆلە سەرشێتەکان دەهات.

شەپۆلەکان بێ پەروا سووربوون: شەپۆل دوای شەپۆل، بێ پسانەوە بە هەمووو هێز و توانای خۆیان بە نێو کۆمەڵی بەردە ڕەش و لووسەکاندا هێرشیان دەکردە سەر ئەو شەختە و بەستەڵەکەی کە لەکانیان دادەپۆشی، بەڵام شەپۆڵەکان بە دوای یەکدا هەناسەیان دەدا و لە دوا سنووری ئاوە پەرش و بڵاوەکان، کەفاو و بۆنی گەنیویان بە دوای خۆیاندا جێ دەهێشت کە لە ڕامالینی گیای ناو دەریا بەرز دەبوونەوە.

هەندێ جاریش شەپۆلەکان لەگەڵ خۆیاندا ئەو پارچە سەهۆڵانەیان

فـرێدەدایە دەرێ کە لەگـەڵ هاتنی وەرزی بـەهاردا لە شـوێنی نادیاری خـۆیان دەجـوولان. ئەم پارچە سـەهۆڵە پەرش و بڵاوانە لەسـەر لەکاندا یەکسـەر دەبوونە پارچە شـەختـەی بێ هێـز لە دەریای بەسـتـەڵەکدا، پاشــان شــەپۆلەکــانی دیکە کــە بـەخـێــرایی بـەرەو قــووڵایی دەریا دەگـەڕانـەوە هـەڵیـان دەگـرتن و دەیانبــردنە ئەو شــوێنەی کـە خــۆیان گەرەکیان بوو.

تاریکی ڕەویەوە، تیشکی خۆرەتاو لەبەیاندا زیادی کرد و وردە وردە ئاکاری زەوی ڕوون بووەوە و دەریاش بەدیار دەکەوت.

ئەو شـــەپۆلانـەی کـــە بە هـۆی ڕەشـــەبای شـــەو ورووژابـوون، نەدەپسـانەوە، لێواری دەریایان کەفاوی دەکرد لە شێوەی زنجیرەیەک قەڵبەزەی سپی.

بەڵام لە قـووڵایی دەریادا، لە دووریـیـەکی وێڵـدا، لەوێ دەریا هێـور و ئارام دەبێـتـەوە و بـەڕەنگێکی بۆری خـۆڵەمـێـشی دەدرەوشـێـتـەوە لە سەرەخۆ نەرمە شەپۆلان داوێ.

هـەورەکـان لـە دەریاوە بەرەو بەرزاییــیـەکـانی قـەراخ هەڵدەکـشـێن، لەوشـوێنەدا لـە نزیک کـەنداوی سـەگـە بەڵەک و لە نیـمـچـە دوورگـەی شـاخاویدا کـە بە شـێوەیـەکی لار لە دەریا ڕووەو ئاسمـان هـەڵچـووە، لە دوورەوە لە سەگێکی بەڵەک دەچێت، کە لەسـەر لێواری دەریا ڕابکات.

شـاخی سـەگە بەڵەک لە گـەرمـترین ڕۆژانی هـاوینیـشدا، لووتکەکـانی خاڵ خاڵ بەفری سپی هـەر پێوە دەمێنێ کە لە گوێچکەیەکی زل و شۆڕ دەچێ. لـە دامــێنـی نسـارەکـانـیـدا بەفـری ســپی و بەڕادەیـەکی زۆر دەمێنێ.

ئەم شاخە هەمیشە لە بەر چاوەو لە دوورەو لە هەموو لایەک دیارە لەنێو دەریاو دارستانیش.

لێرەوە، لە کەنداوی سەگە بەڵەک، کاتێ خۆری سبەینە دووئەوەندەی بالآی دارچنارێک بەرز ببۆوە، بەلەمی (نیڤیین) لە دەریا کەوتە ڕێ.

لەو بەلەمەدا سێ ڕاوکەر سوار ببوون و منداڵێکیان لەگەڵدا بوو.

ئەو دوو پیاوەی کە هێشتا گەنج و بە هێز بوون، بە چوار سەوڵ بەلەمەکەیان لێدەخوڕی.

لە دواوەش بە تەمەنترینیان دانیشتبوو و بەلەمەکەی زۆر بە کارامەیی ئاڕاستە دەکرد، لێهاتووانە مژی لە قەننە دارینەکەی دەدا.

ئەم پیاوە دەموچاوی قاوەیی بوو. پیرێکی لاوازو قوڕگ بە گرێ و پڕ لۆچ بوو بەتایبەت مل و گەردەنی هەمووی چاڵی درێژ و توێشکەدار بوو.

دەستەکانیشی زۆر زل بوون، جومگە و گرێکانی نارێک و ئاڵۆز بوون، شوێنەواری برین و قلێشە داپۆشیبوون، مووی سەری سپێتی تێدا زاڵ بوو، لەسەر دەموچاوە قاوەییەکەی برۆ سپییەکانی قیت ببوونەوە.

ئەم پیرە پیاوە چاوە سوورە پڕ لە فرمێسکەکانی نز دەکردەوە. بە درێژایی ژیانی هەر خەریکی سەیرکردنی سەر ڕووی ئاوی دەریا بوو کە تیشکی خۆری پێچەوانە دەکردەوە بەجۆرێ مرۆ وای دەزانی ئەم بەبێ ئەوەی ببینێ بەلەمەکەی ئاڕاستە دەکات.

لەلای پێشەوەی بەلەمەکە، مناڵە چاو ڕەشەکە، کە ئەو کاتە تەمەنی یانزە – دوانزە ساڵێک دەبوو. لە شێوەی باڵندەی کەروان جێگەی

خۆی گرتبوو، بەتوندی خۆی گیر کردبوو بۆ ئەوەی زۆر جوولەجوول نەکات، نەبادا پیرە پیاو دڵی لێی سەخڵەت بێت، هەندێ جاریش بەخێرایی نیگای چاوەکانی بەسەر ئەو پیاوە گەورانەدا ڕەت دەکرد.

منداڵەکە دەترسا، بەهۆی شڵەژاوییەوە کونە لووتی بەنەرمی دەکرانەوە و وردە پەڵە لە دەموچاویدا بەدیار دەکەوتن. ئەمەیانی لە دایکییەوە بۆ مابۆوە، چونکە دایکی لە ساتەوەختی خۆشیدا ئاسەواری ئەم پەڵەیە لە دەموچاویدا دەردەکەوتن.

هەندێ شت هەبوون ببوونە مایەی نیگەرانی و دڵتەنگی ئەو منداڵە، ئاخر ئەم دەرچوونەی ئەم جارەیان بۆ قووڵایی دەریا بۆ ئەو تەرخان کرابوو، هەتا بچێتە جیهانی ڕاووشکار.

هەرلەبەر ئەوەش بوو (کیریسک) وەک کەرەوان بەهەردوو لادا دەیڕوانی.

کیریسک یەکەم جاری بوو لەگەڵ ڕاوکەرە ئەزموونداەکان، بەمەبەستی ڕاوێکی گەورەی ڕاستەقینە، لەسەر بەلەمێکی گەورە و کۆن، بۆ قووڵایی دەریا سەفەر بکات.

منداڵەکە زۆر بە تاسەوە حەزی دەکرد لەجێی خۆی هەڵسێ و سەوڵ لێبدات، دەیویست سەوڵەکان بەدەستەوە بگرێ و بەهەموو توانای خۆی بەکاریان بێنێ هەتا زوو بگەنە ئەو دوورگانەی کە لەوێ ڕاوی مەزنی گیاندارە دەریاییەکانی لێ دەکرێت. بەڵام ئەو جۆرە ئارەزووە منداڵانەیە لەلایەن ڕاوچییە شارەزاکان ڕەنگە مایەی پێکەنین بێت.

هەر لە ترسی ئەوەش بوو هەوڵی دەدا کەس بەو ئارەزووانەی نەزانێ، بەڵام لەمەیان تەواو سەرکەوتوو نەبوو، چونکە نەیدەتوانی

شادیی خۆی بشارێتەوە بەجۆرێ ڕوخسارە توندە ڕەش ئەسمەرەکەی سوور هەڵگەڕابوون.

لە هەمــوو ئەوانە دیارتر چاوە بێگەرد و برِیقەدارەکانی بوو، چاوە برسییەکانی گەنجێک، کە نەیان دەتوانی ئەو خۆشی و شانازییە بشارنەوە کە رۆحی شادی ئەویان مەست کردبوو.. ئاخر ئەو دەریای لە پێشدایە.. ڕاوی مەزن چاوەڕێی دەکات.

پیرە ئۆرگان چاک لە منداڵەکە دەگەیشت.

لەگەڵ ئەوەی لە نێو درزی چاوەکانیدا، چاودێری ئاڕاستەی دەریای دەکرد، لە هەمان کات ئارەزووی پڕ لە جۆشی منداڵەکەشی تێبینی دەکرد، کە وەختابوو ئارامی لێ ببڕێ. چاوەکانی کە بەزەییان لێدەباریی- ئاخ ئەی منداڵی- بەڵام زەردەخەنەی گۆشەی دەمە ڕەق ولاوازەکەی شاردەوە و مژێکی درێژی لە قەننەکەی هەڵکێشا کە وەختابوو بکوژێتەوە.

کارێکی باش نەبوو گەر منداڵەکە بە زەردەخەنەکەی بزانیایە، چونکە بۆ ڕۆژئاواکردن نەهاتۆتە ئەو سەفەرە. لەمڕۆ بەدواوە پێویستە ژیانی ڕاوکەرانی دەریا دەست پێ بکات. دەستی پێ بکاو ڕۆژێ لە ڕۆژان هەرلەوێ لە دەریا کۆتایی پێ بێنێ- ئەمە قەدەری ڕاوکەری دەریایە- چونکە لەو دونیایەدا هیچ کارێک بەقەد ڕاوکردنی دەریا سەخت و ترسناک نییە. بۆیە پێویستە کیریسک هەر لە منداڵییەوە خۆی لەگەڵ ئەو کارە ڕابهێنێ، چونکە پێشینان وتوویانە: (ژیری لە ئاسمان و کارامەییش لە منداڵییەوە). هەروەها وتوویانە: (ڕاوکەری خراپ بارە بەسەر خێڵەکەی). لێرەدا دەردەکەوێت کە: بۆ ئەوەی پیاو بەخێوکەری ماڵ بێت، پێویستە هەرلە منداڵییەوە خۆی لەسەر پیشەکەی ڕابێنێ.

ئێستاش نۆرەی کیریسک هاتووە بۆ ئەو مەبەستە، وەختی ئەوەیە ئەو منداڵە مەشقی پێ بکرێ و خوو بە ژیانی دەریاوە بگرێ.

هەمووان ئەوەی دەزانن. هەموو ڕەگەزی ماسیژن لە مەڵبەندی شاخی سەگە بەڵەک دەزانن کە، ئەمجارە سەفەری دەریا بۆ ئەو تەرخان کراوە، بۆ کیریسک، ڕاوکەر و بەخێوکەری دوارۆژ. ئەمە پەیامەکەیە: هەر کەسێ بە نێری لە دایک ببێ، هەر لە منداڵییەوە لە گەڵ دەریا وەک برایان لێ دێ، تا دەریا ئەو بناسێ و بۆ ئەوەی ئەویش ڕێز لە دەریا بگرێ. بۆ ئەو مەبەستەیە ئەمڕۆ گەورەی خێزان، پیرە ئۆرگان ئەو خودی خۆی بۆ ئەو سەفەرە دەرچووە و دوو کەس لە باشترین ڕاوکەرانی لە گەڵدایە: باوکی منداڵەکە (ئومرایین) و، کوڕی مامی باوکی (میلگۆن)، ئەمەش بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەیە کە گەورەکان بەرامبەر بە منداڵەکان دەیخەنە ئەستۆی خۆیان. ئەمجارەیان بەرامبەر بە کیریسکە، کە وا پێویست دەکات لەمەودوا ئەویش دەریا بناسێ. لەمڕۆ بەدواوە ڕووبەڕووی ڕۆژانی سەرکەوتن و ڕۆژانی شکستی دەبێتەوە.

با کیریسک هەنووکە منداڵ بێت، با شیریش بەسەر لێوانیەوە دیاربێت، با ئەوەش مسۆگەر نەبێت کە ئاخۆ بۆ دوارۆژ سوود بەخش دەبێت یاخود نا، بەڵام کەسێک ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە لە دوارۆژ، کاتێک، ئەوان بەهۆی بە ساڵاچوونیان واز لەو کارە دێنن، ئەوساکە کیریسک دەبێتە بەخێوکەرو کۆڵەگەی خێزان. ئەمە گریمانەکەیە و کاروباریش لەنێو نەوەکان بەم جۆرە بەڕێوە دەڕوات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، ژیانیش لەسەر ئەوە دامەزراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسێک نییە ئەم ڕاستییە ئاشکرا بکات. خۆ مرۆڤ لە نێوان

خۆی و زاتی خۆی بیر لەمە دەکاتەوە، بەڵام بەدەگمەن نەبێ باسی لێوەناکات.

هەر لەبەر ئەوەیە لێرە، هیچ یەکێک لە نەوەکانی ماسیژن لە قەراخەکانی سەگە بەڵەک گرنگی بەو ڕووداوە نادەن، ڕووداوی دەرچوونی کیریسک بۆ ڕاو، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەسانی خێزانەکەی هەوڵیاندەدا سەرنجی ئەوە نەدەن کە کیریسک لەگەڵ گەورەکان بۆ ڕاو دەرچووە.

دایکی بەتەنها بەڕێی کرد، بەڵام هیچ شتێکی لەبارەی ئەو سەفەرە بۆ ئاشکرا نەکردو بەر لەوەی بگەنە کەنداوەکە خواحافیزی لێ کرد. (خێراکە برۆ بۆ دارستانەکە). ئەمەی بەکوڕەکەی وت بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەبێ ئەوەی سەیری دەریا بکات، بەڵکو بەدەم قسەکردنەوە سەیری دارستانەکەی دەکرد: (ئاگاداربە، پێویستە دارەکە وشک بێت، نەکەی لەناو دارستانەکە بزر بیت باشە.) دایکە ئەمەی وت هەتا ئاسەواری کوڕەکەی بزر بکات و ڕۆڵەکەی لە ڕۆحە شەڕانییەکان بپارێزێ. بەڵام لەبارەی باوکیەوە هیچی نەوت و خۆی لەو دەراوە نەدا، هەروەک ئەوەی ئومرایین باوکی کوڕەکەی نەبێت و کیریسک لەگەڵ خەڵکی بیانی و ئاسایی ئەو سەفەرە بکات نەک لەگەڵ باوکی. هەروەها بۆیە بێدەنگی لێ کرد هەتا ڕۆحە شەڕانییەکان نەزانن ئومرایین و کیریسک باوک و کوڕن. چونکە ئەم ڕۆحە شەڕانیانە ڕقیان لە باوک و کوڕە کاتێک بەیەکەوە لە ڕاودابن. ئەگەر بۆی بکرێ یەکێکیان دەکوژێ هەتا ئەو یدی هێز و ئیرادەی خۆی لەدەست بدات، بۆ ئەوەی لەتاو ئێش و ئازارەکەی سوێند بخوات کە جارێکی تر بۆ دەریا دەرنەچێ و نەچێتە ناو دارستان. ئەمانەن ئەو

ڕۆحە شەڕانییە فێڵبازانە: چاوەدێرییان دەکا و خۆی لێیان دەگرێ هەتا ئێش و ئازاریان پێ بگەیەنێت. کیریسک ئەو خۆی لە ڕۆحە شەڕانییەکان ناترسێ، ئەو هەنووکە منداڵ نییە، بەڵام دایکی دڵی دەترسێ بەتایبەت لە چارەنووسی ئەو و پێی دەڵێ: کوڕم تۆ هێشتا بچووکی و زۆر ئاسانە فامی خۆت لەدەست بدەی و تووشی هەلاکەت بیت. ئەمە ڕاستە! ئاخ لەو ڕۆحە شەڕانییانە، لە تەمەنی منداڵیدا چەندە گرفتان دروست دەکەن: جۆرەها نەخۆشی و ئێش و ئازاری دیکە. مناڵ دەشێوێنن هەتا نەبێ بەڕاوکەر، ئەو دەمە ئەو مرۆڤە بە کەڵکی هیچ نایێ بۆیە گرنگە لە ڕۆحە شەڕانییەکان ئاگادار بین بە تایبەتی لە منداڵەکان هەتا گەورە دەبن. ئەو کاتە کە گەورە بوون لەسەر پێی خۆیان دەوەستن و سەربەخۆ دەبن و ناترسن، چونکە ئەو ڕۆحە شەڕانییانە لە مرۆڤی بەهێز دەترسن و ناتوانن بەسەریدا زاڵ بن.

ئا بەم جۆرە دایکە و کوڕە لێک جیا بوونەوە. دایکە بێدەنگ وەستا، لەو بێدەنگییەیدا ترس و ستایش و ئاواتی شاردبووەوە. ڕووی خۆی وەرگێڕا و بێ ئەوەی تەنیا جارێکیش سەرنجی دەریا بدات گەڕایەوە، بێ ئەوەی تەنها یەک وشە سەبارەت بە مێردەکەی بچرپێنێ وەک ئەوەی کە نەزانێ کوڕو مێردەکەی بەرەو کوێ دەڕۆن، هەرچەندە ئەو خۆی بەر لە ڕۆیشتنیان پریاسکەی ڕێگەی بۆ ئامادە کردبوون و بۆ ئەو سەفەرە نانی سێ ڕۆژی بۆ دانابوون، ئێستاش وا خۆی نیشان دەدات کە هیچ شتێک لەم بارەیەوە نازانێت، ئاخر لە چارەنووسی کوڕەکەی دەترسێ. ئەوەندە دڵی پێوە بوو بەڕادەیەک هەرگیز دڵەڕاوکێ و وەسوەسەی دەروونی خۆی نەدەدرکاند هەتا ڕۆحە

شەڕانییەکان، ئەوەی لە دڵی ئەودایە پێی نەزانن.

دایکە بەر لە گەیشتنی ئەوان بۆ کەنداوەکە، گەڕایەوە ماڵێ، بەڵام کیریسک ڕۆیشت هەوڵی دا زوو بگاتە ئەو پیاوانەی لە پێش ئەودا بەڕێ کەوتبوون و دوور کەوتبوونەوە، بەنێو دەوەنەکاندا دەڕۆیشت هەتا شوێن پێی دیار نەبێت و خۆی لە ڕۆحە شەڕانییە نادیارەکان بپارێزێت –وەک چۆن دایکی وەسیەتی بۆ کردبوو– چونکە نەیدەویست لە ڕۆژێکی وادا دڵی بشکێنێ.

کیریسک وردە وردە خۆی گەیاندە ئەوان، کە لەسەرەخۆ دەڕۆیشتن و باری سەفەر و تفەنگی (وینشستەر) وپەتیان بە شانەوە بوو.

لە پێشەوە گەورەکەیان ئۆرگان و بە دوای ئەویش ئومرایین بوو کە پیاوێکی ناو شان پان و ڕیشدار بوو کە بەرزی و گەورەی بەژن و باڵای لە دوورڕا دەناسرایەوە. لە دوایی وردە وردە گەیشتە ئەوان، کە لەسەرەخۆ دەڕۆیشتن و بارگەی سەفەرو ئەویش میلگۆن بوو کە وەک کەسێکی قاچ خوار دەڕۆیشت، ئەو باڵا کورت و بەهێز و نەختێک قەمبوور بوو.

ئەو ڕاوکەرانە جلەکانیان کۆن و تایبەت بە دەریا بوون، هەمووی لە فەروەو پێستی دەباغکراوی نەرم دروست کرابوون، بۆ ئەوەی گەرمی لەشیان بپارێزێ و، ئاویش نەدا. بەڵام کیریسک بەبەراورد لەگەڵ ئەوان قیت و قۆز دیار بوو چونکە لەمێژ بوو دایکی جلوبەرگی دەریای بۆ ئامادە کردبوو: پۆتین و جلی دەرەوەی هەمووی لێوارەکانی داگیرابوونەوە. دەبێت سوودی ئەمانە چی بێ لەناو دەریا؟ بەڵام چی دەڵێی دایک هەر دایکە.

ئۆه، وامان زانی تۆ هەر لەوێ مایتەوە، پێمان وابوو دەستیان گرتی

و بۆ ماڵەوەیان بردییەوە. میلگۆن ئەمەی بە گاڵتەو پێکەنینەوە پێ گوت کاتێک کە کیریسک گەیشتبووە ڕێکی ئەوان.

ئەمە لەپای چی؟ لەوەتەی هەبوو شتێکی وای پێ نەگوترابوو! من.. کیریسک بەهۆی ئەو سەرزەنشتییە لەگەڵ قسە کردن گەرووی دەگیرا .

ها، تۆ لەگاڵتەو گەپ ناگەی؟ ئاوا قسەکەی پێ بڕی و بەردەوام بوو: واز لەمە بێنە، ئێمە لەدەریا لەگەڵ کێ بدوێین ئەگەر یەکتر نەدوێنین؟ ها ئەوەی هەڵگرە باشە! تفەنگەکەی دایێ. منداڵەکەش بەسوپاس و پێزانینەوە هەنگاوی هەڵێنا و گەیشتە تەنیشت ئەو. کاتی ئەوە هاتبوو سواری بەلەمەکە بن و بەڕێکەون.

ئا بەم جۆرە بۆ ناو دەریا دەرچوون، بەڵام بۆ گەڕانەوە – ئەگەر بەخت یاوەریان بێت و بە نێچیرێکی زۆرەوە بەرەو ماڵ ببنەوە – ئەوا کار بەشێوەیەکی دیکە دەبێت، ئەوساکە ڕێزێکی تایبەت و شایستە لە مناڵەکە دەگرن، جەژنی پێشوازی کردن لە ڕاوکەری بچووک دەگێڕن و گۆرانی بە بەخشندەیی دەریادا دەچڕن. چونکە لە قووڵایی و پان و بەرینی ئەودا ئەو گیاندارانە زاوزێ دەکەن کە تایبەتن بە ڕاوکەرە ئازا و بە هێزەکان. لە گۆرانییەکاندا (ماسیژن) ی داپیر شکۆدار دەکەن کە ئەو ئەوانی خستۆتەوە. ئەوان نەوەی (ماسیژن) ن لە سەر زەوی. لەو ساتەدا کە گرمەی دەهۆڵ دەنگی دێ لەژێر لێدانی گۆچاندا و، لە نێو سەما کەراندا ڕێبەرەکەیان – ئەو کەسەی لە هەمووان پڕحیکمەتترە– لە گەڵ زەوی و ئاودا گفتوگۆیەک ئەنجام دەدا . گفتوگۆیەک لە بارەی کیریسکی ڕاوکەری تازە. بەڵێ، بەڵێ لە بارەی ئەوەوە ڕابەر لەگەڵ زەوی و ئاودا دەدوێ. داوایان لێ دەکات و لێیان دەپاڕێتەوە هەتا هەردووکیان – زەوی و ئاو – لەگەڵیدا باش بن، بۆ

ئەوەی کە گەورە بوو ڕاوکەرێکی مەزنی لێ دەربچێت، و هەتا هەتایە سەرکەوتن یاوەری بێت لەسەر زەوی و لەناو ئاودا، هەتا نێچیرەکانی لەنێو گەورەکان و بچووکەکان بە یەکسانی دابەش بکات. هەروەها ڕابەری پڕ لە حیکمەت و عەقڵ داوایان لێ دەکات و لێیان دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی کیریسک نەوەی لێ بکەوێتەوە و هەموویان لە ژیان بەردەوام بن و بۆ ئەوەی نەوەی ماسیژن زۆر بن و پشتاو پشت زیاد بکەن:

*لە کوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*
*هەناوی گەرمت – ژیان دەبەخشێ.*
*هەناوی گەرمت لە دەم دەریادا ئێمەی بوو.*
*هەناوی گەرمت باشترین جێگەیە لەو کەونەدا .*
*لە کوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*
*مەمکە سپییەکانت وەک سەری گۆلکی دەریایە .*
*مەمکە سپییەکانت لە دەم دەریا شیری پێ داین.*
*لە کوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*
*بە هێزترینی پیاوەکان بۆ لای تۆ مەلە دەکەن.*
*بۆ ئەوەی هەناوت هەر بەخشندە بێت.*
*بۆ ئەوەی نەوەت لە زۆربووندا بێت لەسەر زەوی.*

ئەمە ئەو گۆرانیانەیە کە لە نێو ئاپۆرەی سەماو دەنگە دەنگدا دەیانچڕن. ڕووداوێکی گرنگی دیکە لەو جەژنەدا چاوەڕێی کیریسک دەکات. ڕابەر لە دەم و ساتی سەما سەرشێتانەکەیدا، چارەنووسی کیریسک وەک ڕاوکەرێک بە یەکێک لە ئەستێرەکانی ئاسمان دەسپێرێ. چونکە هەموو ڕاوکەرێک ئەستێرەیەکی هەیە تا بیپارێزێت.

ئەو ئەستێرەیەی کە چارەنووسی کیریسکی پێ دەسپێردرێ هەرگیز کەسێکی دیکە نازانێت کامە ئەستێرەیە. هەر تەنها ڕابەر و ئەستێرەکەی خۆی ئەمە دەزانن. ئەستێرەش لە ئاسماندا زۆرو زەبەندە. هیچ گومانی تێدا نییە کە دایک و خوشکە بچووکەکەی لە هەموو کەس زیاتر دڵخۆش دەبن، بەدەنگێکی بەرزتر لە هەمووان گۆرانی دەچڕن و لە هەموویان بە گڕتر سەما دەکەن.

ئومرایینی باوکیش دەبێتە باوکێکی ماقووڵ و بەمە دڵخۆش و بەختەوەر دەبێت. بەڵام ئێستا ئەو باوکی کیریسک نییە لەو سەفەرەدا. چونکە لەنێو دەریادا باوک و کوڕ نینە، هەموویان یەکسانن و ملکەچی فەرمانی گەورەترینیانن. داخوازییەکانی ئەو جێبەجێ دەکرێن، باوک دەست ناخاتە کارەکانی و کوڕیش سکاڵا لەلای باوکی ناکات. ئەمە دابونەریتی نێو دەریایە.

پاشان مۆزلوک، ئەو کچە بچووکە، کاتێک کە مناڵ بوون و یاریی لەگەڵ دەکرد، ئەویش زۆر دڵی خۆش دەبێ. خۆ ئێستا یاریکردنیان پێکەوە کەم بۆتەوە، چونکە لەمەو دوا کاکی ڕاوکەر کاتی ئەوەی نییە یاری بکات.

***

بەلەمەکە بە گورجوگۆڵی ڕۆیشت و هەندێک جار لە شەپۆلەکان نەختێک نوقم دەبوو. کەنداوی سەگە بەڵەک کەوتە دواوە و لێی دوور کەوتنەوە، هەتا لووتکەی (درێژ)یشیان بەجێ هێشت. ئەو کاتەی لە کەنداوەکەوە بۆ قووڵایی دەریا دەرچوون بینییان کە شەپۆلەکان لە پانایی دەریا بەهێزتر نینە لە هی کەنداوەکە. شەپۆلەکان بە بەرزاییەکی وەک یەک گلۆر دەبوونەوە و لە ماوەیەکی کاتیی وەک

یەکدا. لەگەڵ ئەو شەپۆلە ڕێکانە ڕەنگە لە دەریادان باشتربێ.

بەلەمەکە لە قەدی ئەستووری دار چنارە گەورەکان دروست کرابوو، بەئاسانی لەگەڵ شەپۆلەکان لار دەبۆوەوە بەبێ کێشە دەڕۆیشت و بەرگەی ئەو شەپۆلانەی دەگرت کە لە پێش و تەنیشتەکانییەوە بەری دەکەوتن و بە ئاسانی ئاڕاستەی خۆی وەردەگرت.

پیرە ئۆرگان لە ڕێک ڕۆیشتنی بەلەمەکە هەستی بە ڕەزامەندی دەکرد، لەکاتێکدا مژێکی قووڵی لە قەننەکەی دا، ئەگەر چی ئاگرەکەشی کوژابۆوە. ئەو لەلای خۆی پێی وابوو کە ئەوە خۆیەتی وا شەپۆلی ساردی دەریا دەبڕێ و، ئەو کە نیوەی جەستەی لە ئاودا بوو خۆی بە پێشەوەی بەلەمەکە گرتبوو وەک ئەوەی ئەوە ئەم بێت جوولە بە بەلەمەکە بکات و بە سنگی خۆی شەپۆلەکان ببڕێ کە بەری دەکەوتن. ئەم هەستەی ئەو تەواو تێکەڵ بوون لەگەڵ جووڵەی بەلەمەکە چەند هزرێکی غەریبی لە لا دروست کرد. لە بەلەمەکەی ڕازی بوو، زۆریش ڕازی بوو، چونکە ئەو خۆی ناوەکەی هەڵکەندبوو لووس و خۆشی کردبوو. ئەوان هەموویان بەیەکەوە دار چنارە زلەکەیان بڕیبۆوە، چونکە بە تاکە کەسێک ئەمە نەدەکرا، تەنانەت بە چوار کەسیش نەدەکرا پاشان ئەو خۆی بە تەنیا کارەکەی تەواو کرد.

ئەمە سێهەمین هاوینە ئەو خەریکی وشککردنەوەو داتاشینی دارە، ئەوساکە دەیزانی کە لە ژیانیدا ئەمە باشترین بەلەمە دروستی کردبێ. کاتێ بیری لەمە دەکردەوە بێ ویستی خۆی تووڕە بوو: چ دەبێت ئەگەر ئەوە دوا جار بێ کاری وا بکات؟ ئەگەر زیاتر بژی جارێکی دیکەش بۆ ڕاوکردن بێتەوە دەریا ئەگەر دوو بەلەمی دیکەش دروست بکا کە ئەو هێشتا چاوی دەبینێ و هەستەکانی زیندوون.

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیەدا بانگی بەلەمەکەی کرد: "من تۆم خۆشدەوێ بڕوام پێت هەیە ئەی بەلەمی برا. تۆ زمانی دەریا دەزانی لە ڕەوشتی شەپۆلان شارەزای کە ئەمە لە هێزی تۆدا حەشار دراوە. تۆ بەلەمێکی چاکی لە هەموو ئەو بەلەمانە چاکتری کە دروستم کردوون. تۆ بەلەمێکی گەورەو فراوانی دەتوانی دوو شێری دەریا و گۆلکێکی دەریا هەڵگریٚ، تۆ سەرکەوتن بۆ ئێمە دێنی، لەبەر ئەوە ڕێزت لێ دەگرم، هەموومان خۆشمان دەوێی کاتێک بە شێنەیی لە ژێر باری نێچیرە ڕاو کردووەکانماندا بەرەو کەنار مەلە دەکەی و هەتا لێوارت لە ئاودایە، ئەوکاتەی هەمووان بۆ پێشوازیت دێینە کەنار ئەی بەلەمی برا.

ئەگەر منیش مردم ئەوا لە سەفەری دەریا بەردەوام بە، دوور بڕۆ بۆ ئەو مەڵبەندانەی کە نێچیری زۆرە. ئەگەر مردم لەگەڵ ڕاوکەری گەنج و بە هێز مەلە بکە ئەگەر مردم خزمەتیان بکە وەک چۆن خزمەتی منت کرد.

ئەی بەلەمی برا، تۆ بژی، هەتا ئەو نەوەیەی ئێمە بتبینن ئەوەی ئێستا لە پێشەوە دانیشتووە سەرنجی هەموو لایەک دەدات و سەبری نەماوە: ئەگەر ئەوا ئاو نەبووایە و گیا بووایە یەکسەر ڕای دەکرد و دەچووە ڕاوی مەزن، هەموو شتێکی بۆ خۆی ئەنجام دەدا کارەکان بەم جۆرە دەهاتنە بەر چاوی. تۆ بژی ئەی بەلەمی برا تا ببینی کە ئەویش ڕۆژێ دێ گەنج ببێت ئەوسا لەگەڵتا دێتەوە سەفەری دەریا بۆ شوێنە نزیک و دوورەکان. بەڵام ئەمڕۆکە ئەو یەکەم جاریەتی لەگەڵمان دێتە سەفەری دەریا. ئەمەیان پێویستی سەر شانمانە با ئەو ڕابێ چونکە ڕۆژێ دێت ئێمە کۆچ دەکەین و، ئەویش ساڵانێکی درێژ دەمێنێ. گەر

گەیشتە تەمەنی گەنجی و لە باوکی – ئومرایین – چوو، ئەوا دەبێتە مرۆڤێکی ئاقڵ نەک پیاوێکی بۆش و ڕۆح زل. ئەو ئومرایینەی کە باشترین ڕاوکەرە لە نێو ڕاوکەرەکان، گەنجێکی بتەو و کارایە، منیش ڕۆژانێک وەک ئەو وابووم بە هەمان هێز و توانا، ئەو کاتە ژنانیش خۆشیان دەویستم و وام دەزانی کە تەمەن کۆتایی نایە. بەڵام دواجار مرۆڤ بە دڕەنگەوە دەزانن کە کارەکە بەم شێوەیە نییە. گەنجەکان نایانەوێ ئەم ڕاستییە بزانن ئەوەتا ئومرایین و میلگۆن هەردووکیان هێشتا بیر لەمە ناکەنەوە، با ئێستا وابێ، بەڵام هەر دەیزانن، ئەوان زۆر باش و لە پێکڕا سەوڵ لێدەدەن، میلگۆن هاوتای ئومرایینە، ئای کە دوو کەسی بە سەبر و بە هێزن هەروەک بلێی بەلەمەکە لە خۆیەوە بە ڕێکی دەڕوات. هێشتا کات زۆری بە بەرەوە ماوە ئەوان سەوڵ لێدەدەن و سەوڵ لێدەدەن بە درێژی هەموو ئەو ڕۆژە، تەنانەت هەتا دونیاش تاریک دادێ و دەگەنە بەرامبەر مەمکی سێیەم. سبەی هەر لە بەیانییەوە بە درێژایی ڕۆژ شوێنی ئەوان دەگرمەوە جارێک شوێنی ئەم و جارێک شوێنی ئەو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کارێکی گرانە کە تۆ هەموو ئاوی دەریا بەسەوڵ بهەژێنی ئەگەر لەو سەفەرە بگەڕێنەوە ئەوا جەژنێک ساز دەکەین. ئایا گوێت لێمە؟ ئەوەی بەلەمی برا، تێم دەگەی؟ تۆ بەرەو دوورگەکان هەڵمان دەگری، بۆ مەمکی سێیەم، بۆ مەڵبەندی ڕاوی مەزن ئاخر لە پێناوی ئەوەدایە ئێمە لە دەریا دەدەین لەوێ لە سەر کەنارەکان و تووشی گۆلکی دەریای نێو گەوڕەکان دەبین. بەم نزیکانە زاوزێ دەکەن لەسەر دوورگەکان مێگەل مێگەل کۆدەبنەوە، ئەی بەلەمی برا لە من دەگەی؟ تۆ تێمدەگەی. هەر لەو ساتەوەختەی کە هێشتا دەریات نەدەناسی من قسەت لەگەڵ دەکەم،

ئەوکاتەی تۆ هێشتا لە هەناوی دار چنارە مەزنەکە دەژیای لە دارستان، من تۆم لە سکی ئەو دارە ئازاد کرد، وا ئێستاش بەیەکەوە لە دەریا دەدەین. ئەو کاتەی کە دەمرم لە بیرم نەکەی ئەی بەلەمی برا، ئەو ساتەی کە لە دەریا مەلە دەکەی یادم کەوە..." ئۆرگان ئاوا بیری دەکردەوە لە کاتێکدا کە بەلەمەکەی ئاراستەی هێمای سەرەکی سەر کەنارەکە دەکرد، ئەویش شاخی بەڵەک بوو بە هێلێکی ڕاست بەرەو پانایی دەریا. ئەو شاخە بەردینە خەسڵەتێکی تایبەتی هەبوو، هەر کەسێ بۆ سەفەری دەرچووبی، باسی کردووە، کاتێک کە ڕوانین باش بێت ئەو چیایە وا خۆی نیشان دەدات هەرچەند لێی دوورکەویتەوە ئەو زیاتر گەردەن هەڵدەکێشێ و خۆی بەرز دەنوێنێ هەر دەڵێی سەگە بەڵەک شوێن پێیان هەڵدەگرێ. هەرچەندە تێی ڕادەمێنی شاخە بەڵەک بالاتر خۆی نیشان دەدات. لە پڕێکدا لە پشت کوڕایی ئاوەکە لەچاو ون دەبێت. واتە سەگە بەڵەک بۆ ماڵی ڕۆیشتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وشکایی لە دواوەڕا دوور کەوتۆتەوە. لەو دەمەدا دەبێ بیر بکەیتەوە، بەڵێ دەبێت چاک بەبیر خۆت بێنییەوە: لە کوێ لە کامە لایە سەگە بەڵەک. پێویستە ئاراسەی باو شوێنی خۆر سەبارەت بە چیا بزانی و لە زەینت دابێت، دەبێ تێبینی هەور بکەی. ئەگەر کەش ئارام بێت، بەردەوام دەبێت چاوەدێری دەریا بکەی هەتا دوورگەکانیش، سەرەڕای ئەمانە دەبێ شوێنی سەگە بەڵەکت لە زەین دابێ بۆ ئەوەی مرۆ لە پانایی دەریا وێڵ نەبێ. ڕووەو ئەو دوورگانە دەچوون کە هێشتا ڕۆژە ڕێیەک دوور بوون. ئەو دوورگانە بچووک و بەردەلانی و چۆل بوون ــ سێ پارچە لە وشکایی، وەک سێ مەمکی تاریک لە نێو ئاوێکی بێ کۆتایی بەرز بۆتەوە. هەر بۆیە پێی دەڵێن

سێ مەمکان، مەمکی بچووک، مەمکی ناوەنجی، مەمکی گەورە. ئەگەر مرۆڤ لێیان تێپەڕی ئەوا ڕێک دەچێتە ئەو زەریایەی کە سنووره نییە، ئەو زەریایەی کە ناوی نازانن، بۆ ناو ئەو ئاوە ئەزەلییە مەزنە و نەزانراوەی کە کەس ڕێی پێ نەکەوتووە. ئەم زەریایە هەر خۆی لە خۆیدا هەڵدەقولێ و لە وەتەی سروشت هەیە ئەویش هەیە، لەو کاتەی کە مراوییە لۆڤەر بە قیژە قیژەوە بەسەریدا دەفڕی و دەسووڕایەوە تا شوێنێ پەیدا بکات هێلانەکەی لێ چێ بکات. پنتێکی ڕەق بەقەد ناو لەپ لە هەموو کەوندا چەنگی نەکەوت لێرەدا لەسەر ئەو دوورگانە لەسەر هێڵی جیاکەرەوەی نێوان زەریا و دەریاو لە ڕۆژانی بەهاردا گۆلکی دەریا جێگەو لانەی خۆیان خۆش دەکەن.

بۆ ئەو شوێنە ڕاوکەران سەفەری دەریا دەست پێدەکەن، بەمەستی ڕاوی مەزن بەم ئاراستەیەدا هاتن.

منداڵەکە سەرسام ببوو چونکە دەریای بە بارێکی تر بینی، وەک ئەوە نەبوو کە جاران لە کاتی یاریکردن لە قەد پاڵ و نشێوەکانی سەگە بەڵەک لێی دیار بوو، تەنانەت وەک ئەوەش نەبوو کە لەکاتی گەشتی ناو ئاوی کەنداوەکە بینیبووی لەناو بەلەمدا . ئەو هەر لەو وەختەی لە کەنداوەکەوە کەوتنە ڕێ بەتوندی هەستی کرد لە پڕێکا دەریا فرەوان دەبێت و هەتا چاو بڕ دەکات تا دەگاتە ئاسمان هەموو شوێنێکی داگیر کردووە، کە وادەزانی دنیا تەنها هەر ئاوە. دنیای پان و پۆڕ کیریسکی سەرسام کرد، ئەو پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە دیمەنێکی لەو شێوەیە ببینێت. جگە لە ئاو شتێکی دیکە نییە، ئاوێکی شەپۆلدار و گران. شەپۆلەکان لەناکاودا بەرز دەبوونەوە و بە هێواشی نەدەمان. جگە لە قولایی شتێکی دیکە نییە، قووڵاییەکی تاریک و

ترسناک. جگە لە ئاسمان کە بە هەوری سپی و تەنک و دوور چنراوە هیچی تر نییە. ئەمە گەوهەری هەموو دنیایە، شتێکی دیکە لەمە زیاتر و کەمتر نییە، شتێکی دیکە نییە جگە لە دەریا خۆی، نە زستان، نە هاوین، نە چیا و، نە پێدەشت، ئاو لەم سەرەوە تا ئەم سەری کەونی داپۆشیوە.

بەلەمیش وەک جاران لە ناو شەپۆلاندا مەلە دەکات. هێشتا بوونی ئەوان لەسەر پشتی بەلەم لە چاوەڕوانی ڕاوی مەزندا کارێکی چارەنووسساز و دڵخۆشکەر بوو بۆ منداڵەکە.

بەڵام هەرجێییەک دەبینی و تێبینی دەکات لە دەوروبەری خۆی ـلەناو ئاو لەسەر ئاو- ئەم جارە بەشێوەیەکی بێ بایەخ و کەم سەرنج وەری دەگرتن. چونکە ئەو، هەموو ڕۆح و ئارەزووی خۆی بەتەواوی بۆ شتی دیکە جۆشی سەندبوو.

ئەگەر ئەو دەمە دەمێکی تر بوایە ڕەنگە هەموو سەرنجی خۆی بۆ یاری تیشکی خۆر تەرخان دەکرد لە سەر پشتی ئاوەکە، کە کۆتای نەدەهات و بە چەشنێکی جوان و قەشەنگ لەسەر ڕووی ئاوەکە تەڕاتێنی دەکرد و، وێنەی دەریای بەتێکەڵکردنی ڕەنگەکان دەکێشا لە مۆرێکی کاڵ و سەوزێکی تێرو بۆ تاریکییەکی تۆخ لەسێبەری بەلەمەکە. ڕەنگبێ زۆر بەو ماسییە سەیرو سەمەرانە دڵخۆش بووایە کە بەڕێکەوت لە نزیک بەلەمەکە دیار دەکەوتن. هەروەها ڕەنگە زۆر بە - ماسی سلێمانە - پێکەنیبایە کاتێک بەڕیزبەندی ماسییەکانەوە ڕووبەڕوو دەبوونەوە لەجیاتی ئەوەی پەرشو بڵاو ببنەوە، زیاتر ـلەترسان-شانیان دەدا بەیەک و بازیان دەدایە ناو هەوا و بەردەبوونەوە سەر پشتی ماسییە سلێمانە بە شێوەیەک مرۆڤیان

دەهێنایە پێکەنین.

کیریسک بایەخێکی تایبەتی بەو دیمەنانە نەدا. ئەوانە شتی بێ مانان.

ئەو تەنها ئارەزووی یەک شتی دەکرد: زوو بگەنە دوورگەکان و، خێرا دەستبەکاربن. بەڵام لە ناکاو منداڵەکە دڵ و دەروونی پەشۆکا بە شێوەیەکی سەیر، لەگەڵ ئەوەش بەسەرخۆی نەدەهێنا. چونکە کاتێک لە وشکایی دوورکەوتنەوە، بەتایبەت کە سەگە بەڵەک لە دواوەی ئاوە ڕەش و پشتکوڕەکە بزر بوو، منداڵەکە هەستی کرد کارەساتێکی خەتەرناک لە دەریاوە بۆیان دێت، وردە وردە هەستی کرد بەتەواوی خۆی داوەتە دەست دەریا و بە یەکجار بچووکی و بێ هێزی گەورەی خۆی بەرامبەر سروشتی مەزن.

ئەمەیان سەبارەت بەو شتێکی تازە بوو، لە ساتەدا تێگەیشت سەگە بەڵەک چەند خۆشەویستە لەلای، کە لە مەوبەر هەرگیز بە بیریدا نەدەهات کاتێک کە لە سەرپشتی ئەو شاخەدا زۆر بە دڵنیایی وبێ بایەخانە یاری دەکرد و لە دیمەنی دەریا ڕادەما بێ ئەوەی هیچ هەڕەشەیەکی لێبکات. بەڵێ ئەوساکە دەرکی کرد کە سەگە بەڵەک چەند دڵپاک و بەهێزە و چەند بتەو و سەنگینە لە شوێنی خۆی. ئێستا تێگەیشت کە جیاوازی وشکانی و دەریا چییە. تۆ کاتێک کە لە سەر زەویت بیر لە هیچ شتێک ناکەیتەوە، بەڵام لە ناو دەریا، هەتا ئەگەر هزرت بە شتێکی دیکەشەوە خەریک بێت تۆ هەر بیری لێ دەکەیتەوە. ئەم ڕاستییە منداڵەکەی ناڕەحەت کرد: لەبەر ئەوەی کە دەریا ناچارت دەکات هەمیشە بیری لێ بکەیتەوە، کەواتە شتێکی خەتەر و زاڵ خۆی حەشار داوە.

بەڵام گەورەکان هێمن و لە سەرەخۆ بوون. ئومرایین و میلگۆن وەکو جاران بە ئیقاعێکی ڕێکەوە سەوڵیان لێدەدا و جار دوای جار سەوڵەکانیان هەتا پێیان بکرابایە دوورتر دەهاوێشت و پاشان دەچەمانەوە و سەری خۆیان لار دەکردەوە بە یەک جوولە دەیانهێنایەوە، بەم جۆرە بە سووکی و بێ گرفت بە زنجیرەیەک پاڵدانی ڕێک جوولەیان دەدایە بەلەمەکە.

بە هەرچوار سەوڵەکەیان لە یەک کات لە ئاویان دەدا و لە یەک کاتیش جێیان دەهێشت بەڵام ئەمە تاقەتێکی بەردەوامی گەرەک بوو. کیریسک ڕووی ئەوانی نەدەدیٚ چونکە پشتیان تێی دەکرد، بەڵام دەیبینی کە چۆن ناوشانیان لەگەڵ سەوڵ لێدان ڕادەکشێ و کورش دەبێتەوە. ئەوانە بەدەگمەن نەبێ لەگەڵ یەکتری نەدەدوان. لەگەڵ ئەوەش باوکی لە چەند فرسەتێکدا بە زەردەخەنەوە ئاوڕی لێ دەدایەوە:

(چۆن؟).

ئەوان ئەوها سەفەری دەریا دەکەن. گەورەکان هێمن و لەسەرەخۆن و بڕوایان بە خۆ هەیە. پیرە ئۆرگان قەت وەرس نەدەبوو، مژی لە قەننەکەی دەدا و لە شوێنی خۆیەوە بەلەمەکەی ئاڕاستەکە دەکرد. ئاوا لە نێو دەریا کەوتنە ڕێ، هەریەکێک لەوان بەکاری خۆی سەرقاڵە، لە ڕاستیدا کیریسک دوو جار هەوڵی دا سەوڵ لێ بدات: جارێک لەگەڵ میلگۆن و جارێکیش لەگەڵ باوکی. هەردوو سەوڵ لێدەرەکە بە خۆشییەوە سەوڵەکەیان دەدایێ،" با بچووکیش نەختێ کار بکات"، لەگەڵ ئەوەی کیریسک بەهەردوو دەستی سەوڵەکانی بە زەحمەت پێ دەجوولا، بەڵام هێز یاوەری نەبوو بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێ.

بەلەمەکە زۆر قورس بوو بۆ ئەو و، سەوڵەکانیش گەورە بوون. لەسەر ئەوەی کە نەیتوانی بەردەوام بێ، کەسێک لۆمەی نەکرد و کەسێکیش بەزەیی پێدا نەهاتەوە، بەڵکو هەموویان بەبێدەنگی کاریان دەکرد. ئەو کاتەی سەگە بەڵەک لە چاوان ون بوو لە هیکرِا لەبەر هەر هۆکارێک بێت تەزوویەک بە جەستەیان داهات.

باوکە ڕای گەیاند:

- سەگە بەڵەک ڕۆیشتەوە ماڵێ.

میلگۆن دووپاتی کردەوە:

- بەڵێ، ڕۆیشت.

- کەواتە ڕاستە ڕۆیشت - پیرە ئۆرگان ئەمەی وت و ڕووی بۆ ئەولا وەرگێڕا، مادام کارەکە بەم شێوەیەیە، مانای وایە کاروبارەکان ئاسایی بەڕێوە دەچن. ڕووی لە منداڵەکە کردو بەگاڵتەوە پێی وت: ها کیریسک، دەی بانگی سەگە بەڵەک ناکەی، بەڵکەم بگەڕێتەوە؟

هەموویان پێکەنین، کیریسکیش پێکەنی و پاشان بەدەنگێکی بەرز وتی:

کەواتە دەبێت بەرەو دوا برِۆین، ئەوساکە دێتەوە.-

ئۆرگان بەگاڵتەوە وەڵامی دایەوە:

ئای کە زیرەکی. زووکە، باشترە کار بکەین، وەرە لام چیتر مەڕوانە، چونکە ناتوانی هەموو دەریا ببینیت.

کیریسک لەلای پێشەوە لە جێگەی خۆی هەڵسا و بەسەر کەلوپەلی ناو بەلەمەکەدا: کە دوو تفەنگی "مانشستەر" بەپێستی کەڵەکێوی پێچرابوون، حەربەیەک و پەت و بەرمیلی ئاوی خواردنەوە و لەگەڵ

هەندێک خواردەمەنی و جل وبەرگ بوون، بەسەر ئەم کەلوپەلانەدا بازی دا بۆ لای دواوەی بەلەمەکە، هەرکە گەیشتە سەوڵەکان بەسەر ئەوانیشدا بازی دا، یەکسەر بۆنی ئارەقەی پیاوە بەهێزەکان و تووتن و جگەرەی کرد کەلە پشت و ملیانەوە دەهات. ئەمە هەمان بۆنی جلوبەرگی باوکی بوون کە دایکی هەموو جارێ لەو وەختانەی کە باوکی لە سەفەری دەریا بوو، چاکەتە کۆنەکەی دەهێنا و دەموچاوی خۆی تێدا دەشاردەوە و حەزی دەکرد تێر بۆنیان بکات.

باوکە سەری بۆ کورەکەی لەقاند و هەر بە لاشان پاڵی پێوەنا و، بێ ئەوەی سەوڵەکەی لە دەست بەربێتەوە. بەڵام کیریسک بەو سوعبەتەی باوکی ڕانەوەستا، شتێکی جوانە، هەموویان لەناو دەریادا یەکسانن، لە دەریا، کورو باوک نییە؟، لەدەریا تەنها گەورەو ڕابەر هەیە، ئەو کەسەی کە بەبێ ڕەزامەندی ئەو پەنجەیەکیش ناجوولێ.

ئۆرگان دەستە درێژو پڕ لە دەمارەکانی خستە سەر شانی کیریسک و هێمای بۆ جێگەیەکی تەنیشتە خۆی کرد و وتی:

دانیشە، لێرە لە نزیکی من دانیشە. تۆ دیارە نەختێ دەترسی. لە سەرەتادا کاروبارەکان ئاسایی بوون پاشان...

کیریسیک بێزار بوو، لەگەڵ ئەوەی ڕێزی بۆ پیرە ئۆرگان هەبوو، بەڵام بە ناڕەزاییەوە وتی:

نەخێر ئەی باپیرەم، من هەرگیز ناترسم. پاشان لە چی بترسم؟-

- چۆن ناترسی، تۆ یەکەم جارە لەنێو دەریای.

- جا با یەکەم جاریشم بێ لە دەریا؟ کیریسک خۆی بەدەستەوە نەدا: من لە هیچ شتێک ناترسم.

– شتێکی جوانه، بەڵام من یەکەم جار کە بۆ سەفەری دەریا دەرچووم، کە ئەمە زۆر لەمێژە، دەیسەلمێنم کە دەترسام: سەیرم کرد بینیم کەناری دەریا ماوەیەکە بزر بووە و سەگە بەڵەکیش ڕای کردووە، جگە لە شەپۆل شتێکی ترم لە دەوروبەرم نەدی ئەوساکە هەستم کرد ئارەزووی گەڕانەوە دەکەم بۆ ماڵەوە. ها ئەوە ئومرایین و میلگلۆن، لێیان بپرسە بزانە ئەوان هەستیان چۆن بووە. بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە حاڵیبوونەوە وەڵامیان دایەوە و سەری خۆیان لەقاند لەکاتێکدا بەسەر سەوڵەکانیان خۆیان دەچەماندەوە.

– بەڵام من نا. (کیریسک لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو).

پیرە پیاو لە ترسەکەی هێمنی کردەوەو وتی:

– ئەگەر کارەکە وابێت کەواتە تۆ ئازای. بەڵام ئێستا پێم بڵێ سەگە بەڵەک بۆ کوێ چوو؟

کیریسک بەهۆی ئەو پیرسیارە لە ناکاوە دوودڵ بوو، پاشان بەدەست ئیشارەتی بۆ شوێنەکە کرد.

– ئایا تۆ دڵنیایت؟ ئەدی باشە بۆچی دەستت دەلەرزێ؟

منداڵەکە نەختێک دەستی بۆلای ڕاست خوار کردەوە و دەشیویست بێتەوە سەرخۆی لە دەست لەرزینەکەی.

– ئەولایە!

ئۆرگان بەوەڵامەکەی ڕازی بوو.

– ئێستا وەڵامەکەت ڕاستە. ئەدی ئەگەر ڕووی بەلەمەکەمان لەولایە کرد، سەگە بەڵەک دەکەوێتە کوێوە؟

– ئەولایە!

– ئەدی ئەگەر(با) بەلەمەکەی بەو ئاڕاستەیە سووڕاند؟

– ئەولایە!

– باشە ئەگەر بەلای چەپدا ڕۆیشتین چۆن دەبێ؟

– ئەولایە!

– باشە. ئێستا پێم بڵێ، ئاڕاستەکان چۆن دیاری دەکرێن؟ تۆ بە چاوی خۆت هیچ شتێک لە دەوروبەری خۆت نابینی. تۆ بە ئاو گەمارۆ دراوی – ئۆرگان لەسەر تاقیکردنەوە کەی بەردەوام بوو – دەتوانی ئەمەم بۆ ڕوون کەیتەوە؟

کیریسک وەڵامی دایەوە:

من چاوی دیکەم هەیە.

– چ جۆرە چاوێک؟

– نازانم. لەوانە لە سکمدابێ، بێ ئەوەی بڕوانێ، دەبینێ.

– لەناو سکت! هەرسێکیان دایانە قاقای پێکەنین.

– ئەمەشیان ڕاستە، ئۆرگان وتی: بەڵام چاوەکانت لە سکتدا نییە، بەڵکو لە سەرتدایە.

کیریسک هەرچەندە ڕەزامەندی نیشان دا کە ئەم جۆرە بینینە دەبێ هەر لە سەردابێ، بەڵام لە سەر ڕای خۆی نەهاتە خوارێ.

– لای من لە سکدایە نەک لەسەر.

پاش ماوەیەکی کەم پیرە ئۆرگان دیسان لە نوێوە کەوتە تاقیکردنەوەی.

پاش ئەوەی لە توانای کیریسک دڵنیا بوو سەبارەت بە دیاریکردنی

ئاراستەکان لە ناو دەریا، بە مەیان ڕازی بوو بە کیریسکی وت:

ئەو چاوانەت لە سکتایە خراپ نین.

کیریسک بەو مەدح و پیا هەڵگوتنە لە خۆبایی ببوو، هەر خۆی پرسیاری لە خۆی دەکرد و وەڵامیشی دەدایەوە. چونکە دەریا تا ڕادەیەک ئارامە، گرفتی گەورە دروست ناکات. سەگە بەڵەکی مەزن و دڵسۆز هەمیشە بەبێ دواکەوتن بەدەنگمانەوە دێت. کیریسک بەبێ ماندووکردنی بیرو هۆشی لەبەرچاوی ناوەوەیدا، ئەو چیایە لە شوێنی خۆی بەقەد و قامەت و بارستاییە زەبەللاحەکەی و قەد پاڵە تێکچڕژاوەکانی و بەفرەکانی سەر لووتکە و دامێنە نسارەکانیەوە، بەرز دیار بوو.

شەپۆلە پڕ لە تەوژمەکانی دەریاش لەبەر پێی تێک دەشکان.

ئەو کاتەی کیریسک خەیاڵی لە سەگە بەڵەک دەکردەوە نەیدەتوانی بیر لە شاخەکانی دیکەی دەوروبەری نەکاتەوە. هەر بەبێ ویستی خۆی کەوتە بیر کردنەوەی ماڵەوە و خەیاڵ ناو دۆڵە بچووکەکەی نێو شاخەکانی سەر کەنار.

لەو دۆڵەدا بەلای دارستانەکە و لە سەر لێواری ڕووبارەکەدا خەیاڵی چووە سەر ڕەشماڵ و خانووە دارینەکان و سەگ و مریشک و شوێنی وشککردنەوەی ماسی و دووکەڵ و دەنگە دەنگی کرێکارەکان، لەولاش دایک و خوشکە بچووکەکەی (بسولک) خەریکی کاری خۆیانن.

وێنەی زیندووی ئەوانی بە خەیاڵدا دەهات. هەروەها بە خەیاڵ دەهاتە بەر چاوی کە لەو ساتەدا دەبێت چ کارێک ئەنجام بدەن: ڕەنگە دایکی بە نهێنییەوە بیر لەم و لە باوکی و لە هەمووان بکاتەوە. هەموو

ئەو ڕاوکەرانەی وا لە دەریان. بیر دەکاتەوە و دەترسێ نەبادا ڕۆحە شەڕانییەکان پێ بزانن تێبینی نائارامی ئەو بکەن.

جگە لە دایک دەبێ کێی تر بیری لێ بکاتەوە؟ مۆزلوک. ئێستا بێگومان مۆزلوک خۆی ئامادە کردووە تا یاری لەگەڵ بسولک بکات. ڕەنگە دایک سەرزەنشتی مۆزلوک بکات، چونکە بەبێ ئاگا لەخۆبوون لەوانەیە شتێک بڵێ. یا ڕەنگە بەدەنگێکی بەرز لێی بپرسێ ــ کیریسک بۆ ڕاو چۆتە ناو دەریا- دایکیشی یەکسەر لە دەمی دەداتەوە:"لە بارەی چییەوە ئەوەندە دەرپێسی؟" نازانی بۆ دارستان چووە داران بێنێ " ئەو ساکە کچە بچکۆلانەکەش هەست بەهەڵەی خۆی دەکات و بەشەرمەوە بێدەنگ دەبێ.

کیریسک لەگەڵ ئەو بیر کردنەوەیەدا دڵی بە مۆزلوک سووتا، چونکە مۆزلوک دەیویست بیر لەو بکاتەوە، کیریسک نەیدەویست لەسەر ئەو لۆمە بکرێت.

بەلەمەکە هەروا لە ڕۆیشتن بەردەوامە نەختێک لە نێو شەپۆلەکان نقوم ببوو. لە دەوروبەریدا ئاوی دەریاش، کە بەهۆی هەڵچوونی شەپۆلەکان کە فاوی ببوو، بریسکەی دەدایەوە.

ڕاوکەرەکان بە تەمابوون لەگەڵ نیوەڕۆ بگەنە یەکەم دوورگە، یا هەر نەبێ بەر لە ڕۆژ ئاوا بگەنە ئەوێ (- کە ئەوە نزیکترین دوورگەی سێ مەمکانە - مەمکی بچووک) ئەگەر هیچ گرفتێکیان نەیەتە ڕێ ئەوا دەست بەڕاو دەکەن لەوێ. پاشان لەگەڵ هاتنی شەودا ڕوودەکەنە (مەمکی ناوەنجی) لەوێ شەو دەمێننەوە. بە ڕاستی نیعمەتە لە نزیک کەناری دەریادا، کەنداوێکی ئارام هەبێ بۆ لەنگەر گرتنی بەلەمەکە، ئەگەر ئەم ئێوارەیە بەخت یاوەریان بێت و بتوانن سێ گۆلکی دەریا

ڕاو بکەن، ئەوا بەیانش دیســان دەکــەونە ڕێ و بەبێ خــۆدواخــستن ڕێگەی گەڕانەوە دەگرنەبەر. بەڵام خۆ کاروبارەکان بەهەر شێوەیەک بن دەبێت بەر لە نیوەڕۆ بگەڕێنەوە، لەو وەختــەی کە خۆر بەقەد دوو ئەوەندەی دار چنارێک بەرزتر نیـــیـــە. چونکە دیارە هەرچەندە زوو بگەڕێنەوە و دەریا بە جێ بێڵن، کاروبارەکان باشتر دەبن.

ئەمانە هەمووی لەلایەن پیرە ئۆرگانەوە تاوتوێ کرابوون، چونکە هەمــوو شــتــێک لەلای ئەو حــســابی خــۆی هەبوو. پاشــان هەردوو یاریدەرەکەی (ئومرایین و میلگۆن) یەکەم جاریان نییە دێنە هەرێمی سێ مـــەمکان. ئەوان لەم چەند و چۆنە چاک ســـەریان دەردەچێ. گرنگترین شت ئەوەیە کەش وهەوا ئارام بێت و گیاندارەکان لە نێو لانەکـــانیـــان زوو بدۆزرێنەوە. ئەمـــەیان گـــرنگە. کـــارەکـــانی دیکە هەرچۆنێک دەتوانی ئەنجامیان بدە و هەر کەسێکیش لە کارەکانی خۆی بەرپرسیارە.

پێداویستی ژیان تاکە هۆی دەرچوونی پیرە ئۆرگان نییە بۆ نێو دەریا، ڕاستە پێویستی، پێویستییە و، بەبێ خۆراکی نێو دەریاش ناتوانن بژین، ئەمـــەیان ئاشکرایە بەڵام ئەو بۆ مـــەبەســتــێکی دیکە دەرچووە: ئەویش ئەوەیە کە دەریا سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە، و بەرینی دەریا وای لە پیرە پیاو کردبوو بە تێڕوانینێکی قووڵتر لە کارەکان بڕوانێ.

ئەو هزری شاراوەی هەبوون، چونکە هیچ شتێک نییە لە نێو دەریا لە خۆ بەدەستەوەدان دوورت خاتەوە. ئاخر هەموو شتێک کە لەسەر زەوی کاتت نییە بیری لێ بکەیتەوە، لە ناو دەریا نۆرەی دێت. چونکە هیچ شتێک لێرە بیرە مەزنەکانی سەرقاڵ ناکات. ئەو لێرە، لەناو دەریا

وا هەست دەکات یەکێکە لە کەسەکانی دەریاو ئاسمان. ئەو چاک دەیزانی مرۆڤێک کە لەسەر پشتی بەلەمێکدایە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەریا پان و بەرینەدا، شتێ نییە. بەڵام چونکە مرۆڤ بیر دەکاتەوە و لە شتان ڕادەمێنێ، بۆیە پایەبەرزی ئەو دەگاتە ئاستی مەزنیی دەریا و ئاسمان و، هەبوونی خۆی لەبەردەم سروشتی ئەبەدی دەسەلمێنێ، بەمەش لەگەڵ قووڵی و باڵایی دونیاکاندا یەکسان دەبێت. لەبەر ئەوە هەتا مرۆڤ زیندوو بێت، ئەوا بە ڕوحی خۆی بە هێزە وەک دەریا، بێکۆتاییە وەک ئاسمان. چونکە هزر کردنی ئەو سنووری بۆ نییە، کاتێک دەمرێ یەکێکی دیکە بە دوای بیر کردنەوەکەیدا دەچێ و. دوای ئەویش یەکێکی دیکەو، پاشان یەکێکی دیکە... ئاوا هەتا هەتایە. پێزانینی پیرەپیاو بەم حاڵە شیرینییەکی تاڵی پێ دەدا بۆ ئاشتبوونەوەیەک کە ئەنجامدانی ئاستەمە.

ئەو دەیزانی کە مردن شتێکی مسۆگەرەو، کۆتایی ژیانیشی زۆر دوور نییە، لەوە گەیشتبوو کە مردن کۆتایی هەموو شتێکە. لەگەڵ ئەوەش ـ لەبەر هەر هۆیەک بێت ـ بەهیوابوو قوڵترین شت لای ئەو، خەونەکانی سەبارەت بە (ماسیژن) هەتا ئەگەر لە پاش مردنیش بێت، بێتە دی و لەگەڵی دابمێنن.

ئەو ناتوانێ خەونەکانی بەیەکێکی تر بسپێرێ، چونکە خەون خەڵات ناکرێ. لەبەر ئەو بڕوای وابوو کە نابێ ئەو خەونانە بەبێ شوێنەوار بسڕێنەوە... دەبێ نەفەوتێ. (ماسیژن)ی مەزن نەمرە و هەر ئاواش ئەو خەونانەی بە ئەوەوەش دەبینرێن، نەمرن.

زۆر جاران لە کاتی سەفەری دەریا بە درێژی بیری لەمە دەکردەوە. دەمێکی زۆر بێدەنگ دەبوو و دەچووە خەڵوەتی خۆی، بێ ئەوەی هیچ

قسـەیەک لە گەڵ هاوڕێکانی بکات. بەدەم تێڕامـانی دەریاوە ڕووی لە ئاڕاستەیەکی نادیار دەکرد، تەنها شتێکی لەوان گەرەک بوو ئەویش:

ئایا ناکرێ خەونەکان لەگەڵ خاوەنەکەیدا بۆ دونیایەکی دی بچن، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە بیگێـڕێتـەوە تا ئەبەد؟ کـاتێک وەڵامـی چەنگ نەدەکـەوت، بەدەم ئازارەوە بیـری دەکـردەوە، هەوڵی دەدا بڕوا بەخـۆی بێنێ کە کاروبارەکان بە کەیفی ئەو دەبێ و خـەونەکانیشی، لەبارەی ماسیژن بێن بۆ خۆی دەمێنێتەوە.

... لە ڕۆژگـارێکی دووری زۆر دووردا، لە ڕۆژگـارێکی لەیادکـراودا، سێ برا هـەبوون. لە نزیک شـاخی سـەگـە بەڵەک لەدەم کـەناری دەریا دەژیان. برا گـەورەکـەیان خـێراو گورج و گۆڵ و زیندوو بوو، هـەمیشـە کارەکانی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدا. کچی خاوەن بزنە کێوییەکانی هێنا و پاشان بووە خاوەنی مێگەل و لە(توندرا)دا دەیلەوەڕاندن.

برای بچووک ڕاوچییەکی شوێن هەڵگر و تیرهاوێژێکی لێهاتوو بوو. ئەویش کـچی یەکـێک لە خـەڵکانی دارسـتـانەکەی خـواست و پاشـان چووە (تایگا) لەوێ بووە ڕاوکەر.

بەڵام برای ناوەنجی، ئەو بەدبەخـتـە هەر بەمنداڵییـەوە بە شـەلی لە دایک ببـوو. زوو هەڵدەستـا و درەنگ دەنووست، بەڵام بێ سـوود بوو: ئاخر ئەو ناتوانێت بە دوای مێگەلی بزناندا ڕا بکات، ناشتوانێ لە نێو دارسـتـانەکـان شـوێن پێی حـەیوانەکـان هەڵبگرێ تا ڕاویان بکات، کەسیش کچی خۆی پێ نادات ببێتە خێزانی و براکانیشی لە کەناری دەریای شین بەتەنیا بەجێیان هێشت. لەسەر ئەو ماسییانە دەژیا کە بەچەنگاڵەکـەی دەیگرتن، ئاخـر دیارە دەتوانێ بەو چەنگاڵە چەند

ماسی ڕاو بکات؟...

ڕۆژێکیان، ئەو برا بەدبەختە لە کاتێدا لە ناو بەلەمەکەی دانیشتبوو و چەنگاڵەکەی هاوێشتبووە ناو ئاوی دەریا، یەکسەر هەستی کرد داوەکەی لە ناوی دەستیدا دەهەژێ، دڵی خۆش بوو، نێچیرەکە پێوەبوو، دەستی کرد بە ڕاکێشانی ماسییە گەورەکە و وردە وردە لە بەلەمەکەی نزیک خستەوە. تەماشایەکی نێچیرەکەی کرد ــ ئای لەو سەیر و سەمەرەیە– ماسییەک لە چەشنی ژن خۆی بە ئاوەکە دادەدا و جینگڵ دەخوا و دەیەوێ ڕابکا. جوانییەک وێنەی نییە. جەستەیەکی لووس و بریقەداری زیوین وەک بەردی بنی ڕووبارانی بەر تریفەی مانگە شەو وابوو، هەردوو مەمکە سپییەکانی گۆیەکانیان قیت ببوونەوە هەر دەتوت لەبەری دار کاژ بەرز بوونەتەوە. چاوە سەوزەکانیشی تریسکەیان لێ دەباری.

پەلی ماسیژنی گرت و لە ئاوەکەدا ڕایکێشا ناو بەلەمەکەی، کاتێ دەستی لە ملی کرد و خستیە ناو بەلەمەکە و لەگەڵی ڕاکشا، کاکە شەل لە خۆشییان سەری سوڕما. ئەو ئاگای لە خۆ نەما چی ڕووی دا و چی لێهاتووە بەڵام وای بە خەیاڵدا هات کە بەلەمەکە بەرەو ئاسمان بازی دەداو دەریاش جۆلانەی دەکرد تا دەگەیشتە ئاسمان، ئاسمانیش دەکەوتە جۆلانە تا خۆی لە دەریا دەخشاند. لە ناکاودا بەیەک جار هەموو شتێک ئارام بوەوە، هەر دەتوت دونیای پاش ڕەشەبایە، هەر لەو ساتەدا ماسیژن بازی دایە ناو دەریا و بەمەلەکردن دوور کەوتەوە. کاکە شەلیش کەوتە بانگکردنی و لێی دەپاڕایەوە بەڵکە بگەڕێتەوە، بەڵام وەڵامی نەدایەوە و لە قووڵایی دەریادا بزر بوو.

ئەمە ئەو ڕووداوە ڕوح هەژێنە بوو کە بەسەر کاکە شەلی برا ناوەنجیدا هات، کە هەموویان لەم دەم کەنارەدا جێیان هێشت و بەتەنیا مایەوە.

ماسیژن هەڵات و جارێکی تر کەس نایبینێتەوە، بەڵام کاکە شەل زۆری خەفەت بۆ هەڵکێشا. هەر لەو ڕۆژەوە شەو و ڕۆژ دەچێتە کەناری لماوی و بەدەم گریانەوە بەردەوام بانگی ماسیژن دەکا و لێی دەپاڕێتەوە، ئەگەر لەدووریش بێت خۆی نیشانی بدات.

لەگەڵ کشانی ئاودا دەڕۆیشت و گۆرانی دەچڕی:

*لە کوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*

*لەگەڵ نیشتنەوەی ئاودا دەڕۆیشت و گۆرانی دەچڕی:*

*لەکوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*

لە مانگە شەودا دەڕۆیشت و گۆرانی دەچڕی:

*ئەو دەریایە ـ خەم و پەژارەی منە.*

*ئەو ئاوانە ـ فرمێسکی منن.*

*لە تاریکە شەواندا دەڕۆیشت و گۆرانی دەچڕی:*

*زەوی تاکە سەری منە!*

*لەکوێدا مەلەدەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*

زستان ڕۆیی و بەهار ڕۆیی ئەو هەر لەو بارەدا مایەوە. لە ڕۆژێکی هاوینیدا، کاکە شەلی کلۆڵ بە لێواری دەریادا دەڕۆیشت و هەتا چۆکی لەنێو شەپۆلەکانی هەڵکشانی ئاودا بوو و لە دەریای دەڕوانی ـ بەڵکە لە ناکاودا ماسیژن دەرکەوێت. هەر دەڕۆیشت و بانگی دەکرد بەئومێدی ئەوەی ماسیژن وەڵامێک بداتەوە، بەڵام لەپڕێکا گوێی لە

دەنگی گریانی منداڵێک بوو کە لە ئاوەکانی نزیکییەوە دەهات. منداڵێکی بچووک زۆر بەکوڵ دەگریا. بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە چوو، بڕوای بەچاوەکانی نەدەکرد: لە تەنکاوێکدا کۆرپەیەکی تازەبوو بەڕووتی دانیشتووە، شەپۆلەکان جارێک نوقومی دەکەن و جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە، ئەویش بەدەم گریانەوە بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات: " باوکی من کێیە؟ باوکم لە کوێیە؟ ".

کاکە شەل سەری سووڕما، ئەم بەدبەختە نەیدەزانی دەبێ چی بکات.

کاتێک منداڵەکە ئەوی بینی هاواری کرد: " تۆ باوکمی، لەگەڵ خۆت بمبە من کوڕی تۆم ".

ئەمە ئەوەبوو کە بەسەری هات، کوڕەکەی هەڵگرت و بەرەوماڵ بۆوە.

منداڵەکە زوو هەڵی داو گەورە بوو، وای لێهات بۆدەریا دەچوو. بووە ڕاوکەرێکی بەهێز و ئازا. ئەو منداڵە بەختەوەرانە لە دایک ببوو: تۆڕەکەی دەهاوێشتە ئاو بە پڕی دەهێنایەوە دەرێ، تیری دەهاوێشت، تیرەکەی حەیوانێکی دەریای دەپێکا. ناو و ناوبانگی لەنێو دارستان و شاخەکاندا بڵاو بۆوە. زۆر بەڕێزەوە کچێکی لە خێڵی دارستاکە خواست و چەندین منداڵی بوون، بەم شێوەیە نەوەی ماسیژن زۆر بوون

*لێرەوە لە جەژنەکاندا ئەو گۆرانییەی دەچڕی:*
*لەکوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*
*هەناوی گەرمت ژیان دەبووژێنێتەوە.*
*هەناوی گەرمت لەدەم دەریادا ئێمەی بوو.*

*هەناوی گەرمت باشترین شوێنە لەو کەونەدا .*
*لەکوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*
*مەمکەکانت وەکو سەری گۆلکی دەریا وایە .*
*مەمکەکانت لە دەم دەریادا شیریان بە ئێمەدا .*
*لەکوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*
*بەهێزترینی پیاوەکان بەرەو تۆ مەلە دەکەن.*
*بۆ ئەوەی هەناوت شەوق بداتەوە .*
*بۆ ئەوەی نەوەکانت لە سەر زەویدا زۆربن...*

***

ئەو خەونە بە هێواشی لەسەرەخۆ دێت، وەک ئەو هەڵکشانە ڕادەرەی کە لە قووڵایی زەریاوە، بۆ ماوەیەک زەوییەکانی دەم کەنار و گیا و لمەکان بە ئاوێکی ڕوون دادەپۆشێ.

لە هەموو جارێکدا، خەون، هەستێکی سەرقاڵکەری درێژی بەسەر ئۆرگاندا جێدەهێشت. ئەو باوەڕی بەو خەونە هەبوو، بە ئەندازەیەک هیچ شتێکی لە خەونەکەی لە بارەی ماسیژن لە دونیا بۆ کەسێ نەدەگێڕایەوە، تەنانەت هەر چیرۆکێکش کە لەو بچووبایە لە ژیانی ئاساییدا ڕووی دابێ بۆ هیچ کەسێکی نەدەگێڕایەوە.

بەڵێ. ئەو خەونە هاوڕێیەک بوو کە خۆشی و ناخۆشی، ئێش و ئازاری بۆ ڕۆحی دەهێنا . هەموو جارێک بەبێ کۆتابوونی ناوەرۆک و فرەواتایی و مانا شاراوەکانی لەنێو گۆڕانکارییەکانی خەون و شتە غەریب و ناماقووڵەکانی سەراسیمە دەبوو.

لەنێو تێڕوانینەکانی ئۆرگان بەو خەونانە و، هەوڵدانی بۆ شیکردنەوەی نهێنی نهێنییەکان ـ کە ئەویش ئەو پەیوەندییە

شاراوەیەی نێوان خەون و ژیانی ڕاستەقینەیە کە هەمیشە لە گۆڕاندایە و، هەموو کاتێ بەهۆی نادیاری و نیازەکانی مرۆڤ ئازار دەدات.

ئۆرگان سەرباری ئەم ئازارە ڕوحییە لە ئاست ئەم بیرکردنەوەیە دەوەستا، چونکە هەمیشە حەزی لە بینینی ئەو خەونانە دەکرد و بە خەفەتێکی بەردەوامدا دەچووە ژوانی خەونی ماسیژنە مەزنەکە.

ئۆرگان بەهیوای دیدار دەچووە کەنار، بەڵکە بەرێکەوت لە دەریا بیبینێ، بەچاوەڕوانییەوە لەسەر لە گردبووەکان کە شوێن پێی لەسەر نامێنێتەوە،، بەڵکو سێبەری ڕەش و کپی ئاوابوونی خۆر دایدەپۆشێ، ئەم سێبەرانە هەروەک بەفری ڕەش وابوون کە ئەو بەدەم ئازار و خەفەتێکی پڕ لەجۆشدا بەسەریدا هاتوچۆی دەکرد.

ئەوە لێوان لێو بوو لە جەفای خۆشەویستی، جەفای ئارەزوو و ئاواتەکانی.

بەڵام دەریا گوێ بەم شتانە نادات، چونکە نە با و نە دەنگ و نە هات و هاوار لەو یەکە کڕ و نائارامەدا بوونی نییە. ئەو بەردەوام چاوەڕێ بوو لە دەریا، چاوەڕێی موجیزەیەک، چاوەڕێی دیارکەوتنی ماسیژن.

ئۆرگان دڵی دەگوشرا کاتێ شەپۆلە خامۆشەکان، کەفی سپی هەڵکشانی ئاویان دەخستە بەر پێی. نەورەسە لاڵەکان وەک پارچە بەفری سپی لە ئاسماندا بەسەر سەری بڵاودەبوونەوە بەبێ ئەوەی ژاوەژاو بکەن.

لەم بۆشاییە کەڕو لاڵەدا شوێنێکی بۆ خۆی نەدۆزییەوە لەکاتێکا ئەو دەیویست خۆی لێ حەشار بدا. هەرچەندە چاوەڕوانییەکەی درێژەی

دەکێشا، ئارەزوویێکی بەتین و ژانهێنەر زۆری بۆ دەهێنا، هەتا لە خەونیشدا ئەو هەستی دەکرد لە خراپترین حاڵدایە و لە تەنهاییدا دەمرێت. ئەگەر ماسیژن دیار نەکەوێ و بەچاوانی خۆی نەبینێ ئەوسا دەست بە هاوار دەکات بانگی دەکات، بەڵام گوێی لە دەنگی خۆی نابێ چونکی دەنگی دەرنایە وەک گومبوونی هەموو دەنگێک لەو خەونە سەیرەدا. دەریا کشومات بوو، ئەو تەنها گوێی لە هەناسەبڕکێی بەرزی خۆی دەبوو بە کە بڕوا نەدەکرا لەگەڵ لێدانی دڵی، کە هەمیشە ئارامی نەدەگرت و بە گەورەیی بەرەو لاجانگی دەهات بە جۆرێک تەنگەتاوی دەکرد دەیورووژاند. نەیدەزانی لە کوێ خۆی بشارێتەوە و چۆن خۆی لە زاتی خۆی ڕزگار بکا. بە خەم و حەسرەتێکی سەرشێتانە چاوەڕێی ماسیژنی دەکرد، وەک دواهەمین هیوای کەسێک کە چاوەڕوانی ڕزگاربوون دەکات لە خنکان.

ئەو دەیزانی تەنها ماسیژن دەتوانی ئاسوودەیی پێ ببەخشێ و بەبێ ئارامییەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی دەکرد.

دواجاریش کە لە سەر ئاوەکە دەردەکەوێ، ئەو کاتەی بۆ لای ئەو مەلە دەکات بە دەموچاوی پەنهانبووی نێو شەپۆلان لەو دەڕوانێ، ئەو ساتە بێدەنگی دونیا هەرەس دێنێ و بە هاوارەوە پێشوازی لە هاتنەوەی دەنگەکان دەکات: هاژەی کشانی تازەی ئاو، گڤە گڤی با و دەنگی نەورەسەکان بەسەر سەریەوە. لەو دەمەدا بە شادییەوە خۆی هەڵدەدایە ناو دەریا و دەبووە بوونەوەرێک لە چەشنی نەهەنگ و خێرا مەلەی دەکرد.

ماسیژنیش چاوەڕێی ئەوی دەکرد و بە مەلە بازنەیەکی شەپۆڵداری

دەکـێــشــا. لەســەر ئاوەکــە خــۆی هەڵدەداو بە بازە درێژ و پڕ لە لەرزینەکانی لەسـەر پشتی ئاوەکە بەرز دەبێـتەوە بە ڕووتی جەستەی زیندووی خـۆی دیار دەخـا وەک هەر ژنێکی ئاسـایی بە دوو کەفـەڵی جـوانەوە لە هـیکرا لە دەریا دەردەکـەوێ. ئەوکـاتە ئەویش بۆ لای ئەو مـەلە دەکـا و پێکەوە ڕوو دەکـەنە قـووڵایی زەریا. شـان بەشـانی یەک مەلەیان دەکرد و بەئاستەم جەستەیان لە کاتی جولە خێرا و بە جۆش و گڕ سـەندووەکانیـان لێک دەخشـاند. ئاخـر لـە پێناوی ئەوە دابوو کـە کڵپەی ئارەزووەکان و بێدەنگییان لە تەنیاییدا دەچەشت.

هەنـووکـە ئەوان بە یەکـەوەن، بەمــەلەیەکی خـێـرا و بە هـێـزی لە ڕادەبەدەر بۆ شـوێنە پڕ شنگدارەکـانی شـەوانی زەریا دەڕۆن، ئەو شـوێنەی کـە ڕووناکـیـیـەکی سـەیری لێ دەبریسکایەوە کـە لە ناخی دەریاوە بەرەو هێڵی ئاسۆی پڕ شەپۆل دەردەچوو. هەردووکیـان بەرەو ئەو ئاسـۆیە بە ڕێکەوتن کـە دەستی کەسی پێ ناگات، بە جەسـتەی خۆیان کەفی هەڵچووی شـەپۆلەکانیـان دەبڕی کە بێ پسانەوە بەرەو ڕوویان دەهات. ئەوان لەسـەر ئەو شەپۆڵە لەبن نەهاتووانەدا لە هـەڵبەز و دابـەزینـدا بـوون و خـــۆیان دابـووە دەسـت حـــەزی ئەو فـــڕینـە سـەرسـووڕهێنەرە، جـارێ بۆ سـەرەوە جـارێکیش بۆ خـوارەوە، لە بەرزاییـیـەکەوە بۆ بەرزاییـیـەکی دیکە و لە نشێـوێکەوە بۆ نشێـوێکی دیکە. مانگی زەردیش لە تاقی ئاسمانەوە هاوڕێیان بوو، ئەویش بەدەم و چاوە ئـاوێنەییـیـەکـەوە لـەگـەڵ خـێـرا ڕێ کـردنیـدا هەڵدەبەزی و شـەپۆلەکـانی جێ دەهێـشت، ئـەوان لەگـەڵ مـانگدا پێکەوە سـەرداری پانتـایی ئەو زەریایە بوون کە سنووری بۆ نییـە. ئەوان لـەگـەڵ دەریا و بەس. ئەمە لووتکەی کامەرانی و چێژی سەربەستییە ئەم سەرکەوتنە

بەرهەمی بەیەک گەیشتنیان بوو.

هەردووکیان بە بێ وەستان بەو پەڕی هێزەوە مەلەیان دەکرد خۆیان دابووە دەست سولْتانی ئارەزوویەک کە بەرهەڵستی لێ نەدکرا، بۆ گەیشتن بە جێگایەک لەو دنیایە کە بۆ ئەوان تەرخان کرابوو دوا جاریش ئارەووزیەکی شێتانە لەسەری دەکردن بۆ جووتبوون تا لە تاکە چرکەیەکی تێپەڕدا هەموو شیرینی و تاڵی، سەرەتا و کۆتایی ژیان دەرک پێ بکەن...

ئا بەم جۆرە ئەوان بەو نیازە مەلەیان دەکرد، بە ئاواتی ئەوەی حەزەکانیان خێرا بێتە جێ.

هەرچەندە بەپەلە مەلەیان دەکرد جەستەی تێنوویان زیاتر گڕی دەسەند، ئۆرگان بێ ماندوو بوون مەلەی دەکرد، بە هەموو تاقەتی خۆی بەرەو پێشەوە ملی دەنا، هەروەک ماسی (سلێمانە) کە هەموو وزەی ژیانی تا دوا تنۆک دەخاتە گەڕ کاتێ بەرەو شوێنی جووتبوون دەچێ. ئەو مەلەی دەکرد و لەپێناو خۆشەویستیدا ئامادەی مردن بوو. بەلاّم (ماسیژن) ی مەتەڵ، بە عیشوە و نازەوە ئەوی ڕادەکیشا بەرەو دوورتر و دوورتر، بۆ قووڵایی زەریا، لە فڕین و بازدانەکانی بەنێو شەپۆڵەکاندا بەردەوام دەبوو، لەناو هەورە پڕووشکەو پەلکە زێڕینە بریقەدارەکان بەگەرمیی مرواریانە و خێرایی و سووکی جەستەی، ئۆرگانی سەرشێت دەکرد. (ماسیژن) پەڕەکانی خۆی ــ لەبەر زێدە جوانی خۆی ــ بەڕەنگی شین و سپییەوە دەردەهێناو گێژاوەکەی پێ دەبڕی.

ئەوان لەبارەی هیچ شتێک نەدەدوان، بەڵکو هەر یەکەیان بەردەوام لەوی دیکەی دەڕوانی و هەوڵیان دەدا ڕوخساری نادیاریان لەنێو

پرووشکە و ڕەوتی شەپۆلەکان دیار بخەن.

بەبێ وەستان زەریایان شەق دەکرد، لە چاوەڕوانییەکی پڕ لە حەسرەتدا بۆ هاتنی ساتی مەبەست و گەیشتن بەو شوێنەی کە قەدەر بۆیانی ئامادە کردبوو.

بەڵام ئەوان هەرگیز نەگەیشتنە ئەو شوێنە و ئەو ساتەش قەت دانەهات...

زۆربەی جارەکان خەونەکانی ئەو کۆتای بە هیچ دەهات. هەموو شتێک کتوپڕ بە کۆتا دەهات و وەک دووکەڵ پەرت و بڵاو دەبۆوە. ئەوسا ئەویش بەسەرسامی و دڵێکی تژی حەسرەت دەمایەوە.

ئەو بەڕاستی ئازاری دەکێشا و خەفەتبار دەبوو، بەدەم ناڕەزایی و کەموکوڕیەوە دەیناڵاند. جارێکی دی پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر سەرلەنوێ، دەگەڕایەوە سەر هزر کردنەوەی شتەکان. ئەوەندەی بۆی دەکرا بیری دەکردەوە: ئەو هەموو شتە مانایان چییە، دەبێ چ مەبەستێکی لەپشتەوە بێت؟

ئەو باوەڕی بە نهێنییەکەی هەبوو کە ئەوەی لە خەونەکەیدا بینیوێتی، ڕاستیشی تێدایە. چونکە خەونی ئاسایی ئەگەر مرۆڤ ڕووداوەکانیشی لە بیر بێت، هەر زوو بۆ هەتا هەتایە لە بیری دەچێتەوە.

ئەو شتە پڕو پووچانە مرۆڤی تووشی ژانەسەر دەکەن، چونکە مرۆڤ لە نوستنندا زۆر خەونان دەبینن. بەڵام ئۆرگان هەرگیز (ماسیژن)ی لە یاد نەدەکرد و هەمیشە بیری لێ دەکردەوە، وەک بڵێی بیر لە شتێ دەکاتەوە کە لە ژیانیدا وجوودی هەیە. لەبەر ئەو بەڕاستی کاتێ وێنەی

بەیەکگەیشتن و جیابوونەوە کتوپڕەکەی وەبیر دەهاتەوە لەگەڵ (ماسیژن)، کە لە خەودا بینیبووی، زۆر ئازاری دەچەشت، وەک ئەوەی بەڕاستی ڕووی دابێت.

بەڵام وا ڕوودەدات کە کاتێ کۆتایی خەونەکەی ناخۆش دەبێ ڕوحی ئەویش بە توندی دەشڵەژێ. لەو حاڵەتانەدا ئەو بەدەم حەسرەت و بێ ئومێدییەوەی ئازار دەچێژێ، چونکە هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ ئەو خەونە غەریب و بێ سەر و ئەنجامانە نەبوو. هەندێ جار لە خەونی ئەوەندەی نەدەما بگەنە شوێنی مەبەست، لە دوورەوە کەنارێکیان لێ دیار بوو ئەمە کەناری خۆشەویستی بوو، بە هەموو هێز و توانای خۆیان بە خێرایییەک کە ئارەزووی بەیەکگەیشتن پێی دەبەخشین، بەرەو ئەو کەنارە دەڕۆیشتن، چونکە ئەوان ئامادەبوون خۆیان ببەخشنە یەکتر. کەنارەکە زۆر نزیک بوو بەڵام لە ناکاودا لە ناو ئاوێکی تەنکاودا دەکەوتنە سەر لمی ژێر ئاوەکە، لەو شوێنەدا کە ئاو لە خوار چۆکان بوو مەلەکردنیش کۆتایی دەهات. لە ناکاو ئۆرگان هۆشی دەچێتە سەر شتێک و سەیری دواوە دەکات و دەبینی (ماسیژن) لەو تەنکاوە گێژەلووکە دەخواتەوە هەوڵ دەدات لە دیلیەتی ئەو لمە فریودەرە خۆی قوتار بکات. پیرە ئۆرگانیش کە ئارەقەیەکی ساردی دەرداوە، خۆی هەڵدەداتە لای تا یارمەتی بدات، بەڵام ڕۆژگارێکی تەواو بەسەر دەچێ ئەو هەر لەسەر چۆکان بەرەو ئەو دەڕوا و خۆی بەو نەرمانەی بن ئاوەکەدا دەنووسێنێ، کە لەو زۆنگاوانە دەچێت، هەموو شتێک قوت دەدەن.

هەردوو قاچە بێ شەنگەکەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا کە دەتوت هی خۆی نین چیتر بە خواستی ئەو ناجوولێن.

(ماسیژن) لە تەنیشتیەوە بوو، لەبەر دەستی خۆی تەنها کەمێکی ماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گەیشتنە لای ئەو کارێکی گران بوو. خنکە خنکی پێ کەوتبوو و خیزی قووت دەدا، لە ناو لمە قوڕاوییەکەی بن ئاوەکەدا بەلادا کەوتبووە سەر گیایە ئاوییە لینجەکان، بەڵام لە هەموو شتێ پڕ ئازارتر و سەختتر ئەوە بوو کە بینی چۆن (ماسیژن)ی شۆخ و شەنگ گێژ دەخوا و خۆی لوول دەدا لە کاتیکدا کە لە ناو لمەکەدا گیر بووە.

دواجار بە جەستەیەکی شەکەت و ماندووەوە کاتێک دەگاتە لای بەسەر لێواری کەناردا دەڕوا و توند لە ئامێزی دەگرێت، ئەوساکە بەئاشکرا گوێی لە ترپەی دڵی (ماسیژن) دەبێت کە چۆن لەترسان لێدەدا هەر ئەوەتە شەق نابا. هەر دەڵێی باڵدارێکی زامدارە پاش ڕاونانێکی زۆر گرتوویەتی. بە قۆڵەکانی هەڵی گرتبوو بە توندی بە خۆیەوە نووساند، لە کاتێکدا هەموو گیانی پڕبوون لە بەزەیی و سۆز بۆ (ماسیژن) تا ئەو ڕادەیە ئازاری دەچەشت، هەر دەتوت منداڵێکی لاوازی هەڵگرتووە، لە تاوی دڵسووتانی بۆ ئەو، قورگی پڕ بوون لە هنسکی تیژ و سووتێنەر. لە شەرمی (ماسیژندا) بە زۆری خۆی دەگرت تا نەگری، هەڵی دەگرت و هەناسەی خۆی ڕادەگرت، هاتوچۆی دەکرد هەر دەتوت بەبێ جووڵە لە هەوادا دەفڕێت. لە هەموو هەنگاوێکی دا بیری لەم دەکردەوە. بەڵام (ماسیژن) لێی دەپاڕایەوە بە فرمێسکەکانی هانای بۆ دەبرد بەڵکو بیباتەوە قووڵایی دەریا. (ماسیژن) بەبێ دەنگی و بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەیری ئۆرگانی دەکرد ئەویش نەیدەتوانی بەرهەڵستی بکا بۆیە بە نێو لمەکاندا بەرەو دەریا ڕۆیشت لەوێش لە ناو قووڵایی دەریادا نقوم دەبن

و ئەوسا لەسەرەخۆ دەست لە ملی بەردەدا و ئازادی دەکات.

ماسیژن مەلە دەکا و لێی دوور دەکەوێتەوە ئەویش بە تەنیا و بە حەپەساوییەوە لە کاتێکدا بە نیگای چاوەکانیەوە لێی دەڕوانی بە ئاگا دێت و لە پڕمەی گریان دەدات...

*لە کوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*

*ئەو دەریایە ـ خەمی منە.*

*ئەو ئاوانە – فرمێسکی منە.*

*زەویش ـ تاکە سەرمە.*

*لە کوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟*

ئەم یادکردنە زۆر قورس بوو و گونجاندنی زەحمەت بوو. چونکە دەتوت بەڕاستی ئەو (ماسیژن)ی هەڵگرتووە، هەر خۆشی ئازادی کردووە. ئەو هەموو شتە بۆ ڕوویان دا؟ ئایا دەکرێ هەموو ئارەزووەکانی مرۆڤ لە خەوندا بێتە دی؟ ئەمە لەسەر چی دەوەستێ؟ کێ و چ شتێ لە دوای ئەمە وەستاوە؟ بە چ مەبەستێک و چ حیکمەتێکی تێدایە و بە چ ئامانجێک ئەمە ڕوودەدات؟ کاتێک ئۆرگان لە نێو گەرداوی ئەو مەستانە ون دەبێ ئەم بیرانە لە مێشکی خۆی دەردەکا و دەیەوێ (ماسیژن) لە یاد بکا و بیری نەکاتەوە.

بەڵام ئەو کاتەی بە کارەکەی خۆیەوە خەریک دەبوو، تێبینی ئەوەی نەدەکرد کە چۆن گەڕاوەتە سەر بیرکردنەوەی ئەو شتەی کە بە ئەوەوە پەیوەستن. چیرۆکی ئەو خەونە پڕ سەمەرەیە ژیانێکی تازەی پێ دەبەخشێت کاتێک بە هۆشەوە بیری دەکردەوە سەرامیا دەبوو دەیپرسێ: لەبەر چی بیر لەو شتانە دەکاتەوە ئایا بۆ ئەو لە جێی

خۆیەتی بەو پیرییە ئەو جەفایە بکێشێ بۆ (ماسیژن)ێ کە هەر بوونی نییە؟ سەرزەنشتی خۆی دەکرد بۆ زاتی خۆی دەیسەلماند: ئەگەر(ماسیژن) نەبوایە تاقەتی لەبەر نەدەما. ئێستا چۆتە ناو ساڵ و هێزی جارانی نەماوە، چاوەکانی چاوی زەمانی گەنجییەتی نین، جوانییەکەی باری کردووە ددانەکانیشی هەڵوەریون. هەموو ئەو شتانەی شانازی پێوە دەکردن هەنووکە نامێنن و تێک دەچن. خۆ مردنیش لە پشت شاخەکانەوە نییە، بەڵام دڵەکەی لە لێدان ناکەوێ. ئارەزووکانی وەک ڕۆژانی گەنجی لە دڵدا دەژی کارەسات ئەوەیە ڕۆحی پیر نابێ.

لەبەر ئەوەیە ئەو جۆرە هزرانەی بە مێشکدا دێت ئەو خەونانە دەبینێ، چونکە مرۆڤ تەنها لە هزر و خەونەکانیدا خۆی نەمرو ئازاد دەبینێ. بە هۆی خەونەوە دەچێتە ئاسمان و لە قووڵایی دەریا مەلە دەکا. ئەمە سەرچاوەی مەزنایەتی ئەوە و هەتا ساتی مردنیشی هەمیشە بیر لە هەموو ئەو شتانە دەکاتەوە کە لە ژیاندایە. بەڵام مردن هیچ حسابێک بۆ ئەوانە ناکات ئەو کاری بەوە نییە ئەو مرۆڤە لە ژیاندایە. کاری بەو بیرە نەزۆکانەوە نییە کە ئەو پێی گەیشتوە و بەو خەونانەش کە بینویەتی، بەڵێ، مردن کاری بەوە نییە ئەو مرۆڤە لە ژیانیدا هزری خۆی بە کێ و بە چی خەریک کردووە، ئەمانە هەمووی لای ئەو بێ نرخن. ئەم کارە بۆچی وایە؟ لەبەرچی دنیا بەو جۆرە خەڵق کراوە؟ دەبا (ماسیژن) خەونێک بێ و بەڵام ئەو خەونە تا ئەبەد هەر بمێنێ، تا ئەوێ، لە دنیایەکی دیکە..

ئۆرگان بەو چەشنەی کە بڕوای بە ماسیژن هەبوو هەر ئاواش بڕوای وابوو کە دەریا گوێی لێ دەگرێت لێرەدا ئەو بەئاسانی پشووی

دەدا و بیری دەکردەوە. لێرەدا ئەو ڕوحی خۆی دەڕژاند. هەندێک جار کاتێک هزرەکانی ئاڵۆزی دەکردن لە خۆی دەپرسی: "ئەدی ئێرە ئەو شوێنە نییە کە من و ئەو پێکەوە مەلەمان تێدا دەکرد؟" لەو ساتانەدا قەننەکەی داگرتەوە دایگیرساند.

لەزەتی لە نەکهەی تووتنەکە دەکرد:"ئەم گیایە نوێیە لە کوێدا دەڕوێت، شتێکی خراپە بەڵام ئارامی دەبەخشێتە دەروون..لە مەنشوریا، بازرگانەکان ئاوا دەڵێن. لەوێ دەیهێنن. ئەو مەنشورییایە دوورە. ئاخ کە دوورە، کەسێک لە پیاوانی ئێمە سەفەری ئەوێی نەکردووە. ئایا دەبێ تووتن لەوێ وەک گیای ناو دارستان بڕوێ؟ ئای لەو سەیرە ئەو دنیایە چەندە زۆر شتی لێیە..؟

***

دوای نیوەڕۆ بوو، چەند جارێک خۆر لە پشت هەورەکان بزر دەبوو، ئەو هەورانە لە شوێنێکی دواوەی ئاسۆوە بەرەو ئێرە کەوتوونەتە ڕێ، لەوێدا شوێنێک هەیە کە کەشی خراپ هێلانەی لێ دەکات، ئەوساکە دەریا یەکسەر لێڵ دەبێ لاتەنیشتەکانی تاریک دادێ، هەوای زەریا تاریک و گرژ دەبێت پاشان خۆر دووبارە دێتەوە لە پشت هەورەکان بە درەوشاوەیی تیشک دەبەخشێت.

ئەوسا دەریا لە هەموو لایەک سەما بە تیشکی زۆر و زەبەندی نێو ئاوەکە دەکات، ئەو تیشکە زیندووانەی کە ئەوەندە بریسکەدارە، چاو ئازار دەدات و لەگەڵ ئەوەش شادی بۆ ڕۆح دەگەڕێنێتەوە.

هەرچەندە کیریسک لە دەریا ڕا هاتبوو، بەڕادەیەک خەریک بوو بێزاربێ، بەڵام هەستکردن و سەراسیمەبوون لە پان و بەرینی دەریا کە هەتا چاو بڕ دەکات ڕاکشاوە، هێشتا کاری خۆی لەسەری هەبوو.

ئاخر ئەوان ماوەیەکی زۆرە لە دەریا دەڕۆن کەچی تا ئێستاش لێوارو کۆتاییـیـەکـەی نابینن. لەسەر زەوی هەرچەندە ڕووبەرێکی پان و بەرینیشت لەبەر چاو بێت قەت وەکو ئەوەی ناو دەریا سەرسامت ناکەن.

بەڵام گەورەکان هەرگیز شتێک سەرسامیان ناکەن. هەموو شتێک بەلای ئەوانەوە ئاسایی بوو. ئومرایین و میلگۆن بە هەمان شێوازی جاران لە سەوڵ لێدان بەردەوام بوون، بەبێ گرفت بە سەوڵەکانیان ڕووی ئاویان شەق دەکرد. ئەوان بە بێ وەڕسبوون کاریان دەکرد، هەتا ڕازی نەبوون بۆ کەمە پشوودانێکیش ئۆرگان شوێنیان بگرێتەوە، دەیان وت چاکتر وایە لە گەڕانەوەدا، ئەو کاتەی بارمان پێیە یارمەتیمان بدا، بەڵام ئێستا با لە سەرخۆ بەلەمەکە ڕێی خۆی بگرێ.

پیرە ئۆرگان پیاوێکی مل درێژ بوو، گرێیەکی بەرز لە ناوەڕاستی قورگیدا هەبوو، لە دواوەی بەلەمەکە پشتی خۆی کوڕ دەکردەوە و وەک هەڵۆ چاوەکانی دەبڕییە نێچیرەکەی، کڕ و بێ دەنگ لەناو هزرەکانی خۆیدا غەرق ببوو.

بەلەمەکە بە سووکی مەلەی دەکرد و شەپۆلەکانی دەبڕی. شەپۆلەکانیش وەکو جاران ئاسایی بوون، (با)ش نەوی هەڵی دەکرد و بە تەوژمێکی نەگۆڕ دەهات.

ئاوا لە دەریایان دا...

کیریسک لە ناکاو بەو پەڕی شادییەوە دەستی ئۆرگانی ڕاتەکاند و هاواری کرد:

– باپیرە باپیرە: ئا ئەوەتا دوورگەی مەمکی بچووک...

– ئۆرگان باوەڕی نەکرد، کوا دوورگەکە؟ (بە دەستی سێبەری لە چاوەکانی دەکرد، سەوڵ لێدەرەکانیش بە سەرسامییەوە ئاوڕیان دایەوە ئەولایەی کە منداڵەکە هێمای بۆ دەکرد).

– نا هەرگیز نابێت! (پیرە پیاو بەو وشانە دووا، چونکە کیریسک هێمای بۆ لایەک دەکرد کە تەواو پێچەوانە بوو، بۆ ئەو لایەی کە چاوەڕێیان نەدەکرد).

منداڵەکە درۆی نەدەکرد. چونکە زۆر لە دوورەوە زنجیرە ڕەشاییەکی پێچاوپێچ و وەستاو دیار بوو ڕەنگێکی بۆر و تۆخی هەبوو. وەک پێشەوەی جەستەیەکی ڕەق لەناو ئاودا دیار بوو. ئۆرگان بۆ ماوەیەکی درێژ تێی ڕوانی. پاشان بە دڵنیاییەوە وتی:

– نەخێر. ئەوە دوورگە نییە. بۆ دوورگەی مەمکی بچووک پێویستە بە هێڵێکی ڕاست ڕووەو ڕۆژئاوا بڕۆین. بۆ ئەو لایەی کە ئێستا گرتوومانەتە بەر. ئەمەیان تەواو ئاڕاستەیەکی پێچەوانەیە. ئەمە دوورگە نییە. من وای دەبینم کە ئەمە دوورگە نەبێ.

میلگۆنیش وتی:

– لەمەوبەر ئەو دوورگەیە لەو ناو ئاوەدا نەبووە. ئێمە هەرگیز دوورگەی وامان نەدیوە، مەمکی بچووک لەلای دەستە چەپمانەوەیە، بەڵام ئەمەیان من نازانم چییە.

ئۆمراییینیش وتی:

ئایا ئەوە تەم یا پارچە هەورێک نییە؟ یان شەپۆلێکی کەفدارە بەڵام ئەدی بۆ دەجوولێ؟

ئەمە دەبێ چی بێ، لەوانە تەم یان هەور بێت، کێ دەزانێ؟

لە ئێمەوە دوورە، بەڵام دوورگەش نییە ـ ئەمە ڕای ئۆرگان بوو ـ ئەگەر ئەمە تەم بێ ئەوا کارمان زەحمەت دەبێ.

ئومرایین خۆی بەسەر سەوڵەکەیدا دابوو، وتی:

– هیچ نییە، بەمەرجێ هەوا نەگۆڕێ، ئەوە لە شوێنی خۆی وەستاوە و ناجووڵێ. ئێمە کارمان بەو لایەنە نییە، لەوێ چ دەبێ بابێ.

کیریسک لە سەرەتادا بێ ئومێد بوو، چونکە ئەوەی ئەو بینیبووی شتێکی نادیار بوو، دوای ئەوە هەر زوو ئەمەی لە بیری خۆی دەرکرد. بەڵام ڕاوکەرەکان بە سەهوو نەچووبوون. چونکە دوورگەی مەمکی بچووک وردە وردە لە لای دەستە چەپەوە بەدیارکەوت، لێرە هیچ گومانێک نییە. ئەو گردۆڵکە وشکەی کە دیار کەوتبوو، بەردەڵانی و بۆر و بچووک بوو، بەڕاستی دیمەنی (مەمک)ت بیردەخاتەوە.

بە بینینی دوورگەکە هەموویان بووژانەوە، بەر لە هەمووان کیریسک، خۆ دەریا بێ کۆتایی نییە. لێرەوە خۆشترین شت لەو گەشتە دەستی پێ کرد.

– ئا ئەمە خۆیەتی. ئۆرگان بەدەم ئەم قسەیەوە شەپقەی سەری منداڵەکەی ڕێکخست و لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو:

سەگە بەڵەک ئێمەی گەیاندە ئەو دوورگەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەماڵەوە مایەوە، بەڵام ئێستا بەبێ ئەوەی ڕێگەمان لێ بزربێ گەیشتینە شوێنی ڕاوکردن. چونکە ئێمە ئەومان هەر لەیاد بوو. تۆ ڕات چییە، ئایە ئێستاش پێویستمان بە سەگە بەڵەک هەیە؟

کیریسک بە بڕوایەکی تەواوەوە دووبارەی کردەوە:

– نەخێر پێویستمان پێی نییە. چونکە ئێمە خۆمان دەبینین کە بەکوێدا دەڕۆین. ئۆرگان وەڵامی ئەمی بە دڵ نەبوو بۆیە پێی وت:

– ئەگەر تۆ وا بیر بکەیتەوە، واتە تۆ زۆر بە پەلەپەلی، ئای ئەگەر باش بیر بکەیتەوە.

کیریسک ئەمەی بەئەقڵدا نەچوو. چ پێویستمان بە سەگە بەڵەک هەیە لەنێو دەریاو لە تەنیشت ئەو دوورگەیە؟

– لێرە سەگە بەڵەک چ سوودێکی هەیە؟

– چۆن دەگەڕێیتەوە ماڵەوە؟ بۆ کوێ مەلە دەکەیت؟ بۆ کام لا، بیر بکەوە، زانیت؟ بیری خۆت بێنەوە لەچ لایەک نزیک دەکەوینەوە، لەچ لایەکی دوورگەکە دەڕوانیتە سەگە بەڵەک، ئەو ساکە دەزانیت بۆ گەڕانەوە کامە ئاڕاستە بگریتە بەر. کیریسک بەبێ دەنگییەوە سەری ڕەزامەندی لەقاند، لەگەڵ ئەوەشدا لووت بەرزییەکەی ڕووشا، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت پاش نەختێک بە هەڵچوونەوە پرسی:

– ئەگەر وەختەکە تاریک بوو؟ ئەگەر بە شەو لە دەریا بوون و هیچیان لێ دیار نەبوو ئەو کاتە چۆن؟ ئەو کاتە چۆن بزانین سەگە بەڵەک لە کوێیە و لە کام لایە؟

ئۆرگان لە سەرەخۆ وەڵامی دایەوە:

– باشە ئەو کاتەش لە تواناتدا هەیە بزانی. بۆ ئەو مەبەستە ئەستێرە لە ئاسماندا هەنە. ئەستێرەش فریوت نادەن. هەمیشە بەوردی ڕێگەت نیشان دەدات. ئەوەندە بەسە بە باشی بزانیت هەر ئەستێرەیەک لە کوێدایە. بوارم پێ بدە و وردە وردە فێر دەبیت. باشە تۆ دەزانی ئەستێرەی مراوییە لۆڤەر کامەیە؟

–ڕەنگە بزانم. بەدوودڵییەوە ئەمەی وت لەکاتێکا سەیری باوکی دەکرد. ئومرایین تێگەیشت کە کوڕەکەی لەتەنگانە دایە:

– نەختێکی لێ دەزانێ، ڕۆژێکیان پێم نیشان داوە، بەڵام ئەوەندە بەسنییە پێویستە چاکتر فێر بێت.

ئا بەم جۆرە لە دەریادا دەڕۆیشتن و هێدی هێدی لە دوورگەکە نزیک دەبوونەوە. وای لێهات تاوێرە بەردو زناری دەم قەراخەکە لێک جیا دەکرانەوە. لە دەوری دوورگەکە دەسووڕانەوە و چاویان بڕیبووە دەم کەنارەکان بەڵکەم لانەی گۆلکی دەریا بدۆزنەوە. کیریسک زۆر بەڕژدی سەیری دەکرد، ئەو دەیویست یەکەم کەس بێت مێگەلی حەیوانەکان ببینێ، بەڵام ئاگاداریان کردبوو کە ئەگەر هەر گیاندارێکی ببینێ، هاوار نەکات. ئۆرگان پێی وت، گۆلکی دەریا لە نێو بەردی قەراخەکان لانە دەکەن، لەوێش بۆ خۆ گەرمکردنەوە لەژێر تیشکی خۆر دەچنە سەر وشکایی، پێویستە شوێنی لانەکەی دەستنیشان بکەی پاشان بەدزە بۆ لای بچیت. نابێ خۆتی نیشان بدەی تاوەکو نەورووژێ و نەترسێ. بەڵام کیریسک هیچی نەبینی، کەنارەکان چۆل و هۆل بوون، جگە لەبەردی زەبەلاح، کە ڕۆژگار هاڕیبوونی، شتێکی دیکە نەبوو لەوێ، ئەو بەردانە هیچ شێوەیەکی ڕێکیان نەبوو، لە هەر چوار دەوری دوورگەکەش، کشانی ئاو، بەتاو لە زنجیرەی کەفە سپییە هەڵچووەکانی دەدا، بەردەوام بۆ نێو غەرە بەردە بە بەفر داپۆشراوەکانی ڕادەدان. نەخێر کیریسک لەسەر دوورگەکە شتێکی نەبینێ، تەنها بەرد و هیچی تر نا تەنانەت گیانلەبەرێکیش.

بەڵام میلگۆن یەکەم کەس بوو تێبینی گۆلکەکانی کرد. لەو کاتە کیریسک ڕووی خۆی وەرگێڕا تا ئەو شوێنە ببینێ کە گۆلگەکانی لێیە،

تەواو لەو کاتەدا بەلەمەکە لەو شوێنە دوور کەوتەوە بۆ ئەوەی لە لانەی گۆلکەکانەوە دیار نەبێ.

پیر ئۆرگان تێگەیشت کە کیریسک هیچ شتێکی نەدیوە، لێی پرسی:

– ئایا بینیت؟

منداڵەکە نەیتوانی درۆ بکا، وتی:

– نەخێر نەمبینی.

ئۆرگان فەرمانی دا:

با جارێکی تر نزیک بینەوە. فێربە چۆن لە نێو بەرداندا بیانبینی، ئەگەر نا ناتوانی ببیتە ڕاوکەر.

سەوڵ لێدەرەکان فەرمانەکەیان بەجێ هێنا بەلەمەکەیان گەڕاندەوە شوێنی پێشوو، هەرچەندە ئەمە کارێکی باش نەبوو، چونکە تەنها گۆلکێک هەست پێ بکا و هێمای مەترسی ڕابگەیەنێ، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی هەموو مێگەلەکە بەپەلە خۆیان بکەنەوە ناو ئاوی دەریا.

بەخت یاوەریان بوو گیاندارەکان ئەوانیان نەبینی. چونکە مێگەلەکان هەمیشە لە پشت بەربەستە بەردینەکان لە نێو بەردە نارێک و بڵاوەکان لە تەک ئاوەکە ڕادەکشێن. میلگۆن بە کیریسکی وت:

– سەیرکە، ئەوەتایێ بەردێکی سەر تیژ کە لە کەڵبەیەکی شکاو دەچێت، لەوێ لە نزیک ئەو گردۆڵکەیەکی بچووکی سوور هەیە کە بەفر داپۆشیوە، سەیری نێوانیان بکە. کیریسک تەماشای نێوان بەردە سەر تیژەکە و گردۆلکەکەی کرد، لەو کاتە میلگۆن و ئومراین سەوڵەکانیان دەجوولاند بۆ ئەوەی بەلەمەکە لە شوێنی خۆی لەنگەر بگرێت. لەوێ کیریسک سەر پشتی گیاندارە دەریاکانی بە کلکە

پەڕدارە بە هێـزەکـانیـاوە بینی. پشـتی بۆریان بەڵەک و چەسپ و بریسکەدار بوون. لە دوورەوە لە نێـو بەردەکـان کـەس نەیدەتوانـی لە یەکیان جیا بکاتەوە مەگەر کەسێکی شارەزا بیتوانیبایە. لەو ساتە وەختـەدا نا ئارامی دەروونی کـیریسکی داگیـر کرد، ڕاو دەسـتی پێ کـرد: ئەوانە گـیانداری ڕاسـتەقینەی دەریایین ئەمـەیان نێچـیرێکی قەڵەوە.

کاتێ دابەزینە سـەر کەناری دەریا، منداڵەکە بە حـەماسـەتەوە بە هەستێکی پڕ لە بڕوا بە خۆبوونەوە سەراسیما ببوو: ئەو بڕوای بە خۆ بوو چونکە لەو ساتەدا وای زەن دەبرد کە بە هێزەو خاوەنی کارێکە. سـەریشـی سوڕمـا چونکە دەیبـینی ڕاوکـەرەکـان چۆن بە دیقـەت و بە زەحمەت کارەکانیان ئەنجام دەدەن، چۆن بەلەمەکەیان گەیاندە لێوار و چۆن ئومـرایین و پیـرە ئۆرگـان بەلـەمـەکـەیان لە سـەر لێـوی ئـاوەکـە چەسپ کرد بەهۆی سەوڵەکانیان، لەو ساتەی میلگۆن بە سووکی بازی دایە سەر بەردە لووسەکانی دەم کەنار و پاشان چۆن پەتەکەی خستە سـەر شان و بەلەمـەکەی ڕاکێشـا. هـەروەها لەوە حـەپەسابوو کە چۆن باوکی تفـەنگەکـەی هـەڵگرت و بازی دایە ئەوبەری لێوارەکە، ئەمـیش بە دوایدا چوو بەڵام بـە یارمـەتی پیـرە ئۆرگانەکـە پێ و قـاچیـان بە ئاوی شـەپۆلەکـانی کـەنار تەڕ ببـوون. هـەر ئەو دەمـە گوێی لە باوکی بوو کە بەدەنگێکی نزم هۆشداری دایێ.

ئۆرگان، بۆ چەسپکردنی بەلەمەکە لە سەر پشتی شـەپۆلەکان لە ناو بەلەمـەکەدا مـایەوە ئەوانی دیکە هەرسـێکیـان، ئومـرایین و مـیلگۆن و کـــیـــریسک بـەپەلە بەرەو لانـەکـــان چوون، بە ئـاگـــایی و ســـەرنجی غـەریزەییـیـان، پشـتی خـۆیان کـووڕ دەکـردەوە و دەڕۆیشـتن، بە گـورجی

هەنگاویان لە پەنایەکەوە بۆ پەنایەکی دیکە هەڵدەگرت. کیریسک لەم کارە کەم وکوڕی نەبوو، بەڵام هەستی دەکرد دڵی لە ناو سینەیدا بە توندی لێدەدا و چۆن جار نا جارێک بە هۆی هەستکردنی بە شانازیی و نائارامییەوە سەری دەسووڕا.

ئاخر ئێستا ئەگەر نەوەی (ماسیژن) ببینن کە ئەو لەگەڵ ڕاوکەرە گەورەکان، ڕاوی گیاندارە دەریاییەکان دەکات، ئێستا گەر دایکی ببینێ چەندە شانازی پێوە دەکات، شانازیکردن بە ڕاوکەری مەزنی دوارۆژ و بە خێوکەری خێزان. گەر ئێستا مۆزلوک ببینێ، کە جاران یاری لەگەڵ دەکرد و ئێستا لەمەو دوا کابرا بۆتە ڕاوکەر چیتر یاری ناکات، گەر ببینێ کە ئەو ئێستا دوور لە سەگە بەڵەک و لە کەنارێکی غەریب و ترسناک لە نێو بەرد و تەمۆخی وەحشەت گەردا دزە دەکا بۆ لانەی گۆلکی دەریا. ئەوە گرفت نییە کە تفەنگی وێنشستەر بە دەستی میلگۆن و ئومراینەوە چونکە باوکی بەڵێنی پێ دابوو تفەنگەکەی بداتێ کاتێک وەختی بەکارهێنانی هات.

ئا ئاوا دەڕۆیشتن و بەرەو لانەکان دزەیان دەکرد پاشان لە سەر سک دەخشین و کیریسکیش وەک ئەوان لەسەر ئەو بەردە دڕ و شەختە ڕەقانە خۆی دەخشاند، زۆر ناخۆش و زەحمەت بوو بەڵام کیریسک دەیزانی کە دەبێ کارەکە ئەوهابێ.

لەسەر سک دەخشین و بە هەناسە بڕکێوە ئارەقەیان لێ دەچۆڕا، هەندێ جار بەترسەوە خۆیان مات دەکرد هەندێ جاریش بە چاوەدێری و ورد بوونەوە لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانی.

کاتێک گەیشتنە شوێنی مەبەست و هیچ شتێک نەما، نۆرەی نیشان گرتن و فیشەک تەقاندن هات، جوولەیان لە خۆ بڕی و

هەناسەیان ڕاگرت.

کیــریسک بۆ هەتا هەتایە ئەو ســاتانە و ئەو ڕۆژە بەهارییــە و ئەو دوورگە بەردەڵانییە ساردەی نێو دەریای پان و بەرین کە سنووری بۆ نییە، لە مێشکدا هەڵگرت.

هەروەها بەردە وەحــشــەتهـێن و ســەر ســووره تۆخــەکــانی نێــو دوورگــەکــەی لە زەیندا دەبێ کــە دەتووت هێــزێکی ســەرشــێت هەڵیکەندووە و بە هەموو شوێنێک پەرش و بڵاوی کردوونەتەوە، ئەو زەویشی هەر لە مێشکدا دەمێنێ کە ڕووت و بەستەڵەکە و هێشتا لە دەست بەفــرە ڕاکشــاوەکەی ســەری ئازاد نەبووە. بەڵێ دیمەنی ئەو زەوییــە ســەخت و مــردووەی لە زەیندا چەسپ بوو کــاتێک باوکی و میلگۆن لە تەکیەوە بوون و ئامادەی تەقەکردن بوون. لە پێشەوەش لە ناو لانەکــــــان، تەواو لە ڕۆخی دەریا و لە نێـــــو بەردە نارێک و ڕووخــاوەکــاندا کە بە قەوزە داپۆشــرابوون، با و شەپۆلەکان تێکی دابوون، ئا لەوێدا کــیــریسک زەینی دایە مــێگەلی گــۆلکی دەریا کــە هێشتا بێ ئاگا لە خۆیان هەست بە هیچ شتێک ناکەن و بە هێمنی لە گەورەکــان ڕاکشــاون. کیــریسک هەر لەبەر چاویەتی کە چۆن ئەو ئاسمانی سارد و بە تەم داپۆشراو بەسەر سەریانەوە، لەسەر دوورگە و دەریادایە. ئەو پێی وابوو ئێستا کاتی تەقاندنی یەکەم گوللەیە.

"بەڵکەم بیپێکم". کیریسک ئەوها بیری دەکردەوە کاتێ شانی لە قۆنداغەی تفەنگەکە توند کردبوو کە باوکی پێی دابوو.

لەو چرکە ســاتە کــورتەدا کــە لە مــێــژ بوو چاوەڕێی دەکــرد و بە شانازییەوە خۆی وەک ڕاوکەرێکی ئازا و شایستە دەهاتە بەرچاو، لەو ساتەدا لە ناکاو حەپەسا چونکە پشت و لاتەنگەی ئەو گیاندارە قورس

و قەڵەوانە کە بەژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو دۆڵە بەردەڵانییە چاوەڕێی تیشکی کزی خۆر دەکەن، ڕوون و چاک ناکەونە بەرچاو. بەڵام ئەمە تەنها دوودڵییەکی کاتی بوو، بەبیری هاتەوە کە ئەو ڕاوکەرێکەو خەڵک چاوەڕێی نێچیری لێ دەکەن، ژیانیش بە بێ گۆشت و چەوری گۆلکی دەریا، ژیانێکی پڕ لەبرسێتی و کلۆڵییە.

بیرۆکەیەکی بە زەیندا هات کە دەبێ ئەو یەکەم کەس بێ تەقە بکات بۆ ئەوەی توانای خۆی بەدیار بخات. ورەی بەرز بۆوە و بەتووندی سێرەی گرت هەروەک چۆن باوکی ئامۆژگاری کردبوو ئەوها." سێرەی تفەنگەکەت ئاڕاستەی ژێر پەڕی لای چەپ بکە نەختێک بەلای سەرووی دەستە ڕاستەوە، بۆ دڵی ئەو گیاندارە بەڵەکە زەبەللاحە". لە ناکاو گیاندارەکە وریا بۆوە، هەر دەتووت پێشتر هەستی بەکارەسات کردووە، هەر چەندە ڕاوچییەکانی نەبینی و نەشیدەتوانی بۆنیان بکات چونکە ئاڕاستەی بایەکە لە دەریاوە بەرەو دوورگەکان هەڵی کردبوو. بەڵام کیریسک دەبوایە بەلایەکدا بجوولێ تاوەکو بەچاکی سێرەی لێ بگرێ، ئاخر لەپێشەوە شتێک هەبوو نەی دەهێشت نێچیرەکەی باش لێ دیاربێ، ئەوە سێبەری شتێک بوو. دەبوایە زۆر بەئاگاییەوە بجوولێ، لەو ئان و ساتەدا بەردێک لەژێر ئانیشکی بەتوندی دەرپەڕی و بەرەو لێژاییەکە گلۆر بۆوە و بەر ئەو بەردانە دەکەوت کە دەکەوتنە ڕێی.

گیاندارە بەڵەکەکە لوورەیەکی کورتی لێ دەرچوو و یەکسەر مێگەلەکە هەموو کەوتنە جوولەو بەرەو ئاوەکە بەدەنگە دەنگەوە خزین و خۆیان لە ئاوەکە نقوم دەکرد، لەو کاتەدا لە ئانی کشانەوەی مێگەلەکە دەنگی تەقەیەک هات، ئەوە میلگۆن بوو گۆلکێکی گەورەی

لەلاپەڕی مێگەلەکە پێکا و لەو وەزعە ناهەمووارەی ڕزگارکردن، کیریسکیش شڵەژا.

– تەقەی بکە. ئومراپین فەرمانی پێ دا. قۆنداغەی تفەنگەکە بەتوندی شانی ڕاتەکاند، دەنگی تەقەکە گوێیەکانی کاس کرد و هەموو شتێ لە بێدەنگیدا غەرق بوو. شەرمێکی بێ پایان هەموو گیانی کیریسکی داگرت، چونکە نەی پێکاو ڕاوەکەش بەهۆی ئەوەوە بە ئاکام نەگەیشت، بەڵام باوکی هەر زوو فیشەکێکی تری خستەوە سەر تفەنگەکە.

– خێرا سواری کە و بیتەقێنە.

ئەو کارە ئەوەندە گران نەبوو – سوارکردن و تەقاندن –" جاران چەند بەئاسانی ئەو کارەی دەکرد، ئەو کاتەی تازە فێری تفەنگ هاوێشتن دەبوو " ئێستاش ناکرێ، چونکە باقەنەجمەی تفەنگەکە یەکسەر نەچۆوە شوێنی خۆی. لەو کاتەدا میلگۆن، هەر لەسەر چۆکان دوو فیشەکی تری گرتە ئاپۆرەی گۆلکەکان کە خۆیان دەخلیسکاندە ناو ئاوەکە.

لەسەر لێواری ئاوەکە یەکێکیان بەری کەوتبوو و بە زامداری لەدەوری خۆی کەوتە سووڕان و گەوزین. ڕاوکەرەکان غاریان دا ئەوێ، مێگەلی گۆلکەکانیش لە ئاودا بزر بوون، پێکراوەکەش کە لە لێواری ئاوەکەدا هەوڵی دەدا خۆی بخاتەوە ناو ئاوەکە. ئەو دەمەی ڕاوکەرەکان گەیشتنە شوێنەکەی، ئەویش توانی بچێتە ناو ئاوەکە و دەستی کردەوە مەلەکردن و پەڵەیەکی سووری شەپۆلداری لەدوای خۆیدا جێهێشت و لاقەکانی پێشەوەی بەهێواشی لە قووڵایی دەریای ڕووندا نقوم دەکرد. چاوە زەق و پڕ لە ترسەکانی بە ئاشکرا دیاربوون

و هێڵە مۆرکاڵەکەی بەدرێژایی بڕبڕەی پشتی، هەر لەپشتە سەریەوە تا کۆتایی کلکی دیار بوو. میلگۆن تفەنگەکەی لە شانی هێنا خوارەوە، چونکە تازە بەدواداچوونی گۆلکەکە سوودی نییە.

ئومراییں وتی:

لێی گەڕێ، بەهەر حاڵ لەئاودا دەخنکێ.

بەڵام کیریسک بە دەم تێنوێتی و تێکشکاوی و لە خۆ بێزاری، لە شوێنی خۆی وەستا، ئەو زیاتری لە خۆ ڕادەبینی.

ئەمەیە نێچیری قەڵەو!

منداڵەکە بێدەنگ بوو، دانی بەخۆدا گرت هەتا لە پڕمەی گریان نەدا لە بەر تووڕەیێ. بەو ئەندازەیە سووی لە خۆی دەبۆوە.

– قەیناکە، جارێکی دی بەخت یاوەرت دەبێ (بەم شێوەیە میلگۆن سەر و دڵی منداڵەکەی دایەوە کاتێک کە خەریکی لەتوپەتکردنی گۆلکە کوژراوەکە بوون) ئێستا بەرەو "مەمکی ناوەنجی" دەڕۆین لەوێ گیانداری زۆر هەنە.

کیریسک دەستی بە قسە کرد:

– بەڵی من پەلەم کرد...

بەڵام باوکی قسەکەی پێ بڕی:

– پاساو بۆ خۆت مەهێنەوە، کەس بە فیشەکی یەکەم نابێتە ڕاوچی. ئەو کاتەی کە چاک فێرە نیشان گرتن بووی، ئەوا نێچیرەکەت هەرگیز قوتاری نابێت.

کیریسک بێدەنگ بوو لەگەڵ ئەوەش لە ئارام بوونەوەی سوپاس گوزار بوو، چونکە گەورەکان سەرزەنشتیان نەکرد. ئەویش بەڵێنی بە

خۆی دا جارێکی تر لە ڕاو کردن پەلە پەل نەکات و لە دەمودەستی سێرە گرتن بیر لە هیچ شتێکی تر نەکاتەوە. هەروەک چۆن باوکی فێری کردبوو، ئەوا پەنچەی پێدا بێنێ و گوللەکە بتەقێنێ.

گۆلکەکە گەورەو بە سەنگ بوو، هێشتا ئەوەندە گەرم بوو هەر دەتوت زیندووە.

میلگۆن لە کاتێکدا کە پێستی حەیوانەکەی لە سکی دادەماڵی، دەستەکانی پان کردەوە وەک نیشاندانی ڕەزامەندی، وتی: (بەزەکەی دەبینی؟ چوار پەنجە ئەستوورە، گۆلکێکی چاکە).

کیریسک تووڕەیییەکەی خۆی لە بیرچووبوو، هێدی هێدی یارمەتی میلگۆنی دەدا، ئومراییینیش چووە لای پیرە ئۆرگان تا پێکەوە بەلەمەکە لەنگەر پێ بگرن.

لەپڕێکدا بە هەناسەسواری و بەپەلە گەڕایەوە.

– وەختی ئەوە نییە، پەلە بکەن. هەر سەیری ئاسمانی دەکرد بە بێ ئەوەی ڕووی قسەکانی لە یەکێک بێت: کەش و هەوام بە دڵ نییە. پاش ئەوەی ڕاوکەرەکان گۆلکەکەیان لە هەناودا پاک کردەوە کە جگە لە جگەر و دڵی هەموویان فڕێ دا، لاشەکەیان خستە سەر دارەبازەیەک و بەرەو بەلەمەکە هەڵیان گرت.

کیریسکیش بەهەردوو تفەنگەکەوە بە دوایاندا دەڕۆیشت.

ئۆرگان لە سەر لێواری ئاوەکە لە نزیک بەلەمەکە چاوەڕێی ئەوانی دەکرد، ئەوساتە پیرە ئۆرگان شاد و کامەران بوو.

– با خوای گەورە (کۆرنگ)، گوێی لێ بێ ئێمە چەند دڵخۆشین، چونکە ئەمە سەرەتایەکی باشە. ئەمەی وت لە کاتێکدا چەقۆیە

گەورەکەی لەسەر خوانەکە بەدەستەوە بوو. ئێستا کاتی گرنگترین شتە لە دوای ڕاو کە خواردنی جەرگی گۆلکەکەیە بە خاوی و لە هەمان شوێن.

ئۆرگان لەسەر لاشەکە دانیشت جەرگەکەی پارچە پارچە کرد و نەختێ خوێی پێدا کرد، ڕاوچییەکانیش پارچە جەرگی نەرمیان دەجوو و تام و چێژیان لێ وەردەگرت. جەرگەکە زۆر بە تام و نەرم و گەرم و چەور بوو. لە نێو دەمدا دەتوایەوە بەشلەیەکی چڕ زمانی چەور دەکردی. خەونی کیریسک هاتە دی کە وەک پیاوی ڕۆژی تەنگانە لە ڕاودا جەرگی خاو بخوا.

– بیخۆ، زیاتر بخۆ، (ئۆرگان ئاوا ئامۆژگاری کیریسکی دەکرد) شەو ساردە و ساردتر دەبێ. جەرگ باشترین گەرمکەرەوەیە و یەکەم دەرمانە بۆ هەموو نەخۆشییەک.

ئەمەیان شتێکی چاک بوو کاتێ تەواو تێریان خوارد، یەکسەر ئارەزوویان چووە ئاو خواردنەوە، بەڵام ئاو لە ناو بەرمیلەکەی سەر پشتی بەلەمەکەیە.

ئومرایین، پاش ئەوەی تێریان خوارد دیسان بە نائارامییەوە سەیری ئاسمانی کردەوە وتی:

– پێویست ناکات هەنوکە گۆشتەکە دابەش بکەین.

ئۆرگانیش ڕای وەک ئەو وابوو:

– هێشتا کاتی زۆرمان بە دەستەوەیە.

لەسەری ڕۆیی:

– کاتێک لە دوورگەی (مەمکی ناوەنجی) بارمان دەخەین لەوێ چای

شەوان ساز دەکەین، با ئێستا بارکەین و بڕۆین.

پێش ئەوەی ڕاوچییەکان بەڕێ بکەون لە بیریان مابوو خواردن بە زەوییەکە بدەن، هەر بۆ ئەو مەبەستە دڵی گۆلکەکەیان بە پارچە پارچەیی لەسەر نییەتی خودای خاوەن دوورگەکە، پەخش و بڵاویان کردەوە، بۆ ئەوەی لە سەفەرەکانی داهاتوودا، سەرکەوتنیان لێ نەبڕێ.

ئا بەم جۆرە دووبارە بەڕێ کەوتن و دوورگەی (مەمکی بچووک) کەوتە دواوەی ئەوان.

ئەم دوورگە بچووکە تەنیا و هەتیوە، لە نێو ئەو ئاوە گرژ و تووڕەیەدا، هەستی بەزەیی و نائارامی مرۆڤی بۆ خۆی دەورووژاند.

ڕێگەی ڕۆیشتنیان بەرەو دوورگەی (مەمکی ناوەنجی) بوو. ڕۆژ بەروە ئێوارە دەچوو.

سەوڵ لێدەرەکان بەسەر سەوڵەکانیان چەمابوونەوە هەوڵیان دەدا زوو، پێش ئەوەی تاریک دابێت بگەنە دوورگەکە، لەوێش پێویستە لەسەریان بەلەمەکە لە شوێنێکی پڕ لە ئەمانی سەر دوورگەکە، لەنگەر پێ بگرن. ئەوەندەی نەبرد دوورگەی (مەکی بچووک) لەبەر چاوان ون بوو، هەر دەتوت لە دەریادا نقوم بووە، هێشتا دوورگەی ناوەنجیش دەرنەکەوتبوو. دیسان لە نوێوە لە هەموو لایەک ئاو دەورەی دان. لە کاتێکدا ئەوان بە دوای گۆلکی دەریادا دەگەڕان، سروشتی دەریا گۆڕا، گۆڕانێکی ئاشکرا، شەپۆلەکان لە جاران چڕتر و ڕق ئەستوورتر بوون و بارستایی ئاو هێشتا بەرەو ئاراستەی پێشوو دەچوو، بەڵام با وردە وردە گۆڕانی بەسەردا هات. بەلەمەکە دەلەرزی بە شێوەیەکی توندتر خەریک بوو دەکەوتە جۆلانە.

ئەوەی زیاتر نائارامی دەخستە دڵی ڕاوکەرەکان، ئاسمان بوو. هەڕەشەی بە چی دەکرد؟ شتێکی نادیار و نائاساییە لەم وەرزەی ساڵدا. گەرد و تۆزێک بە هەوادا دەفڕی کە سەرچاوەکەی نادیارە، ئاسمانی بە پەردەیەکی سپی و کشاودا داپۆشیوە، هەر دەتوت دووکەڵە بە هۆی باوە لە ئاگر کەوتنەوەی دارستانێکی دووری نێو جەنگەڵە ڕەشەکاندا بەرز دەبێتەوە.

هەرچەندە ئەو تۆز و گەردە تەنها لایەکی ئاسمانی گرتبۆوە، هیچ کەسێک هەراسان ناکات بەڵام، ڕاوکەرەکان دەترسان.

– لە کوێوە دێت؟ ئۆرگان بە بێزارییەوە لە کاتێکدا سەیری ئاسمانی دەکرد لەبەر خۆیەوە ئەمەی وت.

هەنووکە ئەوان بە دوودڵییەوە بەڕێ کەوتوون لەگەڵ هەر سەوڵ لێدانێک پێشبینی ئەوەیان دەکرد زەوی لەبەر دەمیان دەرکەوێ (دوورگەی مەمکی ناوەنجی) کە لە هەر سێ دوورگەکە ڕەحەتترین و زامنترین دوورگەیە.

لەو وەختەدا لەلایەکی ئاسمان تەم ڕەویەوە و ساماڵی شین دیار کەوت، خۆریش لەوێوە تیشکی دەنارده سەر دەریا، لەوانە ئەو شوێنە لایەکی کەون بێت. چونکە ئەو دیاردەیە زۆر دوور بوو لە حەقیقەت نەدەچوو، بە ئاسانی دەتوانرا سەیری خۆر بکەی بێ ئەوەی چاوت لە بەری بنووقێنی. بازنەی خۆر زۆر بە وردی وێنەی کێشرابوو بە ڕەنگێکی سوور و هەندێ جاریش لەو لایەی کە دووکەڵە سوورەکەی لێ بەرز دەبووەوە سوورییەکەی نەدەما.

ئاسمان دیارکەوت و ڕووناکی و دڵنیایی باڵیان بەسەر دنیای تازەدا کێشا.

ئیتر ئەمە بەس بوو نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بەریدان، پیاوەکان لە دەریادا لە دوورەوە بۆنی شوێنی حەوانەوە و پەناگەیان دەکرد لە سەر دوورگەکە.

ئۆرگان کە کیریسک لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو هێدی هێدی دەستی بە پشتی دادەهێنا و بە مەبەستی هاندانی پێی وت:

- نەختێک چاوەڕێکە ئەوەندەی نەماوە دوورگەی ناوەنجی لە بەر دەممان قیت بێتەوە.

ماوەیەکی درێژ بوو منداڵەکە دەیویست ئاو بخواتەوە، بەڵام دانی بە خۆدا دەگرت، بە چاکی ئامۆژگارییەکانی باوکی جێبەجێ دەکرد، چونکە بەر لە سەفەرکردنیان بۆ دەریا پێی وتبوو کە لە ناو دەریا هەمیشە ئاوی خواردنەوە کەمە و نابێ هەر لە خۆڕا وەک کە لە ماڵەوەی ئاوا ئاو بخۆیتەوە. ئاخر لە هەر سێ دوورگەکە تەنها یەک چاوگەی ئاوی شیرنیش نییە، پاشان نابێت ئاوێکی زۆر لەبەلەمەکە لەگەڵ خۆیان هەڵگرن. ئاو خواردنەوە تەنها ئەو کاتە دەبێت کە هەموویان پێکەوە ڕازی بن و ئارەزووی خواردنەوەی بکەن.

لەو ماوەیەی کە دونیا ڕووناک بوو، ئەو کاتەی کە خۆر لە ئاسۆدا دیار کەوت، منداڵەکە هەستی بە دڵ گەورەیی پیرە ئۆرگان کرد، بە زەردەخەنەوە کاتێ کە سەیری باوکی دەکرد زۆر بوێرانە بە ئۆرگانی وت:

- باپیرە زۆر حەز دەکەم ئاو بخۆمەوە.

ئۆرگان پێکەنی و لە کوڕە گەیشت:

- کەواتە ئاوا. پاش خواردنی جەرگێکی لەو جۆرە ئەوە سەیر نییە.

کارەکە دیارە، ئێمە هەموومان دەمانەوێ ئاو بخۆینەوە، وانییە؟

ئومـــرایین و مـــیلگۆن ســـەریان لەقـــاند و لە شـــوێنی خـــۆیانەوە ڕەزامەندییان نیشـان دا. ئەو هەڵوێسـتەیان کیریسکی دڵخۆش کرد. کەواتە هەموویان دەیانەوێ ئاو بخۆنەوە، نەک ئەو بە تەنها.

مـادامەکی کـارەکە وایە با بە نەختـێ ئاو، ئاسوودەیی ببەخـشینە دەروونی خۆمان پاش ئەوەش قەننەکەی بۆ دادەگیرسێنین.

لەگەڵ دەربڕینی ئەو وشانە، ئۆرگان دەفە دارینەکەی چەسپ کرد و لە ناو بەلەمەکە، سەری بەرمیلەکەی هەڵدایەوە و نەختێ ئاوی لە جامە مـسـەکە کـرد کـە ناوەوەی بە قـەزدیر بۆیە کرابوو. ئاوەکە بێگەرد و سارد بوو، لە کانییەکەی سەر پشتی شاخی سەگە بەڵەک لەبەرامبەر دەریا هێنابوویان. لەوێ سازگارترین ئاو هـەیە، چونکە هەردەم پاک و شـیرینە و هاوینانیش بە بوونی گـیـای ناسک و تەڕایی زەوی بۆندار دەبێت.

کـیـریسک جـامـەکـەی لە ژێر چۆڕایی ئاوەکـە وەرگـرت، بە پەلە و حـەسـرەتەوە بوو تا تێنوێتی بشکێنێ. ئەو کـاتەی ئاوەکـە تا نیـوەی جامەکە هات ئۆرگان چیدی تێ نەکرد و بە کیریسکی وت:

هـا بیخۆوە، پاشان ئەوانی دی دەیخۆنەوە هەروەها پێی وت:

ئاگاداربە لەگەڵ خواردنەوەی هیچ نەڕێژی.

کیـریسک لە سـەرەتادا زۆر بە تـامـەزرۆیی ملی بە ئاوەکـە وەنا بەڵام دوایی وردە وردە لەسـەرەخـۆ ئاوەکەی خواردەوە، ئەوسـا هەسـتی کرد ئاوەکە بۆنی داری تەڕی گرتووە. ئۆرگان لێی پرسـی:

– تێر ئاو بووی؟

- بەڵێ.

لە چاوترِا دیارە کە تەواو تێر نەبووی بەڵام قەیدی ناکە کەمێکی ترت دەدەمێ.

جەرگ خواردنێکی بە هێز و ئاو کێشە. ئەگەر لەسەر زەوی بووینایە دەتتوانی یەک سەتڵی تەواو ئاو بخۆیتەوە. پیرە پیاو بەدەم ئاو تێکردنەوە ئەمەی بە کیریسک وت.

پاشان بە تەواوی تینوێتی شکا. هەستی بەرِاست و دروستی ئەو وشانە دەکرد کە لە دەمی گەورەکان دێنە دەرەوە لەو جۆرە حاڵەتانە: ئۆخەی خۆ ئەو بارە تەنگانەیە کرایەوە.

پاشان بۆ هەر سەوڵ لێدەرێک سێ لە چواری جامەکە ئاوی تێکرد و کیریسک بە خۆی دەیدایە دەستیان. پاش ئەوەی تێری خواردەوە پێی خۆش بوو باوکی و میلگۆن چەندی ئارەزوو دەکەن ئاو بخۆنەوە. بەڵام ئۆرگانی رِابەر وای بەپێویست زانی کە تێی بگەینێ، ئاخۆ لەبەرچی بۆ هەر یەکەیان سێ لە چواری جامەکە ئاوی تێ کردووە:

تۆ هێشتا جەستەت بچووکە و، بەڵام ئەوان تۆ سەیریان کە چەند گەورەنە و کارەکەیان چەند گران و تاقەت پرِووکێنە، کاتێک سەوڵ لێبدەی زیاتر پێویستت بە ئاو دەبێ.

ئەمە رِاستە، ئەوەتا سەوڵ لێدەرەکان بەیەک بێن ئاوەکەیان هەڵ قورِاند بۆیە ناچار بوو جارێکی دی بۆیان تێکاتەوە. ئەوجارە ئۆرگانی رِابەر وای بە باش زانی ئاگاداریان بکاتەوە:

- ئێوە ئەی برایان، زۆر مەخۆنەوە، خۆ لەدەم ئاوی رِووبار نین.

ئومرایین و میلگۆن بەدەم زەردەخەنەوە وەڵامی ئۆرگانیان دایەوە:

– دەزانین بەڵام چارمان نەبوو، زۆر تێنوو بووین.

لەو دەمەی ئۆرگان بەشی خۆی خواردەوە، سەری خۆی لەقاند و بە گاڵتەوە وتی:

– بەڵێ، خراپ نییە لەسەر لێواری ڕووبار دابنیشی. ئەو جەرگە خاوە زۆر چەور و ئاوکێشە... پاشان قەنەکەی داگرتەوە و ئاگری بەردایێ، مژی لێ دەدا و لەزەتی لە دووکەڵەکە وەردەگرت، هیچ گومانی نەبوو لەوەی کە لە ژیانیدا خۆشی وای نەبینیوە.

کیریسک یەکەم کەس بوو کارەساتەکەی بینی!

***

بەرلەوە ساتەوەختێکی خۆش باڵی بەسەریاندا کێشابوو. ئەو دەمەی هەموو هەستیان بەرەزامەندی و کامەرانی دەکرد پاش ئەوەی گڕی تینوێتییان شکاندبوو.

گۆلکی یەکەمیان ڕاو کردبوو، پاش تۆزێکی تر کە گەیشتنە دوورگەکە دەحەسێنەوەو بەیانیش ڕاوی گەورەی ئاژەڵە دەریاییەکان دەست پێدەکەن. پاش ئەوەی ڕاوەکەیان تەواو کرد ئەوسا یەکسەر دەگەڕێنەوە ماڵەوە بەبێ خۆ تاخیرکردن. هەموو شتێک بەپێی خواستی ئەوان بەڕێوە دەچوو.

بەلەمەکە هێشتا وەک جاران هێرشی شەپۆلەکانی شەق دەکرد. پیرە ئۆرگان لەدواوە دانیشتبوو و بەقەنەکێشانەوە بەلەمەکەی ئاراستە دەکرد و لەوانە بیر لە (ماسیێ ژن) بکاتەوە. ئومرایین و میلگۆن بەلێهاتوویی سەوڵیان لێ دەدا. سەوڵەکانیان بە جوولەیەکی ڕێک دەنواند پێت وابوو کارەکە هەروا ئاسان و سادەیە، ئەوان زۆر بەجوانی سەوڵیان لێدەدا و کیریسکیش بەبێ ویستی خۆی لێیان

ڕادەما. لە ناکاودا بەگرنگی پێدانێکی منداڵانەوە سەرنجێکی دانێ، هەر تەنها سەرنجێک و بەس. کیریسک ئەوانی خۆشدەویست، بێ ئەوەی پێ بزانێ هەستی بەشانازی دەکرد چونکە لەو سەفەرە گرنگە لەگەڵ ئەواندایە. کیریسک نەیدەتوانی وێنەی ئەو خەڵکە، جگە لەو بارەی کە تێیدان، بە جۆرێکی دیکە بکێشێ.

پیرە ئۆرگان هەمیشە و لە هەموو کاتێک هەر ئەو پیرە ئۆرگانەیە کە قورگ بە گرێ و مل درێژ و باڵێکی ئاڵۆز و درێژی وەکو ڕەگی دارو دوو چاوی فرمێسکاوی هەیە. ئایا دەشێ بەشێوەیەکی دی بێت؟ ئایا ژیان بەبێ هەبوونی پیاوی پیر وجودی هەیە، بەبێ ئەو مرۆڤەی هەمووان ڕێزی لێ دەگرن. سەیرە ئایا دەشێ ئەوە ببێ؟

دایکی هەموو جارێ دەیوت کیریسک زۆر بە باوکی دەچێت، کاتێ کە گەورە بوو دەبێتە ئومرایین.هەروەها دەیووت چاوەکانی هەمان چاوی ئومرایینە، هەنگوێنیە لەڕەنگی بەڕوو، ددانەکانی ورد و بتەون هەروەک ددانی ئەو، هەردوو ددانی پێشەوەی نەختێک بۆ پێشەوە دەرچوونە. هەروەها دەیوت ڕدێنی وەک هی باوکی، ڕەش و چڕو قاییمە. ئاخر هەر لە خۆڕا نەبوو کە ناوی لە باوکی نابوو ئومرایین ڕیشە.

ئەو کاتەی کە کیریسک منداڵ بوو، هێشتا بەڕووتی لە ڕووبارەکە مەلەی دەکرد، دایکی نەقورچەیەکی لە کەلەکی خوشکە بچووکەکەی دەگرت و پێی دەوت:

سەیرکە، سەیرکە تەواو وەک هی ئەوە. ئەوان دەیانزانی سەیری کوێی دەکەن، پاشان ئەوەندە پێکەنین هەتا لە شوێنی خۆیان بەربوونەوە و بە چرپە چرپەوە لەگەڵ یەکتر دەدوان. دایکی دەیوت ئەو

کاتەی کیریسک گەورە دەبێت، ئەگەر نسیبی لە ژنێکی وەک من بێت، ئەوا ئەو ژنە قەت پەشیمان نابێ و لە بەختی خۆی ڕازی دەبێت، چونکە لەمە دەگات. ئەو کاتە کیریسک بیری دەکردەوە، بەڕاستی غەریبە دەبێ کێ بێ ئەو کەسەی ڕازی دەبێت و ڕازی بوونەکەی چۆنە؟ دەبێ لە بەرچی ئەگەر ئەو وەک باوکی لێ بێ ژنەکەی لێی ڕازی دەبێت؟

ئەوەتا لە پێشەوەی بەلەمەکە دانیشتووە و سەوڵ لێدەدات، ددانێکی سپی و ڕیشێکی ڕەش، ناو شان پان و لەخۆ ڕازی، سروشتێکی ڕێک. کیریسک قەت بە بیری نایەت کە باوکی جارێک بەسەریدا هاواری کردبێ و یا نازی هەڵگرتبێ یان وەک ئەوانی دی پارێزگاری لێ کردبێ. بەڕاستی چاوەکانیشی وەک بەڕووی گەیی وا بوو. میلگۆنی کوڕە مامی لەپشت ئەو لەکن سەوڵەکانی دانیشتبوو. ئەو دوو ساڵ لە باوکی بچووکتر بوو. لەگەڵ ئەوەی کوڕە مامیشی بوو بەڵام تەنها کەمێک ڕدێنی تەنک و سمێڵێکی قیتی هەبوو وەک سمێڵی ئەسپی دەریا وابوو لە ڕاستیدا ئەو خۆشی لە ئەسپی دەریا دەچوو.

میلگۆن هەرکاتێک تێبینی شتێکی بکردایە کە لە جێگەی خۆی نییە گفتوگۆی لەسەر دەکرد. ئەو سووکایەتی پێکردنی قبووڵ نەدەکرد هەر بۆیە جارێکیان لەگەڵ بازرگانێکی گەڕۆک بەشەڕهات، کەسو کارەکەی هەموویان ناچار بوون داوای لێبووردن لە بازرگانەکە بکەن و دڵی چابکەنەوە. بەڵام میلگۆن نا، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو داوای لێبووردن بکات.

هەرچەندە میلگۆن باڵای کورت و کووڕ بوو هاواری دەکرد و دەیگوت: ئێستا ڕاستیت بۆ دەسەلمێنم. لەو دەمەدا ئەو سەرخۆش بوو

چونکە ئەهلی خواردنەوە بوو. چەند کەسێک لە نێوانیاندا ئومرایین هەوڵیان دا بەرزەفتی بکەن، بەڵام زۆر زەحمەت بوو چونکە میلگۆن بەقەد ورچێ بەهێز بوو.

میلگۆن بۆ کیریسک وەک مام وابوو و هاوڕێی باوکیشی بوو، هەمیشە پێکەوە دەچوونە ڕاو، چونکە هەردووکیان پیاوی سەر ڕاست و ڕاوکەری چاک بوون. کوڕەکەی میلگۆن هێشتا زۆر بچووک بوو تازە فێری ڕاکردن ببوو، دوو کچی گەورەتری هەبوو، کیریسک هەرگیز نەیدەهێشت کەس هەراسانیان بکات بە ڕادەیەک هیچ کەس نەدەوێرا دەستیان بۆ ببا. دایکی کیریسک گیانی خۆی قوربانی ئەو کچانە دەکرد. زۆر جاران بۆ یاریی کردن دەهاتنە لای بسولک.

لەنێو کچەکان مۆزلوک لە هەمووان جوانتر بوو، بەڵام جێی داخە دەڵێن کە تەواو گەورە بوو دەیدەنە خەڵکانی دەوروبەر، ڕەنگە بڕیار بدەن لێیان دوور نەکەوێتەوە.

کیریسک لەسەر کەناری دەریا بە دەگمەن بیری لەم شتانە دەکردەوە، بەڵام ئێستا لە دووری ئەوان هەموو شتێکی ئاسایی سەبارەت بەوان بۆ ئەو مانایەکی هەبوو کە جاران وانەبوو. لە پڕێکا ئارەزووی چوونە ماڵەوەی بە گیاندا هات، بۆ ئەوێ، لەوێ لە پشت شاخی سەگە بەڵەک و لە دۆڵی ڕووبارەکە لە سەر تخووبی دارستانەکە کە ماڵی نیفخییە کەنارییەکانی نەوەی (ماسیژن)ی لێیە.

ئارەزوویەکی توند بۆ چوونە لای دایکی بە جۆرێک دڵی دەگوشی. بەڵام ئەوان لە قەراغی خۆشەویست، لە سەگە بەڵەک زۆر دوور بوون کە لەوەتەی هەیە لەم قەراغ دەریایەدا ڕادەکات. کیریسک لە کاتێکدا کە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، کەمێک خۆی خوار کردەوە وەک

ئەوەی تەئکید لە شتێک بکاتەوە، شتێکی چاوەڕوان نەکراوی بینی.

دیوارێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی لە تەمومژێکی چڕ لە نێو دەریا بەرەو ڕوویان دێت، وەک دوو زمانی زەبەللاحی بەیەکەوە نووساوە و نیوەی ئاسۆی داپۆشیوە. تەمەکە دیاربوو نزیک دەبۆوە لە کاتێکدا بە توندی لە سەر ڕووی ئاوی ڕەش هەڵدەستا و بەرز دەبۆوەو دەیویست هەموو بۆشاییەکانی سەر ڕووی زەریا داگیر بکات. دەتوت بوونەوەرێکی زیندووە خۆی نەوی دەکات و وەک حەزیایەکی یەکجار گەورە دەیەوێ بیانگرێ و بە بەلەمەکە و هەموو دونیای دیارو نادیار قووت بدات. تەمەکە لەو لایەوەڕا دەهات کە کیریسک شتە نەناسراوەکەی لێ بینیبوو، کە بارستایەکی بۆری خۆڵەمێشی بەردەوام بوو لە ناو دەریا. ئەو وای زانی ئەمە دوورگەیە لە دوورەوەڕا دیارە. هەنووکەش ئەو هەموو بارستاییە زەبەللاحە پفدراوە لە بەرچاوی ئەوان دەخشێ و بە کشوماتی و بەبێ وەستان بایەکی بەهێز ڕووەو ئەوان پاڵی پێوە دەنێ.

- سەیرکەن، سەیرکەن، کیریسک بەترسەوە هاواری کرد.

هەموو واقیان وڕما، بەلەمەکە لە چرکە ساتێکدا لەسەر شەپۆلەکان بەبێ دەستی ئەوان کەوتە هەژان. هەر لەو دەمەدا دەنگی ترسناکی شەپۆلێکی مەزن لەژێر پەردەی تەمێکی چڕی هەڵچوو، دەهات. ئەو شەپۆلە بەسەر یەکدا گلۆر دەبۆوەو دەڕۆیشت و لەگەڵ ئەودا هاژە هاژی قەڵبەزەی ئاوی فوودراو و زەبەللاح دەهات کە لەوە دەچوو وێرانکەر بێ.

- ئاراستەکەی بگۆڕە - ئۆرگان بە نائومێدییەوە هاواری کرد- ڕووی لە شەپۆلەکە بکەن. ئەوەندەی نەمابوو هەردوو سەوڵ لێدەرەکە بتوانن ڕووی بەلەمەکە ئاراستەی شەپۆلەکە بکەن، هەروەخت بوو

لەگەڵ یەکەم تەوژمی ڕەشەبا بەلەمەکە وەرگەڕێ. شەپۆلەکە هێرشی دەهێنا و لە دواوەی خۆیدا تووڕەیی دەریای جێ دەهێشت لەو دەمەدا تەمەکە گەیشتە جێ، لەو ساتەی نێوان ئەوان و بەرایی تەمە داگیرکەرەکە کەمێکی مابوو، بارودۆخەکە تەواو لەبەر چاوان دیار بوو کە بە چ هێزێکی گرژ و بە چ سور بوونێکی دڕندانەو خێرا ئەو تاریکاییە زیندوو هەڵچووە دەجوولێتەوە. کاتەکە بای ئەوەی دەکرد ئۆرگان هاوارێک بکات:

– ئاراستەی بایەکەتان لە بیر نەچێ.. ئاراستەی بایەکەتان لە بیر نەچێ..

هەموو شتێک لە تاریکییەکی مەنگ و سەختدا نقووم بوو. تەمەکە وەک لافاو دایپۆشین و لە بۆشاییییەکی بێ قەرار لە تاریکییەکی ونی کردن. لە ناکاو و لە یەک چرکەدا، چاوەکانیان لە دونیایەکەوە چووە دنیایەکی تر. هەموو شتێک ون بوو لەو ساتەدا نەئاسمان ما و نەدەریا و نەبەلەم، هەتا نەیان دەتوانی دەموچاوی یەکتریش لێک جیابکەنەوە. لەو وەختەدا نەیان دەزانی ئارامی چییە چونکە دەریا بە شێوەیەک هەڵچوو بوو و شەپۆلەکانی بەلەمەکەیان بڵند و نەوی دەکرد، جارێک بۆ سەرەوە هەڵی دەداو جارێکی تر بۆ بۆشایی نێوان دوو شەپۆل دەیخستە خوارەوە.

جلەکانیان بە هۆی پرووشکە ئاوە هەڵبەزیوەکان تەڕ و قورس ببوون.

کارەساتی گەورە ئەوە بوو کە پیاوەکان نەیاندەتوانی لەنێو ئەو تەمە چڕەدا، هیچ شتێک لە دەوروبەریان ببینن و هەست پێ بکەن. نەیاندەزانی لە ناو دەریا چ ڕوودەدا و پێویستە چی بکەن. تەنها یەک

شتیان بۆ مابۆوە: هەوڵدان بەبێ وەستان و بە هەر ڕێگەیەک بێت تەنها بتوانن هاوسەنگی بەلەمەکە بپارێزن و لێنەگەڕێن لە ناو ئاودا وەرگەڕێ. هەنووکە ناکرێ باسی هیچ ئاراستەیەک بکەن تا بەلەمەکە ڕووی تێکات. شەپۆلەکان بە کەیفی خۆیان بەلەمەکە هەڵدەگرن و بۆ شوێنێکی نادیار و بۆ ماوەیەکی نادیار دەیبەن.

کیریسک پێشتر گوێی لێ ببوو کە زۆرجار کارەساتی وا ڕووی داوە و ڕاوکەرەکان تووشی کەش و هەوای نالەبار دێن. جاری وا هەیە بۆ هەتا هەتایە ون دەبن، ئەوساکە ژن و منداڵەکانیان لە تاوی خەم و پەژارەیاندا و لە چاوەڕوانییەکی بێ ئومێدانەدا، بۆ ڕۆژانێکی زۆر ئاگر لە سەر بەردی شاخە بەڵەک هەڵدەگیرسێنن: ڕەنگە وابێ.. بەڵام ئەو وەختە نەیاندەتوانی وێنای ئەو کارەساتە بکەن کە چەند ترسناک و پڕ لە وەحشەتە.

– مردن لە نێو پانایی دەریا، زیاتر لەوەش ئەو بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ئەو تەمە ئاشتی پەروەرە، مێوانی زستانی کڕو بێدەنگ کە زۆر حەزی لە بینینی دەکرد کاتێ شتەکانی سەر زەوی وا دەهاتنە بەرچاو، دەتوت دەیانەوێ وەک شەبەح بفڕن لە نێو هەوادا.

ئەو کاتەی مرۆڤ لە هەستی ترسناکی دوودڵی پڕ دەبێ و خاوبوونەوەیەکی خۆش لە چاوەڕوانی تارماییەکی ئەفسانەییدا مەست دەبێ، ئەو ساتە نازانێ کە دەشێ ئەو تەمە ببێتە دوژمنێکی مەترسیدار و خۆسەپێنەرە بەسەر هەموو شتێکدا.

گەردەلوولی تەمە تاریک و خشۆکەکە هەندێ جار لێک دوور و هەندێ جار نزیک بەیەک لەسەر ڕووی ئەم دەریایە سەرشێتە مەلەی دەکرد و جوولەی مارێکی بزۆزی بیر دەهێنایەوە.

کیریسک بەگرژییەوە خۆی بە لاقی ئۆرگانەوە نووساندبوو، لەترسان خۆی بە کورسییەکەیەوە قرماندبوو.

– خـــۆت بە من بگرە – توند بمگرە، ئۆرگـــان ئاوا لە بن گـــوێی کیریسک هاواری کرد، ئاخر نەیدەتوانی لەمە زیاتر بۆ منداڵەکە بکا و بڵێ.

کـەسـیش نەبوو لە ترسی ئەو کـەم بکاتەوە، چونکە هەمـوویان لە بەرامـبـەر ئەو سـروشـتـە هەڵچـووەدا یەکـسـان بـوون. هەتا ئەگـەر کیریسک هاواریشی بکردایە یان لەپرمەی گریانی دابایە یان داوای یارمـەتی لە باوکی بکردایە، ئەوە خـۆ ئومـرایینیش لە شـوێنی خـۆی نەبزووت. چونکە بەلەمەکە تەنهـا بە هەوڵ و سەوڵ لێدانی مـیلگۆن و ئومـرایین هاوسـەنگی خـۆی دەپاراست. ئەوان پێـشـتـر دەیان زانی شەپۆلەکان چۆن دێن و دەگەڕێنەوە.

شـەپۆلەکـان بەبێ وەسـتـان بەلەمـەکـەیان بۆ ناو تاریکی تەمە چڕەکە هەڵدەگـرت. ئۆرگـان لەلای خـۆیەوە هەر هـەوڵی ئەوەی دەدا بەلەمـەکـە بەهۆی دەفە دارینەکە بەشێوەیەک ئاڕاستە بکات کە هاوسـەنگی لە دەست نەدات. بـەڵام هەرچەندە دوور دەکـەوتنەوە ڕەشـەبایەکە تـوندتر هەڵی دەکـرد. ڕەنگە نیـوە شـەو داهـاتبێ، بەڵام زۆر زەحـمـەت بوو لەو تاریکـیـەدا تێـپـەڕبوونی کـات دیار بکرێ و بەهۆی ئەو تاریکـیـە ئەنگوستە چاوە نەیاندەتوانی بزانن داخوا شـەو داهاتووە یان نا. لەو تاریکیەدا کاتێکی زۆر بەسـەر ملـملانێی بەردەوام و تاقەت پڕووکێنی نابەرامـبـەردا تێپـەڕی کـە تا ڕادەیەک نائومـێـد ببـوون لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ڕزگـاربوون. بەڵام لـەگـەڵ ئەوەشـدا ئومـێـدی ئەوەیان هەر مـابوو بەڵکە ڕەشـەبایەکە ئارام ببێ و وەک چۆن لە هیکڕا هەڵی کرد

ئاواش لە پڕێکا کپ ببێتەوە و تەم و مژەکەش بڕەوێنێتەوە. ئەو کاتە دەتوانن بیر بکەنەوە و بزانن چییان بەسەر هاتووە. لە ناکاو خەریک بوو ئەو ئاواتەیان بێتە دی، لە چرکەساتێکدا ڕەشەبایەکە ڕووی لە کزی کرد و توند هەژانی بەلەمەکەش کەم دەبۆوە و هەڵبەزینەوەی ئاو و پرووشکەکان هێمن دەبۆوە، بەڵام تاریکی هەروەک جاران، چڕ و ڕەشتاریک، لوولی دابوون، یەکەم کەس کە دەنگی هەڵبڕی و بەسەر هاژە هاژی دەریادا زاڵ بوو، ئۆرگان بوو:

– ئەوە منم، کیریسکیشم لە گەڵدایە گوێتان لێمە؟

ئومرایین بەدەنگێکی نووساوەوە وتی:

– گوێمان لێتە، ئێمە لە شوێنی خۆمانین.

ئۆرگان هاواری کرد:

– کێتان ئاراستەی بایەکەی لە بیر ماوە؟

میلگۆن بە تووڕەییەوە هاتە وەڵام:

– جا سوودی چییە.

پیرە پیاو کڕبوو. ڕاستە لەو دەمە ئاراستەی با ئێستا سەبارەت بەوان هیچ شتێکی نەدەگەیاند. باشە دەبێ ڕەشەبا ئەوانی بۆ کوێ هەڵگرتبێ و ئەوان لە کوێن: دوورن یاخود نزیکن لە دوورگەکان، چونکە بەهۆی ئەو دوورگانەوە دەتوانرێ بزانن لە کوێن و بۆ کوێ دەڕۆن. هەمووو ئەوانە زەحمەت بوو دیاری بکرێن. ڕەشەبایەکە دەیتوانی بۆ شوێنێکی دوور هەڵیانگرێ کە هەرگیز نەتوانن "دوورگەکانیان" بدۆزنەوە. ئۆرگانی مەزن، بەدەم خەفەت خواردن لە تاریکی و هەژانی شەپۆلەکان، بێدەنگ ما و بە کڕی لە

بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزدا ڕاچوو. تەنها شتێک کە بە بەخت چاکی لە قەڵەم بدرێ ئەوەیە کە لە سەر ویستی قەدەر بەرەو دوورگەکان بڕۆن و لە پێداهەڵشاخانی بەردە زلەکانی دەم قەراغدا ڕزگار بن، بەڵام بەبێ دوورگە و بەبێ ئەستێرە لە نیوە شەوێکی تەماویدا، هیچ ڕێگەیەک بۆ دەستنیشانکردنی ئاڕاستەکان نییە.

ئۆرگان نەیدەتوانی هیچ بڵێ لەگەڵ ئەوەشدا لە پاش دەمێکی کەم هاواری کرد:

- بایەکە "تلانگی لا" بوو.- کە بایەکی دەریایی ساردە و هەمیشە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەکات-.

کەسێک وەڵامی ئۆرگانی نەدایەوە، سەوڵ لێدەرەکان ئامادەی وەڵامدانەوە نەبوون.

ئۆرگان دیسان بێدەنگ بۆوە. بەڵام کیریسک کە خۆی بە لاقیەوە نووساندبوو، هەموو لەشی دەلەرزی، ئەو کاتە ئۆرگان سەوڵ لێدەرەکانی ئاگادار کردەوە:

- من و کیریسک ئاوی ناو بەلەمەکە دەردەدەین، ئێوەش خۆڕاگرن و کۆڵ مەدەن.

بەلای کیریسکدا خۆی چەماندەوە و لەو تاریکییەدا دەستی بە جەستەی کیریسک داهێنا و پاش ئەوەی لە ساغی و سەلامەتی ئەو دڵنیا بوو، پێی وت:

- کیریسک، مەترسە. ئا دەی با ئاو دەردەین ئەگەر نا حاڵمان خراپ دەبێ.

تەنها یەک سەتڵمان هەیە، ئا ئەوەتە دۆزیمەوە، بەڵام تۆ جامەکە

بگرە، ئەویش هەر باشە.. ها جامەکەت گرت؟ پێت دەڵێم بیگرە...

– بەڵێ باپیرە، ئەوەتا لە دەستمایە. ئایە ئەمە درێژە دەکێشێ؟ من زۆر دەترسم.

– منیش دەترسم "ئۆرگان وەڵامی دایەوە" بەڵام ئێمە پیاوین و ئەو کارەساتەش لە چارەمان نووسراوە.

– باپیرە خۆ نقوم نابین؟

– نقوم نابین، ئەگەر نقومیش بووین واتە ئەوە پێویستە ڕوویدابایە.

ئێستاش دەی خێراکە بە دەستێک خۆت بە من بگرە و بە دەستەکەی دیکەشت ئاو فڕێدە دەرەوە.

باش بوو ئۆرگان لە وەختێکی گونجاو لەمە بە ئاگا هات. سوودیان لەو ماوە کەمە نەختێ ئارامە وەرگرت و توانییان ئاوی ناو بەلەمەکە هەمووی فڕێدەنە دەرەوە کە لە ناویدا کۆببۆوە. لە کاتێکدا کە بەشێوەیەکی ڕەمەکی کاریان دەکرد و ئاویان فڕێدەدایە دەرێ، ئۆرگان سەرنجی کیریسکی بۆ لای بەرمیلە بچووکەکە ڕاکێشا کە بە ڕۆژ ئاویان لێ خواردبۆوە، دەستی کیریسکی گرت و پێی وت:

کیریسک، ئائەوە بەرمیلە ئاوەکەمانە، هەستی پێدەکەی؟ بیری خۆت بێنەوە، چونکە هەر چۆنێک بێت دەبێ پارێزگاری لێ بکەیت. بیگرەو بە خۆتی وەنووسێنە و لێی جیا نەبیتەوە. لە خراپترین حاڵیشدا باشترە بمرین نەک لە دەستی بدەین، تێمدەگەی؟

پشت بە کەسی تر مەبەستە، گوێت لێیە؟

باش بوو ئەمەی وت، باشیش بوو لەو کاتە گونجاوە منداڵەکەی ئاگاداركردەوە، هەر زوو سوودمەندی ئەمە ئاشکرا بوو.

پاش ئەوەی ڕەشـــەبا نـەخــتــێک ئارام بۆوە،ســـەرلەنوێ هاتـەوە هەڵچـوون، ئەوجـارە توندترو بەهێـزتر هـەڵی کـرد، دەتوت مـاتـبـوونی شەوان و بێتاقەتی خـەڵک دەقۆزێتـەوە، چونکە لە تاریکی و تەمتومـاندا هیچ شتێ نابینن. ئەمجارە شەپۆلەکان بە بەلایەکی تازە لە توندوتیژی هێرشـیـان دەهێنا، دەتوت تۆڵەی ئەوە مـاوە کـورتەی پشـوودانـیـان لێ دەکاتەوە کە سوودیان لێ وەرگرتبوو.

بەلەمــەکـەی ئۆرگـان چەرخـەی کـردو بەنێـو شــەپۆلە نادیـارەکـاندا دەسـوورایەوە کـە بێ بەزەییـیـانە بە هـەمـوو لایەکدا فـڕێی دەدا و ئاوە هەڵبـەزیوەکـان بەلەمـەکەیان پڕکـرد و وای لێ هات لـە ژێر باری ئاودا مەلەی دەکرد. ئۆرگان بە هەموو تاقەتی خۆی بە سەتڵـەکەیەوە لە سەر چۆکـان خشـی هـەتا ئاوە هەڵقـولاوەکـە فـڕێداتە دەرێ بەلام بێ سـوود بوو. کـاتێک سـەوڵ لێـدەرەکـان بە تووڕەیی و بـێ ئومـێدانـە هـاواریان دەکرد:

– هـەموو شتێک فڕێدە دەرێ.. ئێمە تازە نقوم دەبین.. فڕێیانده.

کیریسک لە ترسـان بە دەنگێکی بەرز گریا، بەلام کەسێک گوێی لێ نەبـوو، کـەسـیـش کـاتـی ئەوەی نەبـوو بایەخی پـێ بدات. منداڵەکـە لە گـۆشــەی دواوەی بـەلەمــەکـە خــۆی گــرمــۆڵـە کــردبوو و بە تـوندی بەرمـیلەکـەی لە ژێر خـۆیەوە گـرتبـوو بـە قـەدی خـۆی وەنابوو و خـۆی بەسـەردا نوشـتـاندبۆوە، بە هـەنسک هەڵکێشـانەوە دەلـەرزی. بە بیـری هـاتەوە کـە ئەمـە گـرینگترین کـارە دەبێ ئەنجامی بدا جا هەرچییـەک ڕوویدا. ئەو دەیزانی غـەرقی ناو ئـاو دەبن بەلام لەو کـاتەدا ئەوەی پیـرە ئۆرگان پێی وتبوو جێبەجێی دەکرد ئەویش پارێزگـاری کردنی بەرمیلە ئاوەکەبوو. پێـویست بوو بەپەلـە بەلەمـە نیـمـچـە نوقـومبـووەکە ڕزگـار

بکەن. میلگۆن بەردەوام بوو شێتانە سەوڵەکەی لێدەدا و بە هەموو توانای خۆی هەوڵی دەدا نەهێڵێ بەلەمەکە وەرگەڕێ. بەڵام ئۆرگان و ئومرایین هەموو ئەو شتانەی کە لە ناو بەلەمەکەدابوو فڕێیان دا دەرێ. هیچ چاری دیکەیان نەبوو، هەردوو تفەنگەکەیان فڕێ دا دەرێ، حەربە و کندرو هەموو شتەکانی تر، تەنانەت چاپەستە تەنەکەکەی ئۆرگانیشیان فڕێ دا کە چای تێدا لێدەنا.

ناخۆشترین شت فڕێدانی لاشەی گۆلکەکە بوو، بەڵام نەیانتوانی ئەو لاشە لووس و تەڕو قورسە هەڵگرن، چونکە دەبوایە لەسەر عەرزەی بەلەمەکە بەرزی کەنەوە و بۆ دەرەوە وەریگێڕن، "واتە ئەوەی لە پێناویدا بۆی هاتبوونە دەریا و دوورگەکان دەبووایە فڕێی بدەن،" لەگەڵ زۆر قسەی سووک و چرووک و هاواری پڕ لە جوێن و لەعنەتکردن، لاشەکەیان زۆر بەزەحمەت هەڵگرت بۆ سەر لێواری بەلەمەکە و فڕێیاندایە ناو دەریا. لەنێو ئەو ئاژاوەو شڵەژانیەدا و لە گەرمەی ئەو ململانێیە لەگەڵ دەریادا، هەست دەکرا هەژانی بەلەمەکە نەختێک کەم بۆتەوە پاش ئەوەی کە لاشەی گۆلکەکەیان فڕێ دا لەوانەیە هەر ئەوەش وەزعەکەی نەختێ باش کردبێت.

***

ئۆرگان یەکەم کەس بوو بە ئاگا هات. لە بۆشاییەکی سپی و مردوو نەیتوانی ڕاستەخۆ لەوە بگات کە لە کوێنە و ئەم بێدەنگییەی لە دەوروبەریان مانای چییە. ئەمەیان تەم تومان بوو.

ئەوە تەمێکی مەزن بوو، ئەوکاتە بە کڕی و چڕکردنەوەی هزریەوە دانیشت بە بێ ئەوەی لە سەر هەموو بۆشایی زەریاکان ڕکابەرێک هەبێ.

تەمێکی مەزن بێدەنگییەکی مەزن دەیژێنێ.

ئەو کاتەی چاوەکانی لێڕاهات، پیرە ئۆرگان توانی لە تاریکیدا هەیکەلی بەلەمەکە ببینێ و بە چاکی پیاوەکانیش لە یەکتر جیابکاتەوە. ئومراین و میلگۆن لە شوێنی خۆیان لەتەک سەوڵەکانیان کەوتبوون، ڕەشەبای شەو برستی لێ بڕیبوون و تا ڕادەی مردن ئازاری دابوون. بە بارێکی پڕ لە غوربەت کەوتبوونە گۆڕێ، دەتوت گابەردن بە نارێکی کەوتوونەوە، ئەگەر دەنگی پرخە پرخی خەویان نەبووایە کەس نەیدەزانی داخوا ئەوانە ڕوحیان لەبەردا ماوە یان نا.

کیریسکیش لەلای پێیەکانی ئۆرگان لەتەک بەرمیلەکە خۆی کووڕ کردبۆوە. لەبەر تەڕی و سەرما بوون لە خەودا دەلەرزی. ئۆرگان دڵی پێی سووتا بەڵام نەیدەتوانی بە هیچ شتێک یارمەتی بدات.

ئۆرگان لە دواوەی بەلەمەکە دانیشتبوو و واقی وڕمابوو لەو کارەساتەی کە بەسەریان هاتبوو، سەری سپیی لە بەرە خۆی نابوو هەموو جەستەی هاتبووە ژان، بازووە پڕ لە دەمارەکانی وەک دوو پەت شۆڕببوونەوە. ئۆرگان لە ژیانی خۆیدا گەلێک کارەسات و ئەزموونی بینی بوو بەڵام کارەساتی وا پڕ لە قەسوەتی قەت نەبیستبوو. نەیدەزانی ئێستا ئەوان لە کوێن و شەپۆلەکان بۆ کوێی ڕاداون و چەند لە زەوییەوە دوورن، ئایا هەر لەناو دەریادان یاخود لە ناو پانایی زەریان.

هەروەها نەیدەزانی تاکو ئەو سەعاتە زەمەن چەندی لێ بەسەر چووە. لە نێو ئەو تەمە چڕ و پڕ و مەییەوە، نەدەتوانرا شەو و ڕۆژ لێک جیا بکرێتەوە. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ڕەشەبا هەمیشە لە سبەینەدا هێمن دەبێتەوە، وا مەزەندەی دەکرد کە هەنووکە دەبێ ڕۆژ

بێ و ڕەنگە پاش نیوەڕۆ بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای خۆشحاڵ بوونی کە هێشتا بە زیندوویێتی ماون بە موعجیزە، هێشتا هەندێ شت هەبوون کە وایان لە ئۆرگان دەکرد لە پێناویاندا سەر لە بەرەخۆ بنێ. ئاخر پاش ئەوەی هەموو شتەکانیان لە دەست دا، هەتا ئەو تفەنگانەش کە لە بارزگانە گەڕۆکەکان چەنگیان کەوتبوو بەرامبەر سەدان فەرووی سمۆرە، ئێستاش لە ناو ئەو بەلەمەدا کە تەنها بە دوو جۆت سەوڵ و بەرمیلێکی بچووکی ئاوی شیرین ماونەتەوە دەبێت چ شتێک چاوەڕێیان بکا؟

بەڵێ، پاش ئەوەی سەوڵ لێدەرەکان دێنەوە هۆش خۆیان، ئەوسا بەیەکەوە بیر دەکەنەوە کە پێویستە چی بکەن.

بەڵام کێ ئەو ئاراستەیەیان نیشان دەدا کە پێویستە ڕووی تێ بکەن؟ ئەمە یەکەمیان، دووەمیش ئەگەر چاوەڕێی هاتنی شەو بن و تەمەکە ڕەوییەوە و ئاسمان بووە ساماڵ، ئەوسا دەتوانن بە هۆی ئەستێرەکان ئاراستەی خۆیان بزانن. بەڵام چەند لە دەریا دەمێننەوە.؟ پێویستییان بە چەند کات و ڕەنجدان هەیە؟ ئایا دەتوانن ئەوەندە خۆ ڕابگرن؟ ئایا بەردەوام دەبن؟

تەم، چ تەمێکە؟ بە چڕی و مەنگی لە سەر پشتی دەریا لێی ڕاکشاوە، هەر دەڵێی لەوەتەی دونیا هەیە ئەویش لێرە هەواری خستووە. ئایا ئەقڵ دەیگرێ کە ئەو وەزعە لە هەموو شوێنێک هەر وابێ، ئایا ئەقڵ دەیگرێ هەموو دنیا لەم تەم تومانەدا غەرق ببێ؟

هەستی کرد ئارەزووی چۆتە قەننەکێشان. بەڵام پێویست ناکات بۆ کێشانی خەفەت بخوات ــ چونکە تووتنەکەی هەمووی تەڕ بووە و

قەننەکەشی نازانێ لە کوێ ون بووە، ئەدی ئاو؟ ئەدی خۆراک؟ ئۆرگان لە بیر لێکردنەوەی ئەوانە دەترسا. هێشتا دەتوانرا خۆت ڕاگری و هێشتا بیر لێ نەکردنەوەی لە تواناداا هەیە.

لەسەر ڕووی دەریاشدا وەستانی مەرگ و ئارامییەکی تەواو، هێمنییەکی هەمیشەیی باڵی کێشا بوو. بەلەمەکەش لەسەرەخۆ لە شوێنی خۆی دەجوولا، بۆ هیچ لایەک نەدەڕۆیشت، ئاخر خۆ هەر لە خۆیەوە ناڕوات کە سەوڵەکان فڕێدرابنە ناو ئاوەکە. سەوڵەکان بە شێوەیەکی ڕەمەکی سەر پشتی ئاوەکە کەوتبوون. دەتوانرا لە ئومرایین و میلگۆن بگەی، ئاخر ئەوان ئەوەندە ماندوو ببوون و بڕستیان لێ بڕابوو کە نەیانتوانبوو سەوڵەکانیان بۆ نا و بەلەمەکە بەرز بکەنەوە، بۆیە لە شوێنی خۆیان کەوتبوون و ببوونە نێچیری خەو، هەروەک مردوو.

لەگەڵ لێکردنەوەی ڕەشەبادا، هەموو شتێک لە تاریکایی و کپیدا نقوم ببوو.

دەریا هێمن ببوو تەم هێمن و بەلەم ئارام. پێویست بە پەلەپەل کردن ناکات، هیچ شوێنێکی دیار نییە ڕووی تێ بکەن.

ئۆرگان چاوەکانی بە خەفەتەوە لێک نا بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ نەختێک بۆرژا، کاتێک کیریسک بانگی کرد و بەخەبەری هێنا. منداڵەکە ئۆرگانی ڕاتەکاند و پێی وت:

– باپیرە، باپیرە، ئێمە دەمانەوێ ئاو بخۆینەوە.

ئۆرگان هەستاوە و تێگەیشت کە هەر سێ خزمەکەی چاوەڕێی ئەو دەکەن، چونکە ئەو ڕابەریانە، هەروەها تێگەیشت کە ترسناکترین شت

دەستی پێ کرد: دابەشکردنی ئاو.

تەم هێشتا چڕ و مەنگ بوو، دەریاش لە ئارامییەکی تەواودا بوو.

***

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لەو ڕۆژەدا مابوو بە هێواشی لە دەریادا دەڕۆیشتن بەبێ مەبەست و بەبێ زانینی ئاڕاستەی خۆیان.

پاش ئەوەی پیاوەکان هاتنەوە سەرەخۆ و زانییان کە نابێ بەو وەزعە لە شوێنی خۆیاندا بمێنن.

ڕۆیشتن و ڕەنگە لە زەوی نزیک ببنەوە، لەوانەشە بە پێچەوانە دوور کەوتبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاخر ترسی ڕۆیشتن لەوەدا خۆی حەشاردابوو.

هەموو ئومێدیان لەسەر ڕەوینەوەی تەمەکە گرێ دابوو، ئەوساکە هەموو شتێ ڕوون دەبێتەوە. بەهەر حاڵ دەتوانن کە شەو داهات ئەستێرەکان ببینن، ئەگەر خوا کردی تەمەکە ڕەوییەوە. پێویستە ئەوکاتە هانا بۆ ئەستێرەکان ببەن بەر لە هەر شتێکی دیکە.

ئومێدێکی دیکەش هەیە، بەڵکە قەزاو قەدەر دوورگەیەکیان بکەوێتە ڕێ، ئەوکاتە ڕێ بەدیکردن ئاسان دەبێت.

ئا بەو جۆرە کەوتنە ڕێ بۆ کوێ! بە درێژایی کات بۆ ناو تەم تومان. لەو دەمەدا ئۆرگان فەرمانی دا ناو بەلەمەکە ڕێک بخەنەوە. پاشماوەی ئاوەکەیان هەموو فڕێدایە دەرێ هەتا بەر پێیان وشک بێت. ئۆرگان لە دواوەی بەلەمەکە دانیشت و کیریسکیشی لە تەنیشت خۆی دانا تا گەرم بێتەوە و زوو وشک بێتەوە پاشان بە قەدەر یەک ئاوی دایە هەموویان. جاری یەکەم هەر یەکەو سێ لە چواری جامێکی دانێ.

چونکە پاش ڕەشەبای شەو پێویستە تێر ئاو بخۆنەوە جا ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێ. بەڵام ئۆرگان ئاگاداری کردن کە لەمەودوا ئاویان ناداتێ، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ئەو خۆی بە پێویستی بزانێ و بەو بڕەی ئەو بۆیان تێدەکات. لەو کاتەدا بەرمیلەکەی شڵەقاند، بۆ ئەوەی بڕوای پێ بکەن چونکە بەرمیلەکە هەتا نیوەی بەتاڵ ببوو.

لە هیکڕا شتێکی دڵ خۆشکەر ڕووی دا کاتێک ئاویان تێدەکرد، لە پشت بەرمـیلە بچـووکـەکـە تـەواو لە گـۆشـەیەکی دواوەدا، لە ژێر کورسیەکە، توورەگە چەرمینەکەیان دۆزییەوە کە لە پێستی گۆلکی دەریا دروست کرا بوو، تەژی بوو لە ماسی وشککراوە. ئەوان تـوورەگە گەورەکە کە پڕبوو لە خۆراکی گەشتەکەیان، هەمـوویان فـڕێ دابوو. بەڵام ئەمەیان کە ژنەکەی میلگۆن ئامادەی کردبوو وەک توێشوو، بە ڕێکەوت لە شوێنی خۆی نەمابوو و کەوتبووە ژێر کورسیەکە لە پشت ئەو بەرمیلەی کە پاراستنی بە کیریسک سپێردرابوو. ئەم توێشووە بەئاوی دەریا تەڕ ببوو و نەدەکرا ئەو ماسییە بخۆن: چونکە ئاوی سوێری دەریای هەڵگرتبوو. بەڵام سەرەڕای سوێربوونی لەگەڵ ئەوەشدا خۆراک بوو. ئەگەر ئاوی تەواویان پێبایە ئەو ماسییە زۆر لە جێی خۆی بوو.

بەڵام لە ترسی تێنوو بوون تاکو ئێستا کەسێک لەو ماسییەی نەخواردبوو.

هەموویان چاوەڕێی تەنها شتێکیان دەکرد: کەی تەمەکە دەڕەوێتەوە.

لە بێدەنگی تەم تومانی کڕ و کپدا جومگە هیلاکەکانی سەوڵەکان جیرەجیریان لێوە دەهات. دەنگی جیرەو کرتە کرتی جومگەی

سەوڵەکان لە نێو ئەو کپییە پڕ لە ترسەدا بە پاڕانەوە و هاواری کەسێکی سەرگەردان دەچوو: من لە کوێم؟ من لە کوێم؟ بۆ کوێ، بۆ کوێ دەڕۆم ئێستا؟

هەموویان چاوەڕێی تەنها شتێکیان دەکرد: کەی ئەو تەمە دەڕەوێتەوە.

***

بەڵام تەمەکە نەڕۆیشت و بەتەمای ئەوەش نەبوو بڕەوێتەوە. بەڵێ تەمەکە نەدەبزووت.

وەک بڵێی شتێکی سەیری سەرووی خەیاڵە، وەک بوونەوەرێکی دیکەی نارازی خاوەن دەروونێکی تەڕ و خامۆش، هەموو کەونی قووتداوە: زەوی و ئاسمان و دەریا.

دیسان لەناو هەناوی ئەم تەم تومانەدا شەوێکی دی هاتەوە. بەهۆی ڕەشداگەڕانی دەوروبەریان دەتوانرا هەست بە هاتنی شەو بکەی. هیچ ئەستێرەیەک و هیچ ئاسمانێک لە سەرەوە وجودی نەبوو. لە دەریا ڕۆیشتن بۆ شوێنێک کە نازانن کوێیە، تەنها لەپێناو ڕۆیشتن بۆ شوێنێک، ئیدی سوودێکی نەبوو. چاوەڕوانیان کرد و پاڕانەوە و بەئومێد بوون ئەستێرە لە ئاسماندا دیارکەون. چاوەڕێ بوون، سات لە دوای سات، چاوەڕێ بوون (با) هەڵبکات. هەتا ئەو تەمە ناپەسند و مەلعونە ڕابدا. نەنووستن، ڕووی نوێژەکانیان لە ڕۆحی ئاسمان دەکرد بۆ ئەوەی ئاسمان و ئەستێرەکانیان بۆ دیاربخات، بەپاڕانەوە بانگی شای با و بۆرانیان کرد بۆئەوەی لە پشت دەریاوە ئەو وەحشە بژدار و قژچڕە بێدار بکاتەوە. ئەمانە هەمووی بێ سوود بوون، چونکە کەسێک نییە گوێی لە پاڕانەوەی ئەوان بێت. تەمەکەش نەڕەوییەوە. هەروەها

کـیــریسکیش چاوەڕێی بەدیارکـەوتنی ئەســتـێـرەکـان بـوو، ئەوان ئەستێران، کە هەمیشە بە یارییەکی پڕشنگدار دەچێت لە ئاسمان، ئێستا لە هەموو کات پتر پێویستی پێ هەیە. هەموو ئەو شتانەی کە لە دوێنێ ئێوارەوە لە چارەنووسـیـدابوو ئەو منداڵەیان دەهەژاند و دەیان ترساند. هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە کە نەفسیەتی منداڵ تێکبشکێ و بڕووخێ بۆ هەتا هەتایە، بەڵام هەبوونی سێ پیاوی گەورە لەگەڵیدا لەناو بەلەمێکدا، هەموویان یەک مەترسی کوشندەی هاوبەش هەڕەشەیان لێ دەکات، لەکاتێکدا ئەوان پێیان وایە سەفەرەکەیان نزیکە بگاتە کۆتایی. ئەوان بەخۆ ڕاگری لەو سروشتە هەڵچووەدا دەبێت خۆیان قوتار بکەن، ئەمانە هەمووی ئومێدیان دەخستە دەروونی ئەو کە ڕێگەی دەربازبوونیان ئێستا دیاردەکەوێ. ئەو تەواو بڕوایەی بەوە هەبوو کە ئەوەندە بەسە ئەستێرە لە ئاسمان دەرکەوێ ئیدی ئێش و ئازاریان کۆتایی پێ دێ.

بەڵام گەر ئەوە زوو بهاتایە دێ، گەر زوو بگەڕێنەوە زەوی، بۆ ئەوێ، بۆ سـەگـە بەڵەک، بەپەلە، بەپەلە، چونکە ئەو زۆر بەحەسـرەت بوو جارێکی تر بخواو بخواتەوە، ئاخر ئەوەندە تێنوو و برسی بوو حیساب نەدەکرا، هەرچەندە کاتەکە درێژەی دەکێشا ئەو زیاتر ئارەزووی خواردن و خواردنەوەی دەکرد، ئەو زۆر شەیدای ئەوەبوو بگەڕێتەوە ماڵێ. بۆ لای دایک و کەسوکاری، بۆ خانوو و دووکەڵ، بۆ گۆماو و گیاکان. ئەو کڵۆڵانە بەدرێژایی شەو سەریان لە بەر خۆ ناو چاوەڕێیان دەکرد، بەڵام هیچ شتێک نەگۆڕا. تەمەکە لە شوێنی خۆی نەبزووت، ئەستێرە لە ئاسمان دیار نەکەوتن و دەریاش هێشتا لە تاریکیدا بزر ببوو.

ئەوان بەدرێژایی شــەو تێنوو بوون، هەوا سارد و شــێدار بوو، بەڵام ئەوان بەر لە هەر شـتێک ئارەزووی ئـاو خوارنەوەیان دەکـرد. کیـریسک لە هەمـووان تێنـووتر بوو، بەڵام ئەوانی دیکەش بەدەسـتی تێنوێتییەک دەیان نالێند کە گڕی نەدەشکا.

کیـریسک لە هەمووان زیاتر پێویسـتی بە ئاو هەبوو، هەر ئەوەش بوو کە دەیهەژاند. بەڵام ئۆرگانی ڕابەر ئاوی نەدایە کیریسک، کاتێک کە داوای کرد. ئۆرگان بەتوندی پێی وت: نەخێر ئێستا نا چاوەڕێ بکە.

خـۆزگە پیـرە ئۆرگـان دەیزانی پاش خـواردنی ئەو ماسـییە چەندە تێنـوی بووە، ئەوان هەرسـێکیـان، کـیـریسک و باوکی و مـیلگۆن– بێ ئەوەی بتوانن تا ئێـوارە دادێ چاوەڕێ بکەن– ماسییەکەیان لە برسان دایە بە قـەمـپاڵ و خـواردیان. ئەوان هەرچەندە لە دوای ئەو خـواردنە نەخــتێ ئاویشـــیــان بەســەردا کــرد، بەڵام ئــەمــە بەس نەبوو، پاش ماوەیەکی کەم هەستیان بەتێنوێتییەکی توندتر و و بەهێزتر کرد. پیرە ئۆرگان دەسـتی نەدایە ماسی و خـۆی لەبەر برسـێـتیـیـەکـە ڕاگرت و ئاویشـی نەخـواردەوە. ڕەزیلی بە ئاوەکـە دەکـرد بۆیـە ڕێگەی بە خـۆی نەدا تەنـهـا فـرێکیش بخـواتەوە. لـەو ڕۆژەدا جگە لە ئـۆرگـان دووجـار ئاویان خـواردەوە، بەیانی و ئێـوارە. بە ئێـوارەوە بڕێکی زۆر کـەمـیـان خواردەوە کە تەنها بنی جامەکەی داپۆشیبوو. ئاوی بەرمیلەکەش وردە وردە کــــەمـی دەکـــرد. ئـەوان لـەبەر ئـەوەی هـەمـــوو دەم ئـارەزووی خـــواردنەوەیان دەکـــرد و قـــەتیش تێنوێتــیـــیـــان نەدەشکا، بۆیە چاوەڕێکردنی گۆڕان زیاتر کاری تێ دەکردن.

***

ئا بەم جۆرە ئەو شـەوە درێژە بەسـەرچوو. لە ئێوارەوە تا سـبەینە ئەو

تەمە نەگریسە وەستاو و مەییوە ڕاکشاو دەریاش نەجوولا.

کە سبەینە داهات هیچ گۆڕانێک ڕووی نەدا، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە قووڵایی تەمە ڕەش بۆرەکەدا نەختێک ڕووناکی زیاتر بوو لە جاران، هەنووکە چاو زیاتر بڕی دەکرد و دەتوانرا دەم و چاوەکان چاک لێک جیا بکەیتەوە و لە دووری چەند مەترێک لە دەوروبەری بەلەمەکە ڕەنگی زیوینی تۆخی ئاوەکە دیاربوو کە وەک جیوە وەستابوو. کیریسک پێشتر هەرگیز ئاوی وا وەستاوی نەدیبوو. هیچ بایەک نایە و هیچ شتێ ناگۆڕێ. لەو سبەینەیەدا منداڵەکە بە گۆڕانی دەم و چاوی پیاوەکان زۆر سەرسام بوو: زۆر لاواز ببوون و مووی چەناگەیان درێژ ببوو، بریسکەی چاویان کوژابۆوەو بە چاڵێکی تاریکدا چووبوون، دەتوت تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بوونە، هەتا باوکیشی کە زۆر بە هێز و بڕوا بەخۆ بوو، تەواو گۆڕا بوو، دەم و چاوی جگە لەڕیش هیچی لێ نەمابۆوە. لێوەکانی قەڵەشتی و ڕەش هەڵگەڕابوون و بە بەزەییەوە سەیری کیریسکی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگی هەڵبژارد و هیچی نەوت. ئەوەی لە هەمووان زیاتر گۆڕابوو پیرە ئۆرگان بوو. پشتی کووڕ ببۆوە، زۆر تەمەندار دیاربوو ملی درێژتر ببوو قوڕگی بەرز ببۆوە. چاوەکانی زیاتر لە جاران فرمێسکاوی ببوون، جگە لە نیگا شتێکی دیکەی نەمابوو. نیگای تیژو پڕ لە حیکمەتی ڕابەرەکە شتێ لە خۆ دەگرێ، گرنگەو جگە لەو کەسێک پێی نازانێ و لێی تێناگا.

ئەو ڕۆژەیان بە ناخۆشترین شت دەست پێ کرد ئەویش دابەشکردنی چەند قومە ئاوێک بوو لە نێو خۆیان. ئۆرگان خۆی تێی دەکرد. بەرمیلەکەی لەبن هەنگڵی خۆی نا و لەکاتێکدا دەستەکانی بە

تووندی دەلەرزین، ئاوی خێری بە چۆڕاوگەیەکی باریک لەبنی جامەکە دەکرد. یەکەم جار ئاوی دایە کیریسک، کیریسکیش بەبێ ئارامییەوە چاوەڕێی دەکرد ددانەکانی لە لێوی جامەکە گیرکرد و ئاوەکەی خواردەوە. تەنها بۆ یەک چرکە هەستی کرد کە چۆن تەڕبووە و گەرمی هەناوی کوژایەوەو چۆن بەکاریگەری ئەوە سەری تاسا. هێشتا جامەکەی تەواو نەدابۆوە دووبارە هەناوی جۆشی سەندەوە وەکو جاران بگرە زیاتریش هەر دەتوت هەڵچوونی وەحشێکی لە هەناویدا وروژاندوە. دوای ئەو میلگۆن ئاوی خواردەوە و پاشانیش ئۆمرایین. دیمەنەکە زۆر ترستاک بوو کاتێک کە سەیری ئەوانت بکردایە کە چۆن ئاو دەخۆنەوە. جامەکەیان بە دەستێکی لەرزیوەوە دەگرت دەیانگێڕایەوە.

بێ ئەوەی سەیری ئۆرگان بکەن وەک ئەوەی ئۆرگان لە کەمی ئاوەکە تاوانبار بێت. ئەوکاتەی نۆرەی ئۆرگان هات ئاو بخواتەوە تەنها دڵۆپێکیشی تێ نەکرد و بەکرِی سەری ئاوەکەی قەپات کرد. کیریسک ئەمەی بە عەقڵدا نەدەچوو. خۆ ئەگەر بەرمیلەکە لای ئەو بوایە جامەکەی پڕ لە ئاو دەکرد بۆ خۆی و دەیخواردەوە و تێی دەکرد و دەیخوارەوە هەتا دەکەوت جا چ دەبوو با ببایە، گرنگ ئەوەبوو تێری بخواردایەوە تەنها ئەگەر بۆ جارێکیش بێ. بەڵام پیرە پیاو ئەمەی لەخۆ حەرام کرد هەتا بەشی خۆشی نەدەخواردەوە. ئەو برەی بن جامەکەشی لە خۆ حەرامکرد. ئومرایین خۆی پێ نەگیرا و بەدەنگێکی نووساوە خۆی ڕێکخست و وتی: ئەمە بۆ، باپیرە وەک چۆن بۆ ئێمەت تێکرد بۆ خۆشت تێی کە. دوێنێش نەتخواردەوە ئەگەر مردن هەبێت باهەمووماں پێکەوە بمرین.

ئۆرگان کە وەڕس ببوو وتی:

– من دەتوانم خۆم ڕاگرم.

ئومرایین دەنگی خۆی بەرز کردەوە:

– نەخێر ئەمە ڕاست نییە، پاشان بەهەڵچوونەوە وتی: کەواتە منیش نایخۆمەوە.

– باسی چی دەکەیٚ، لێرە هیچ شتێک نییە بیخۆینەوە – ئۆرگان پێکەنی – ئای کە ئێوە هەڵەن بەهێمنی سەری خۆی لەقاند. سەری بەرمیلەکەی هەڵدایەوە و ئاوی لەجامەکە کرد وتی:

– باکیریسک لەجیاتی من بیخواتەوە.

منداڵەکە شلەژا، هەموو بێدەنگ بوون، ئۆرگانیش دەستی بۆ درێژ کرد و جامەکەی دایێ.

– ها، بیخۆوە ئەی کیریسک بیر لە هیچ شتێک مەکەوە.

کیریسک بێ دەنگ بوو.

میلگۆن وتی: بیخۆوە.

ئومرایینیش وتی: بیخۆوە.

هەروەها ئۆرگانیش وتی بیخۆوە.

کیریسک دوودڵ بوو. ئەو کە وەختابوو لە تێنوێتییان بخنکێ، دەیویست ئەو چەند قومە ئاوە بە گەرووی دابکات، بەڵام نەیتوانی.

ئۆرگان لەگەڵ ئەو قسانە دەستی دەلەرزی کەیفی پێ هات بەنەرمی نیگای چاوەکانی لە منداڵەکە کرد و بە نازهەڵگرتنەوە سوپاسی کرد.

– من، ئاخ ئەگەر دەزانی چەندم ئاو خواردۆتەوە لە ژیانم، بەڵام تۆ

پێویستە تۆ زۆر بژی بۆ ئەوەی... قسەکەی تەواو نەکرد- ئایا تێم دەگەی ئەی کیریسک؟ بیخۆوە. ئەوە بۆ تۆ زۆر پێویستە ئاخر تۆ دەبێ بیخۆیتەوە لە من نائارام مەبە، ها بگرە. تەنیا بۆ چرکەساتێک، منداڵەکە دووبارە هەستی کرد لەکاتێکدا ئاوەکەی دەخواردەوە کە چۆن هەناوی تەڕ بووەو گەرمییەکەی دامرکایەوە. ئەوجارە هەستی کرد تامی ئاوەکە بۆگەن بووە کە لەدەمیدا مایەوە. بەڵام ئەمە گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوەیە ئاو هەبێ، جا هەر ئاوێک بێت، بە مەرجێ بۆ خواردنەوە دەست بدات. لەکاتێکدا وردە وردە ئاوی بەرمیلەکە کەم دەبۆوە. ئۆرگان ڕووی لە کوڕانی عەشیرەتەکەی کرد و پرسی: چ حەلێک هەیە و چی بکەین؟ ئایا بڕۆین. ماوەیەکی درێژ بێ دەنگی باڵی کێشا. هەموویان تەماشای دەوروبەریان دەکرد، بەڵام لە دووری سێ هەنگاودا لە ناو دەریا جگە لە تەمێکی چڕ شتێکی دیکە نەبوو. ئومرایین بێ دەنگییەکەی شکاند و بەدەنگێکی بەرزەوە وتی: بۆ کوێ بڕۆین؟

لە هیکڕا میلگۆن بەهەر هۆیەک بێ تەقییەوە:

مانای چییە: بۆ کوێ؟؟ بڕۆین با بەڕێکەوین باشترە لەوەی لە شوێنی خۆمان بمرین.

ئومرایین بە ڕەخنە لێگرتنەوە وتی: جا جیاوازی نێوان لە دەریا ڕۆیشتن و نەڕۆیشتن چییە؟ لەو تەمە بۆ کوێ بڕۆین. ئاخر جیاوازی چییە؟

میلگۆن توندتر وەڵامی دایەوە:

- لەلای من تەم گرنگ نییە، ئەو تەمەی تۆ لای من گرنگ نییە تێگەیشتی؟ دەبێ بڕۆین ئەگەرنا ئەو بەلەمە نەفرەت لێکراوە سەراوبن

دەکـەم با هـەمـوومـان ببـینە خـۆراکی مـاسی، تێم گـەیشـتی ئەی ئومرایینی ڕیشدار، دەڕۆین تێ دەگەی؟ کیریسک ڕاچڵەکا. میلگۆنی مامی بەو کارە نالایەقە تەریقی کردەوە ئاخر سەرباری هەموو شتێک ئەو لە باوکی بچـووکـتـرە. ئەمـە مـانای وایە کـە شـتـێکی لاواز لە گۆڕێدایە، شتێک هەیە هاوسەنگی خۆی لە دەست داوە کە ئەو چوار کەسەیان ئێستا لە نێو ئەو بەلەمەدا دەینوێنن. هەموویان بە هاڕدراوی وەڕسبوونەوە بێ دەنگ بوون.

میلگۆن خۆی کڕ کرد بە مشوهۆڕەوە هەناسەی هەڵدەکێشا.

ئومرایینیش بێ دەنگ بوو، بەڵام پیرە ئۆرگان تەماشای شوێنێکی دووری دەکـــرد، بەدەم و چاوێکی پڕ لە نەهێنی، هەروەک وەک ئەو تەمەی کە لەهەموو لایەک وەک پەردەیەکی کەڕ دەوری دابوون.

دووچار ئومرایین کەوتە قسەکردن:

هۆشت بێنەوە سەر ئەی میلگۆن ئەمە تەنها قسە بوو کردم. بەڵێ باشترە بڕۆین نەک لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە. تۆ لە سەر ڕاستیی، ئادەی با بڕۆین. بەڕێکەوتن و، دیسان جومگەی سەوڵەکان کەوتنەوە جیرە جیڕ و بەرزو نزم دەبوونەوە، ئاوەکەش بەبێ دەنگی شەق دەبوو و لە چەشنی حەڵقەیەک لەدەوری بەلەمەکە یەکی دەگرتەوە بێ ئەوەی ئاســەوارێک جێ بێـڵێ. بەڵام ئەوان لە بەرچاویان وا دیاربوون کــە دەتوت لە شوێنی خۆیان وەستاون و ناجوڵێن، هەرچەند ئەو ماوەیەی کە دەیانبڕی زۆریش بوایە ئەوان هەر لەناو تەمدابوون، وەک ئەوەی لە بازنەیەکی تەلیسماویدابن. هەر ئەمە بوو وای لە میلگون کرد خۆی پێ ڕانەگیرێ و بڵێ:

من تەمەکەی تۆم لا گرنگ نییە، گوێت لێمە ئەی ئومرایینی ڕیشدار.

بەدەم لەرزینەوە ئەمەی وت، پاشان بەردەوام بوو: من دەمەوێ لە دەریادا برۆین ئەی ڕیشدار بجوولێ و سەوڵ لێدە، نەکەی بنووی گوێت لێمە؟ من تەمەکەتم لا گرنگ نییە.

بە دەم ئەو قسانەوە میلگۆن خۆی زیاتر بەسەر سەوڵەکان دەچەماندەوە و پێی وت:

دەی، سەوڵ لێدە و، سەوڵ لێدە.

ئومرایین نەیدەویست تووڕەی بکات بەڵام میلگۆن بەو یارییە شێتانەیە، سەرو دڵی ئەوی گرت.

بەلەمەکە زیاتر و زیاتر تاوی دەسەند وای لێهات بە هەڵەشەیی چەند جارێک لە نێو تەمدا بۆ شوێنەکی نادیار و ئامانجێکی ون بەرز دەبۆوە و ئومرایین و میلگۆنیش زۆر وەحشییانە سەوڵیان لێدەدا بێ ئەوەی یەکێکیان بەرامبەر ئەوی دیکە پاشگەز بێتەوە. بە هێزێکی دڕندانە و سەرشێتانەی پڕ لە هەڵچوونەوە، وەک بڵێی توانای ئەوەیان هەبێ لە تەمەکە دەربازبن و لە سنووره نادیارەکەی ئازادبن. تەختەی سەوڵەکان دیار بوو کاتێ بە شێوەیەکی لار پرووشکە هەڵبەزیوەکانی پەخش دەکرد و ئاوی پاڵ دەدایە تەنیشتەکانی بەلەمەکە، دەموچاوی گرژی سەوڵ لێدەرەکانیش بەرزو نزم دەبوونەوە و شەلاڵی ئارەقە ببوون، جارێک خۆیان دەچەماندەوە سەوڵەکانیان هەڵدەدا، جارێکی تر قیت دەبوونەوە و سەوڵەکانیان لەئاودا ڕادەکێشا. جارێک هەناسە هەڵکێشان و جارێکی دیکە هەناسەدانەوە، هەناسە هەڵکێشان و هەناسە دانەوە.. هەڵکێشان، دانەوە هەڵکێشان، دانەوە...

تەمێک لە پێشەوە تەمێک لەدواوە، هەموو لایەک هەر تەمە.

میلگۆن دەتوت دەبۆڕێنێ، بە تەشقەڵە و شەڕخوازییەوە کاتێ هاواری کرد. (خانا، خانا) واتە ئادەی، ئادەی.

کیریسک بەهۆی ئەو جووڵە و ڕۆیشتنە کەمێ بووژایەوە، بەڵام دواتر لە بێ سوودی مەترسی ئەو کارە گەیشت. کیریسک بەبێ ئارامییەوە لە ڕابەر ئۆرگانی دەڕوانی، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرد. ئەو پێشبڕکێیە گێلانەیە ڕاگرێ.

بەڵام وا پێدەچوو ئۆرگان هەر لەوێش نەبێ، نیگا پڕ لە ئازارەکانی بڕیبووە شوێنێکی دوور، ئاکاری پیاوێکی ئایینی لەدەم و چاویدا بەستبووی، دەموچاوی تەڕبوو، یا ئەوەبوو دەگریا یان چاوی هەر لەخۆیا ئاوی دەکرد، ئەو لەدواوە دانیشتبوو بەبێ جووڵە، دەتوت ئەو شتانە نابینێ کە ڕوودەدەن..

بەلەمەکە خێراتر دەڕۆیشت و بە نێو تەمەکەدا ڕێی دەکرد، بۆ شوێنێک کە نادیار و مەبەستێکی نەزانراوە.

لە نێو تەمەکەدا دەنگی هاوارێکی پڕ لە نائومێدی هات.

(خانا، خانا، خانا) (ئادەی، ئادەی، ئادەی، ئادەی)

ئەم حاڵەتە زۆر درێژەی کێشا، بەڵام سەوڵ لێدەران وردە وردە تێنوو بوون.

هێدی هێدی خێراییان کەم بۆوە، ئەوەندەی نەبرد سەوڵەکانیان خاو کردەوەو بەهەموو توانای خۆیان هەناسەیان هەڵدەکێشا و دەدایەوە، ئەوەندەی نەمابوو بخنکێن و میلگۆنیش سەری خۆی قەت بەرز نەکردەوە.

ئا بەم جـۆرە بە ئاگـا هاتنەوەی تالّ هـاتەوە سـەرو مـێـشکیـان. نەیانتوانی لە تەمەکە قوتاربن، هەموو شتێک لە حالّەتی خۆیدا مایەوە: سەر ڕووبەری ئاوی وەستـاو و نادیارییـەکی تەواو و تاریکییـەکی چڕو پڕ لە نەهێنی. بەلەمەکەش هـەر خۆی بە تەنیا هەندێ جار دەجوولێ و هەر بە هێزی خۆی دەسووڕا.

بۆچی ئەمـەیان کـرد؟ چ پێـویست دەکـات؟ بەلاّم ئەدی لە شـوێنی خۆیاندا چ قازانجێکیان دەکرد؟ دیسان هیچ.

هەر یەکێ لەوان بیری لەو کێشەیە دەکردەوە. کاتێ ئۆرگان وتی:

– هەنووکە گوێم لێ بگرن (وشەکانی لەسەرەخۆ دەردەبڕی، ڕەنگە بۆ ڕەنج بـەخـــــەســــــار نـەدانی بێ، چـونکە ئـەو ئەوە دوو ڕۆژە نەیخـواردۆتەوە و نـەیخـواردووە)، لەوانە ئەو تەمـە چەند ڕۆژێکی زۆر بمێنێـتەوە، ئەو جـۆرە سـالاّنە هەنە، لەوانە شـتی وا ڕووبدا هەروەک دەزانن حـــەوت، هـەشت بگرە دە ڕۆژ تەم لـەســـەر دەریا نـەڕەوێتـــەوە، هەروەک چۆن پەتا ناوچـەیەک دەگرێتـەوە یان وەک هەندێ نەخـۆشی تا ماوەی خـۆی تەواو نەبێ ناڕوا. بەلاّم ماوەکە چەندە ئەوا کەس نازانێ. ئەگـەر ئەو تـەمـە لـەو جـۆرە بێ ناڕوا. چارەنووسـمـان خـراپ دەبێ. ماسییەکە تەنها کەمێکی ماوە، دوایی سوودی چی هەیە کە ئاومان پێ نەمـاوە. ئاوەکـەش ها ئەوەتا سـەیری کـەن. بەرمـیلەکـەی شلەقـاند ئاوەکـەی زۆر بە ئاسـانی جوولا کە هـەر بەقـەد بارستـایی پەنجـەیەک و نیو دەبوو.

هەمـوویان بێ دەنگ بوون، پیـرە ئۆرگـانیش بێ دەنگ بوو، ئەوسـا هەمـوو تێگەیشـتن کـە دەیویست چی بلّێ: لە ڕۆژێکدا یـەک جـار ئاو خواردنەوە، ئەویش بـە قەد بنی جامـەکە، بۆ ئەوەی مـاوەیەکی درێژ خۆ

ڕاگرن، ئەگەر توانییان بەسەر تەمەکەدا زاڵ بن و چاوەڕێی ڕەوینەوەی بکەن. ئەو کات ئەگەر دەریا ڕوون بۆوە و ئەستێرە و خۆر بەدیار کەوتن، ئەوسا کارەکە ئاشکرا دەبێت و ڕەنگە بەخت یاوەریان بێت و تاک و سەر وشکایی خۆڕاگرن. ئەمە بارو دۆخەکەیە. هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکە نییە، بەڵام زۆر ئاسانە بڵێی: خۆڕاگرن. ئەوەی مرۆڤ بەعەقڵی قبوڵی دەکات، هەمیشە ناتوانی بە جەستە قبوڵی بکات. ئاخر ئێستا ئەو کلۆڵانە ئارەزوویان بۆ خواردنەوە جۆشی سەندووە، نەک بۆ خواردنەوەی کەمێک ئاو، بەڵکو خوارنەوەی بڕێکی زۆر. ئەوان ئاوێکی زۆریان گەرەک بوو، ئۆرگان دەیزانی کە لەو کارەساتە ڕزگاربوونیان نییە و لە هەموویان زیاتر ئازاری دەچەشت. ئەو پیرە پیاوە بە شێوەیەکی دیار جەستەی چورچ و لۆچاوی دەبوو. دەم و چاوە ڕەشتارەکەی کە لۆچ و هێڵ و چاڵیان کردبوو زیاتر لە جاران و سات لەدوای سات بە هۆی ئەو ژانەی کە لە هەناویدا هەڵدەچوو، ڕەش و گرژتر دەبوون. لەچاوە فرمێسکاویەکانیدا ئاکاری نائارامی و شڵەژانی پێوە دیاربوو. ئاسان نەبوو بۆ پیرەپیاو کە خۆی ناچار بکات ئەو هەموو ئێش و ژانە هەڵگرێ. بەڵام مادامەکی پارێزگاری لە بوونی ڕۆحی دەکات لە ناو جەستەی خۆی، ئاخر ئەو خۆڕاگربوو وەک چۆن درەخت بەڕەگەکانیەوە خۆ ڕادەگرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناتوانێ بەو حاڵەوە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێ، ئەو پێویستە هەموو شتێک بڵێ، هەر شتێک مانایەکی هەبێ، هەتا ئەگەر کەمترین ماناشی هەبێ، بەڵێ با کەمترین ماناشی هەبێ، لەپێناوی ڕزگاری ئەوان بەردەوام بوو لە سەر قسەکەی:

– من بیرم دەکردەوە کە پێویستە هەمیشە چاودێری با بکەین و

گوێی لێ بگرین، چاودێری هاتنی (ئاگوکوک) کوندەبۆی جەمسەری زەوی بکەین. چونکە ئەو تاکە باڵندەیە کە دەتوانی لەو ماوەیەدا بەسەر دەریادا بفڕێ. فڕینی کوندەبۆ ڕێگەمان نیشان دەدات. چونکە هەموو باڵندەیەک لە سەر دەریا بە هێڵێکی ڕاست دەفڕێ بۆ هیچ لایەک با ناداتەوە بەهێڵێکی ڕاست دەفڕێ. (ئاگو کوک)یش وایە.

میلگۆن بە گاڵتەوە بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە پرسی:

– ئەدی ئەگەر ئێمە لە نێوان زەوی و هیچ دوورگەیەک نەبووین؟

ئۆرگان لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوە:

– ئەو کاتە نایبینین.

کیریسک دەیویست زیاتر لە مەسەلەکە بگات، دەیویست بزانێ لە بەرچی ئاگوکوک بەسەر دەریادا دەفڕێ و چ مەبەستێکی لەمە هەیە. بەڵام میلگۆن لەپێش ئەودا بە پێکەنینێکی پڕ لە ڕقەوە وتی:

– ئەگەر ئاگوکوک لە بیری چوو بەسەرماندا بفڕێ ئەی باپیرە، وای پێ باش بوو بۆ شوێنێکی دیکەی دوور بفڕێ ئەوساکە چۆن دەبێت؟

ئۆرگان لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوە:

– ئەوساتەش هەر نایبینێ.

میلگۆن تووڕە و سەرسام بوو:

– کەواتە نایبینین. ئەوە مانای وایە کارەکە هەرچۆنێک بێت ئێمە نایبینین، کەواتە پرسیار ئەوەیە ئێمە بۆ لێرە خۆمان شاردۆتەوە؟

میلگۆن زیاتر ڕقی هەڵسا و دەستی بە پندە پند کرد، پاشان دایە قاقای پێکەنین دوای ئەوە کڕ بوو. هەموویان شڵەژابوون، بێدەنگ بوون و نەیاندەزانی دەبێت چی بکەن. لەو ماوەیەدا میلگۆن بیری لە

شـــتــێک دەکــردەوە ناو لـەپی لـە خــوارەوە بۆ ســەرەوە بـە توندی لە سـەوڵەکـەی دا و لـە شـوێنی خـۆی هـەڵی کـێشـا پاشــان چووە سـەر پێـشـەوەی بەلەمـەکـە، قـیت ڕاوەسـتـا و سـەوڵەکـەی بۆ ڕاگـرتنی هاوسەنگی خۆی بەکار هێنا.

کـەس هـیـچی پێ نـەوت، ئەو خـۆشـی گـرنگی بە کـەس نـەداو بە تووڕەییەوە هاواری کرد:

– ها تۆ ئەی دێڵـە سـەگ، تۆ ئەی سـحـرباز. بە هەمـوو هێـزی خـۆی هاواری دەکرد و لە نێو تاریکی تەمدا بە سەوڵەکەی هەڕەشەی دەکرد:

– ئەگـەر تۆ پاشـای بای و دێڵـە سـەگی بۆگـەن نیت کـوا لە کـوێیـە (با)یەکـەت؟ یا تـۆ لە ناو کۆڵیتـەکـەت تۆپیوی ئـەی دێڵـە سـەگ، یاخـود هەمـوو سـەگی دونیـات لـێ کۆبـۆتەوە و تۆش نازانی خـۆت تـەسلیـمی کامـیان بکـەیت، یان ئەو سـەگـانە یەک بە دوای یەک لـە گـەڵتـا جـووت دەبن هەی دێڵە سـەگ؟ لەبەر ئەوەیە تۆش کاتت نییـە با بجوولێنی، یان لە بیـرت چووە ئـێمـە لە نـاو ئەو تەمـە کـوشندەیە دەست لە ئـەژنۆین و هـەر دەڵێی لە نـێــوان زەوی و ئـاســـمـــاندا‌ین؟ یاخـــود تـۆ نازانـی بچـووکـێکمـان لـەگـەڵدایە ئـاخـر چۆن وا دەبێ؟ من پێت دەڵێم ئـێـمـە بچـووکێکمـان لەگـەڵدایە و یەکـەم جـاریەتی بێتـە سـەفـەری دەریا تۆش ئاوا لەگەڵمان دەجوولێیتەوە؟ ئایا ئەمە هەقـە؟ ئەگەر تۆ پاشای با ی و پیسـایی گۆلکی دەریا نیت بایەکـەت بنێرە، گوێت لێمە؟ تەمـەکە بەرە و بیـخـەرە ژێر کلکتەوە، گوێت لێـمـە؟ ڕەشـەبایەک بنێرە هـەی دێڵەسـەگ بەهێزترین ڕەشـەبا. با شـەپۆلەکان لوولـان بدەن ئەی دێڵە سـەگی پیس، گـوێت لێمـە؟ من تف و مـیز لـە پیسـتـە مـووداڕەکـەت دەکەم، ئـەگـەر تۆ پاشــای (با)ی، ڕەشــەبـای خـۆتمان بۆ ڕەوان کـە و لە دەریـا نقـوممان

بکە، دەنا تۆ دێڵە سەگێکی بەدفەڕی و منیش گۆڵە سەگم، سەگێکی تر بەڵام من شتەکەت لە گەڵ ناکەم... ها ئەوە بۆ تۆ بیگرە و بیگەزە بیگەزە...

ئا بەم جۆرە میلگۆن جوێنی بە (شامان) -پاشای ڕەشەبا- دا، بە ناشیرترین قسە، کە کەس نازانی لە کوێدایەو کەس نازانی (با)یە بەر ئەمرەکەی لە کوێدا خۆی شاردۆتەوە. میلگۆن ئەوها بانگی دەکردو لە پێستی خۆی چووبووە دەرێ، ئەوەندە هاواری کرد تا دەنگی نووسا و پاشان ڕشایەوە، لە کاتێکدا بە گاڵتەپێکردن سەرزەنشتی پاشای ڕەشەبای دەکرد، لە هەمان کاتدا دەستی پاڕانەوەی پان دەکردەوە داوای بای دەکرد، پاشان بەهەموو هێزیەوە سەوڵەکەی فڕێدایە ناو دەریا و گەڕایەوە شوێنی دانیشتنی خۆی و لە پڕێکا لە پرمەی گریانی دا بەدەنگێکی بەرزو ترسناک و دەم و چاوی لە ناو لەپەکانیدا شاردبۆوە. هەموویان بەو کارەی ئەو بێدەنگ و دڵگران بوون، بەڵام میلگۆن دەستی بەگریان کرد بۆ منداڵە بچووکەکانی. کیریسک کە قەت پیاوێکی بە گریانەوە نەدیبوو لە ترسان دەلەرزی ڕووی لە ئۆرگان کرد، لە کاتێکدا فرمێسک لە چاوەکانیدا دەباری:

– باپیرە، باپیرە، میلگۆن بۆ دەگریێت؟

– مەترسە. "ئۆرگان منداڵەکەی هێورکردەوە،" دەستەکانی ئەوی دەگوشی،" ئەمەش کۆتایی دێت، ئێستا واز دێنێ، بەڵام تۆ بیر لەمە مەکەرەوە، ئەوە بۆ تۆ گرنگ نییە، ئەوەش کۆتای دێت.

ئەوەبوو میلگۆن نەختێک ئارام بۆوە بەڵام دەم و چاوی خۆی لە ناو لەپەکانی بەرز نەکردەوە، لە کاتێکدا شانەکانی بە شێوەیەکی گرژ دەلەرزی و بە ئاهو ناڵەوە فرمێسکی دەباراند. ئۆمرایین لە سەرەخۆ

بەلەمەکەی لە سەوڵەکەی سەر ئاوەکە نزیک خستەوە، پاشان سەوڵەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ناو بەلەمەکە و لە شوێنی خۆی لە جۆگەکەی قایم کردەوە.

ئومرایین کە زۆر بەزەیی بە میلگۆندا دەهاتەوە وتی:

ئارام ببەوە ئەی میلگۆن. تۆ لە سەر حەقی، باشترە بکەوینەوە باوەشی ڕەشەبا نەک لە نێو تەمێکی مەنگدا دەستەوەستان بمێنین. با کەمێ چاوەڕێکەین، بەڵکو لە ناکاو دەریا دەرکەوێ، چیمان لە دەست دێ بیکەین؟ میلگۆن بەهیچ شتێ وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو زیاتر سەری خۆی لە بەرخۆی نایەوە، وا بەکووڕی دانیشتبوو دەتوت شێتە و دەترسێ سەیری پێشی خۆی بکات.

تەم تومان هێشتا بەشێوەیەکی مەنگ و وەستاوەو باڵی بەسەر زەریادا کێشاوە دونیای پڕکردووە لە تاریکییەکی مەزنی بێ گیان. نە(با)ی دێ و نە بارودۆخەکە دەگۆڕێ. هەرچەندە میلگۆن بانگی (شامان)ی بای کرد و لێی خوڕی و، هەرچەندە هانی داو جوێنی پێ دا، بەڵام ئەو هەر کەڕو بێ کەڵک بوو لە بەرامبەر ئەمانە، ئاخر نەتووڕە دەبوو و نەدەجوولاو هیچ (با)یەکیشی بەسەردا هەڵنەکردن. ئومرایین بە هەردوو سەوڵەکەی هێدی هێدی سەوڵی لێدەدا هەتا لە شوێنی خۆیان نەوەستن بەلەمەکەش بە شێوەیەک لە سەر ڕووی ئاوەکە دەڕۆیشت هەر ئەوەتا هەستی پێ دەکرا. ئۆرگانیش کڕو بێ دەنگ لە هزرەکانیدا ڕاچووبوو، ڕەنگە گەڕابێتەوە سەر- کە لەوانە دواهەمین جاریشی بێ لە ژیانی- بیرکردنەوە لە (ماسیژن)ەکە.

کیریسکیش، هزرکردنە بێ توانا و هەراسانکارەکانی خەریکی

کردبوون و بەدەنگێکی نزم لێی پرسی:

– باپیرە، باپیرە، لە بەرچی ئاگوکوک بۆ دوورگەکان دەفڕێ؟

– لە بیرم چوو پێت بڵێم، لەو چەشنە تەمە چڕەدا، ئاگوکوک تەنها باڵندەیەکە بتوانێ بەسەر دەریادا بفڕێ، ئەو بۆ ڕاو بەو دوورگانە دەفڕێ و هەرکاتێک بیەوێ بەچکەی گۆلکی دەریا دەگرێ، چونکە چاوەکانی لە نێو تەم و تاریکی شەویشدا هەروەک چۆن لە ڕۆژدایە ئاوا دەبینن و لە بەرئەوە ئەو باڵندەیە گەورەترین و بەهێزترین کوندەبۆیە. کیریسک بەمنگە منگی لێوە وشکەکانیەوە لەبەر خۆی وتی:

ئەگەر منیش چاوی وام هەبوایە، ئێستا بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆیشتن کە پێویستە ئەوسا هەر زوو دەگەیشتینە سەر زەوی، ئەوسا تێر دەمانخوارد و دەمانخواردەوە..

ئاخ ئەگەر چاوی لەو چەشنەم دەبوو.

ئۆرگان وتی:

– هەر یەکێک چاوی خۆی دراوەتێ.

بێ دەنگ بوون، پاشان ماوەیەکی درێژ گەڕانەوە سەر قسەکردن و ئۆرگان لە دەم و چاوی منداڵەکەی ڕوانی و وتی:

– ئایا تۆ فرە دڵتەنگی سەبر بگرە، ئەگەر سەبر بگری دەبیە ڕاوچییەکی مەزن.

سەبر بگرە ئەی خۆشەویستم بیریش لە ئاو مەکەوە، بیر لە شتێکی دیکە بکەوە، بیر لە ئاو مەکەوە.

کیریسک هەوڵی دا ئامۆژگاری باپیرە پەیڕەو بکا و بیرلە ئاو نەکاتەوە، بەڵام ئەمەی بۆ نەهاتە دی چونکە هەرچەند هەوڵی دا بیر لە

ئاو نەکاتەوە زیاتر ئارەزووی دەچوو بۆ ئاو خواردنەوە. هەروها ئارەزووی بۆ خواردنیش دەچوو، چونکە وەختابوو لە برسان شێت بێت، ئەو دەیویست لە تاو برسێتی هاواربکات، هەروەک چۆن میلگۆن بە ڕووی دونیادا هاواری کرد.

ئەو ڕۆژە ئاوا ڕۆیی. هەموو دەم چاوەڕوان و بە هیوابوون لە دوورەوە و گوێیان لە شڵپ و هۆری شەپۆلەکان ببێ و بای ژیانهێنەر بەسەریاندا هەڵبکات و ئەم تەمە بەلاهێنەش بۆ لایەکی دی دونیا ڕابماڵێ و ڕێگای ڕزگاربوونیان بۆ بکاتەوە. بەلام بێ دەنگی باڵی بەسەر دونیادا کێشا بوو، کڕییەکی وەستاو و کوشندە کە سەرو گوێچکە دێنێتە ژان. بە درێژایی کات و بێ پسانەوە هەستیان بە ئارەزووی جۆش سەندوویان دەکرد بۆ ئاوخواردنەوە. ئەمەیان زۆر مەترسیدار بوو: لە نێو زەریای بێ کۆتاییدا، خەریکە بۆ ئاو لە تێنوێتییان دەمردن.

کاتی ئێوارێ، میلگۆن حاڵی زۆر خراپ بوو هەرگیز قسەی نەدەکرد و نیگاکانی خەیالاوی و بێ مانا بوون. ناچاربوون هەندێ ئاو تێکەن تا گەروویان پێی تەڕبکەنەوە، بەلام ئۆرگان خۆی پێ ڕانەگیرا کاتێ سەیری کیریسکی کرد وا چاوی هەر لەسەر جامی ئاوخواردنەوەیە بۆیە بڕێکی بۆی تێکرد، پاشان بۆ ئۆمراییینیشی تێکرد. بەلام ئەو تەنها دڵۆپێکیش چییە نەیخواردەوە.

ئەمجارە پاش ئەوەی بەرمیلەکەی لە شوێنی خۆی لە ژێر کورسیەکە دانایەوە، ماوەیەک بێ جووله دانیشتن، بیری بەتەواوی چڕکردبۆوە سەر هزرە بەرزەکانی، وەک بڵێی ئەو کابرایە هەرگیز تێنوێتی نەچەشتبێ و قەتیش ئازاری جەستەی نەبینیبێ. لەدواوە دانیشتبوو،

کرو بتەو، وەک تاکە هەڵۆی سەر لووتکەی شاخان. ئەو دەیزانی دەبێ چی بکا، بۆیە دەچووە خەڵوەتی نەفسی خۆی هەتا پارێزگاری لە دوا هێز و توانای خۆی بکات، بۆ ساتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوا کار لە ژیانی. لەو ساتەوەختەدا قەننەکەی کەم بوو. جاران پیرەپیاو هەمیشە حەزی لە قەننەکێشان بوو و دووکەڵەکەی بە هەوادا دەکرد و بیری لە (ماسیژن)ەکەی دەکردەوە.

– لە کوێدا مەلە دەکەی ئەی ماسیژنە مەزنەکە؟

ئەو خۆی دەناسی دەیزانی تین و گوڕی پیاوانەی هەتا کوێ بڕ دەکات لەکاتێکدا وا بۆ کۆتایی ژیانی شۆڕ دەبێتەوە. تاکە شتێک کە لە جێبەجێکردنی ئەو شتە دوای دەخات، کە بڕیاری لێداوە، کیریسکە، کە لەم ڕۆژانەی دواییدا زۆر هۆگری ببوو و هەمیشە لە تەکیەوە خۆی پێیەوە نووساندووە بۆ خۆگەرم کردنەوەو خۆ پاراستنی.

ئەو بۆ حاڵی منداڵەکە دەتلایەوە. بۆیە لەپێناوی ئەودا پێویستە بڕیارەکەی جێبەجێ بکات. ئەو ڕۆژە درێژ و خەفەتبارە کە دواهەمین ڕۆژە بۆ ڕابەر ئۆرگان بەم شێوەیە کۆتایی هات، ئێوارە داهات، ئەوەتا شەوێکی دیکەش هاتەوە.

لەو شەوەدا کەش و هەوا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهات و وەک خۆی مایەوە. تەم وەک جاران هەموو شتێکی لە ناو دەریا داپۆشیبوو بەهەمان حاڵەتی مەنگ وەستاوی خۆی لەنوێوە تاریکی شەوی کەڕ باڵی کێشا و شەوێکی درێژی بە دواوە داهات تابلێی ئاستەم، شەوێکی تابلێی دڵڕەق. بەڵام خۆزگە ئەم شەو لە ناکاودا (با) هەڵی دەکرد، جا با ڕەشەبابێ هەر شتێک بێت، بە مەرجێ ئاسمان دەرکەوێ و ئەستێرەکان ببینرێن، بەڵام دیار بوو شەوەکە مزگێنی وای

پێ نەبوو و هیچ شەپۆلێک لە سەر ئاوەکە تێبینی نەدەکرا، هیچ کزە بایەکیش نەدەهات. هەموو شتێک لە هێمنییەکی ترسناکدا خەوتووە کە نارەوێتەوە و تاریکیش کۆتایی نایە. تاکە بەلەمێکی سەرگەردان لەو تاریکییەدا، خەڵکەکەی کە وەڕس بوونە و برسێتی و تێنوێتی برستی لێ بڕیون، لە سەرەخۆ دەسوورێنەوە، لە تەنهایی تەواودا ڕووبەڕووی قەدەری خۆیان دەبنەوە.

کیریسک نەیدەزانی کەی خەوی لێکەوتووە. بەڵام ماوەیەکی باش نووست لەکاتێک لە ژێر ئازاری تێنوێتییەک دەینالاند کە سنووری نەبوو. وا دیارە هەتاهەتایە ئەم ئێش و ئازارەی کەوا خەریکە بەزیندوویێتی دەتوێنێتەوە، جارێکی تر کۆتایی نایە. ئەو تەنها پێویستی بە ئاو بوو، تەنها جگە لە ئاو شتێکی دیکە نا، چونکە هەستکردن بە برسییێتی وردە وردە کپ دەبێتەوە وەک ژانێکی کەڕ بە ناختدا شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام تێنوێتی هەرچەندە درێژە بکێشێ زیاتر گڕ دەسێنێ و هیچ شتێ نایکوژێنێتەوە.

کیریسک بەبیری هاتەوە کە منداڵ بوو کاتێک ڕۆژێکیان زۆر نەخۆش بوو. لە جێگا ڕاکشابوو و ئارەقەی لێ دەچۆڕا و باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، هەستی بە تێنوێتی دەکرد. دایکی هەنگاوێک کەمتر لەو دوور بوو و بە درێژایی کات پارچە قوماشێکی تەڕی لە سەر ناوچەوانە گڕسەندووەکەی دادەنا و بەدزییەوە دەگریا و لە ژێر لێوانەوە شتێکی دەوت. لە جەوێکی نیمچە تاریک، لەبەر تیشکی چرایەکی زەیتی و لە نێو تەمێکی کپ و لەرزهێندا، دەم و چاوی خەفەتباری دایکی دەبینی. باوکی لە ماڵ نەبوو- لە دەریا بوو- کیریسک ئاوی خواردنەوەی داوا دەکرد و دەیویست باوکی زوو

بگەڕێتــەوە مــاڵەوە، بەڵام ئەم دوو ئارەزووەی نەهاتنە دی، باوکی لە شوێنێکی دوور بوو دایکیشی ئاوی نەدایێ بیخواتەوە، بەڵکو پێی وت هەرگیز نابێ ئاو بخواتەوە. دایکی بەپارچە پەڕۆیەک لێوە وشکەکانی تەڕ دەکــردن،. بەڵام ئەوە تەنهــا بۆ چرکەیەک دەیتوانی ئازاری کەم بکاتەوە. دیســان ســەرلەنوێ ئارەزووی بۆ ئاو خــواردنەوە جــۆشی دەسەند بەجۆرێک خۆی پێ ڕانەدەگیرا.

دایکی قەناعەتی پێ دەهێنا و دڵی دەدایەوە کە ئاو نەخــواتەوە و دەیوت دەبێ خۆت ڕاگری ئەوسا نەخۆشییەکە بەرت دەدا.

ئارام بگرە خۆشەویستەکەم هەتا سبەینێ ئەوسا چاک دەبیتەوە. لە نێوان خۆت و نەفسی خۆتدا ئەمە دووبارە بکەوە: ئەی مشکە شینەکە، ئاوم بدەرێ، ئەوسا کارەکە ئاسان دەبێ. بەڵام باش بانگی بکە...

لەو شەوەدا کیریسک هەر منگە منگی بوو، شەڕی لەگەڵ تێنوێتی دەکـــرد بەو پاڕانەوەیە، بەڵکو مـــشکە شین بێ و ئاوی بۆ بێنێ. دووبارەی دەکــردەوەو دەپاڕایەوە (ئەی مــشکە شــینەکــە ئاوم بدەرێ، ئەی مــشکە شــینەکــە ئاوم بدەرێ) پاش ئەوەی لە ناو گــەرمی (تا) جنگڵی دەدا و هوڕێنەی دەکــرد. ئەو هەر دەپاڕایەوە:" ئەی مــشکە شــینەکــە ئاوم بدەرێ "بەڵام مــشکە شین نەهــاتو ئەویش بەردەوام بە ورتەورت بانگی دەکردو دەگریا و دەپاڕایەوە (ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ) دواجار مشکەکە هات.

مشکە شینەکە لەشی سارد بوو و نەدەگیرا، وەک شنەبای سەر گۆماوی نێو دارستان لە کاتی نیوەڕۆدا بە زەحمەت دەبینرا، شینێکی ئاسمانی دیار بوو، سووک بوو وەک پەپوولە دەفڕی.

مــووە نەرمەکانی لمووزی لە دەمــوچاو و مل و جەستەی کیریسک

دەخشاند و ئازاری کەم دەکردەوە وا پێدەچوو ئاوی خواردنەوەی بۆ هێنابێ و پێی دابێ، ئەمیش زۆری لێ خواردەوە بەبێ ئەوەی تێنویتی بشکێ، بەڵام ئاوەکە دەوری ئەوی داوە و خەریکە هەتا تەوقی سەری ون دەکات...

بەیانی کە لە خەو هەڵسا بینی پڕە لە هەستی خۆشی و جەستەی سووک بووە، هەڵساو بینی چاک بۆتەوە هەرچەندە نەختێک لاواز ببوو بەڵام لە بیری ما کە ئەو مشکە شینە بەئاوەوە بەپەلە هات بەو شەوە، لەکاتێکدا کە وەزعی خراپ بوو ئاوی دایێ و چاک بۆەوە. ئەم شتە لە مێشکی کیریسک دامایەوە.

ئەمڕۆش ئەمەی بە بیردا دێتەوە لەکاتێکا وشک هەڵدەگەڕاو لە تێنوێتییان لە ناو بەلەمەکە دەسووتا. خۆزگە ئەمجارەش مشکە شین دیار بکەوتایە. لەو ساتەدا بەخەفەت و تاڵییەکی قووڵەوە بیری لەدایکی دەکردەوە کە بە مەشکە شینی ئاو هێنەر، هیوای لە دەروونیدا بووژاندەوە.

بە دەم ئازارەوە بیری کەوتەوە کە چۆن دایکی بەسەریدا نووشتاوەتەوە، ئەوکاتەی بەزەحمەت هەناسەی دەداو ئاوی دەویست، ڕووی دایکی خەفەتبار و دڵسۆزانە دیار بوو بە ڕادەیەک فرمێسکی لەچاواندا دەهاتە خوارەوە. بە نائارامییەکی قووڵەوە سەیری ئەمی دەکرد. بە پاڕانەوە و ترسی خەفەکراوی ئامادەی هەر شتێ بوو لە پێناوی چاکبوونەوی ئەودا بیکات.

ئێستا ئەو دەبێ چۆن بێ و چی بکا؟

ئەو دەمرێ و دەگری و چاوەڕێی دەریایە، دەریاش هیچ شتێکی پێ ناڵێ کەس ناتوانی یارمەتی بدات لەو کارەساتە تەنها ئەو ژن و

منداڵانە نەبێت کە ئێستا مسۆگەر، لە قەد پاڵی سەگە بەڵەک ئاگر دەکەنەوە. بەو جۆرە هیوای پێ دەبەخشن. ڕەنگە لە ناکاودا خۆشی و کامەرانی دابەزێ و لەم دەم کەنارەدا لەپڕێکدا ئەوانە دەرکەون کە لە دەریادا سەرگەردان بوونە.

بەڵام ئەوان ئێستا بەلەمەکەیان لە بۆشاییەکی مردووی ڕەش بۆردا بە هێواشی دەسووڕێنەوە و دوا هیوایان بۆ ڕزگاربوون نەماوە. نەخێر. هێزەکان هەرگیز بەرامبەر نەبوون- تاریکی شەو تا پێش هەڵاتنی خۆر دونیای داپۆشییەوە و چوار حوکم بەسەردراو لە ناو بەلەمێکی بێ هێز کە هەڕەشەی وەرگەڕانی لێ دەکرێ....

بێ خواردنەوە و بێ ئاو، بێ ئەوەی ئەستێرەکان دیارکەون تا لە نێو زەریا ڕێگایان نیشان بدات.

کیریسک لە ژیانیدا، تاریکی وەها ڕەشی نەدیبوو لەم دونیایە، لەماوەی ئەو ژیانە کورتەیدا، هەتا بۆجارێکیش بە خەیاڵیدا نەهاتبوو کە ئازاری گڕی تێنوێتی تا ئەو ڕادەیە سەختە. کیریسک بۆ ئەوەی بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بێت، بیری لە مشکە شینە _ ئاودێرە دەکردەوە، کە جارێکیان ئاوی دایێ و چاکی کردەوە.

(ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ) بە بێ وەستان ئەم پاڕانەوە غەریبەی دەوتەوە، کە کاتی خۆی دایکی فێری کردبوو، بەچرپە چرپ لە بەینی خۆی و نەفسی خۆیدا دەیوت: (ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ، ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ). لەگەڵ ئەوەی هیچ موعجیزەیەک ڕووی نەدا بەڵام ئەو هەر لە پاڕانەوەو بانگکردنی مشکەشین بەردەوام بوو. ئێستا هیواکەی ئاڵۆز بووە و پاڕانەوەکەی لە دژی تێنوێتییە.

(ئەی مشکە شینەکە، ئاوم بدەرێ)!

قسـەی لەگـەڵ خـۆی دەکـرد و هەوڵی دا خـۆی بەوە بخـافڵـێنێ. منداڵەکە جارێک خەوی لێدەکەوت و جارێکی تر هەڵدەستایەوە بە بێ ویستی خۆی جارناجارێ لە بەینی نووستن و بە خەبەر هاتن، گوێی لە گفتوگۆی نێوان ئۆرگان و ئومرایین دەگرت.

ئەوان بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەنگێکی نزم باسیان لە شتێک دەکرد. قسـەکانیـان غەریب و ئاڵۆز بوو، ماوە ماوە بێدەنگی لە خـۆدەگرت، هەندێ جار وشەی توند و نادیار لە قسەکانیان هەبوو.

کیریسک چاکتر لە قسەی ئۆرگان دەگەیشت- کە لە تەنیشت ئەو خۆی کڕکردبوو- پیرەپیاو زۆر بە زەحمەت قسەی دەکرد و بە تۆبزی هەناسـەی هەڵدەکێـشا و هەوڵی دەدا بەسـەر نووسکە و خـڕەخـڕی گەروویدا زاڵ بێت. کیـریسک بەشـێوەیەکی خراپتـر گوێی لە باوکی دەبوو، چونکە ئەو لە دوور دانیشتبوو، لە تەک سەوڵەکانی خۆی.

ئومرایین بە گەرمی چرپاندی هەر دەتوت کەسێک لێرە گوێ بیستی دەبێ:

- نابێ من تۆ فێر بکەم، بەڵام بیرکەوە ئەی باپیرە خۆ تۆ مرۆڤێکی ژیری.

ئۆرگان وەڵامی دایەوە و وا پێدەچوو لە سەر ڕای خۆی مابێتەوە:

- من بیـرم کـردۆتەوە، بەچڕی بیـرم کـردۆتەوە، کـارەکـە بەو جـۆرە باشتر دەبێت.

پاشـان مـاوەیەک بێ دەنگ بوون، دوایێ ئومـرایین دیسـان هـاتەوە قسە کردن:

– ئێــمــە هەمــوومــان لە ســەر پشــتی یەک بەلەمین، پێـویســتـە چارەنووسمان، چارەنووسی هەموومان یەک بێ.

پیرەپیاو بە دڵێکی ناخۆشەوە منگەی لێوەهات:

– چارەنووس، چارەنووس، کـەس لە دەست چـارەنووس ڕاناکـات ــ ئاوا قسەی دەکردو هەناسەی لەگەڵ دەنگی تێکەڵ بوون– ئەمە کارێکی زانراوە بۆیە ئەوە چارەنووسە، جا بتەوێ ملی بۆ کەچ کەی یاخودنا.

لەبەر ئەوەی کــۆتایی واهات بۆیە یەکــێک لە ئێـــمـــە دەتوانـێ دەرئەنجامی ئەو چارەنووسە هەڵگرێ، بۆ ئەوەی ئەوانـی تر چاوەڕێ نەبن. تۆ خـۆت بیربکەوە: ئەگـەر لە ناکـاو ڕێگا ئـاوەڵابوو و بەهەمـوو هێزی خۆت هەوڵ تدا و زەویت لێ دیارکەوت، بەڵام چەند قومە ئاوێکت کـەم بوو تـا ئەجـەلەت دوابخـات. ئایا ئەمــە دادپەروەریە، ئایا ئەمـە توورەو خەفەتبارت ناکات؟

ئومراییین بەچەند وشـەیەکی بێ مانا وەڵامی دایەوە پاشـان بێ دەنگ بوون، کیریسک بە دەم بانگکردنی مشک شینەکە هەوڵی دا بنوێ. ئەو بڕوای وابوو کاتێک کە دەنوێ مشکەکە ئامادە دەبێ.. بەڵام خـەوی لێ نەدەکەوت.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ !

ئۆرگان پرسی – میلگۆن چۆنە؟

ئومراییین وەڵامی دایەوە:

– هەروەک خۆیەتی، هێشتا هەر ڕاکشاوە.

– دەڵێی ڕاکشـاوە پیرە پیاو نەختێ چاوەڕێی کرد پاشـان بیـری هاتەوە وتی:

– کە بە هۆش خۆی هاتەوە پێی بڵێ.

ئومـرایـین بەدەنگێکی لەرزۆک لـە کـاتێکدا بە ئحـم ئحـمـەوە زۆری لەخۆی کرد وتی:

– باشە، باپیرە. هەموو شتێکی پێ دەڵێم هەرچیمان وت ئاوا.

– پێی بڵێ من زۆر ڕێزم لێی دەگـرت. ئەو ڕاوچییـیـەکی گـەورە و پیاوێکی ژیرە، هەمیشە ڕێزی لای من هەبوو. دیسان بێ دەنگ بوون.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ.

پاش ئەوەی ئومرایین شتێکی وت، کیریسک گوێی لە هەمووی نەبوو، بەڵام ئۆرگان وەڵامی دایەوە:

– نەخێر ناتوانم چاوەڕێ بکەم. نابینی؟ هێزم لە بەردا نەماوە دێڵە سەگە چاکەکەش دوور لە چاوان مەلە دەکات. من بەخۆم، مرۆڤێکی مەزن ژیام، ئەوەی دەزانم. من هەمیشە خەونم بە (ماسیژن) دەبینی.. تۆ لەوە ناگـەیت... دەمـەوێ بچـمـە ئەوێ.–هەروەها باسی شـتـێکی تریشیان کرد. بەڵام کیریسک نووستبوو و داوای ئاوی لە مشکەکە دەکرد (ئەی مشکە شـینەکـە ئاوم بدەرێ). دواهەمین شت کـە گـوێی لێبوو ئەوە بوو کـە باوکی بە ئۆرگـانی وت، پاش ئەوەی نـەختـێک لێی نزیک بۆوە.

– باپیـرە لە بیـرتە؟ جـارێکیـان بازرگـانی بزنەکـێوی هـاتن، تەور و شتێکی دیکەیان دەگۆڕییەوە؟ ئەوی سوور و سپییە گەورەکە وتی من لە وڵاتێکی دوور، پیاوێکی مەزن هەبوو بەپێی خۆی لەسەر ئاوی دەریا دەڕۆیشت. کەواتە ئەو جۆرە خەڵکەش هەنە.

– ئەمە مانای وایە ئەو مرۆڤێکی زۆر مەزنە، مەزنترینی هەموو مەزنەکانە. بەڵام لای ئێمە ئەوا مەزنترین شت (ماسیژن)ە.

لەو کاتەدا کیریسک نووستبوو بەڵام هەندێ وشە بە نادیاری چووبوونە مێشکییەوە:

– چاوەڕێ بکە، نەختێک بیری لێ بکەوە...

– کاتی هاتووە. بەشی خۆم ژیاوم... ڕێگام لێ مەگرە، هێزم نەماوە و بێ تاقەتم.

تاریکییەکی تێرە...

–جا جیاوازی چییە...؟

– هێشتا هەموو قسەکانم بۆت نەکردووە...

– وشە کۆتاییان نایە. پاش ئێمەش کۆتاییان نایێ.

– تاریکییەکی ئەنگوستە چاوە...

– ڕێم لێ مەگرە. چیتر خۆم پێ ناگیرێ، هێزم هەڵدەپرووکێ، من خۆم دەمەوێ...

– تاریکییەکی مەنگە...

ئێوە خۆتان ڕاگرن هێشتا نەختێک ئاو ماوە...

– لەپە کورژ و گەورەکەی بەنەرمی و لەسەرخۆ بەسەری منداڵەکە دا هێنا. ئەو لە خەودا زانی ئەوە دەستی ئۆرگانە. دستە گەرم و گرانەکەی ماوەیەک لە سەر سەری هەڵنەگرت، وەک بیەوێ پارێزگاری لێ بکات.

***

کیریسک لە خەودا بینی وا لە سەر پشتی دەریا دەڕوات بۆ ئەوێ

دەچێ، بۆ ئەو شوێنەی کە پێویستە زەوی و وشکایی بێ هەتا تێر ئاو بخواتەوە، هەنگاوی دەهاوێشت بەبێ ئەوەی بەرببێتەوە یان نقوم بێت. بینی دەوروبەری جوان و سەرنجڕاکێش بوو. دەریایەکی پاک و بریقەدار بۆ هەموو یەک ڕاکشابوو هەتا چاو بڕدەکا. جگە لە ئاوی دەریا لەو دونیایە شتێکی دیکە نەبوو. تەنیا دەریاو تەنیا ئاوە. لەسەر ئەو ئاوەدا دەڕۆیشت و دەتوت لەسەر وشکانی دەڕوا. شەپۆلەکان بەنەرمی لە ژێر تیشکی خۆردا دەجوولان، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو لایەک. نازانرێ ئەو شەپۆلانە لە کوێ دەردەکەون و بۆ کوێ دەڕۆن. ئەو بە تاک و تەنیا لەسەر دەریا دەڕۆیشت. لە سەرەتادا وای زانی لەپێش ئۆرگان و ئومرایین و میلگۆندا غار دەدات هەتا زوو ئاو بدۆزێتەوە، ئەوسا بانگیان بکات. بەڵام دواجار تێگەیشت ئەو هەرخۆی بەتەنیا لێرەیە، هاواری کرد و بانگی کردن، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە.

نە ڕۆح و نە دەنگ و نە سێبەر بوونیان نییە... نازانێ لە کوێدا ون بوونە. لەوە زۆر دەترسا و نەیتوانی هاوارەکەی تەواو بکات. زەوی لە هیچ شوێنێک و هیچ لایەک دیارناکەوێت.

لە سەر دەریا ڕای دەکرد و بە زەحمەت هەناسەی دەدا، بە هەموو هێزی خۆی هەوڵی دا بەڵام لە هیچ شتێ نزیک نەکەوتەوەو هەر لە شوێنی خۆی مایەوە. ئارەزووی بۆ ئاو خواردنەوە زیاتر جۆشی دەسەند و چیتر خۆی پێڕانەگیرا. کاتێک بینی باڵندەیەک بەسەریەوە دەفڕێ، ئەوە مراوییە لۆڤەربوو، قیژەقیژی دەکرد و بەسەر دەریادا. دەگەڕا هەتا شوێنێک بدۆزێتەوە هێلانەی لێ چێ بکات. بەڵام ئەویش پنتێکی وشکایی نەدۆزییەوە. لە هەموو شوێنێک شەپۆلە بێ

کۆتاییەکان غلۆر دەبوونەوە. مراوییە لۆڤەر سووڕایەوە بە سکالا کردنەوە نالاندی، کیریسکیش بۆلای ئەو چوو. ئەی مراوییە لۆڤەر، زەوی لە کوێیە؟ لە کامە لایە؟ دەمەوێ ئاو بخۆمەوە؟

مراوییە لۆڤەر وەڵامی دایەوە:

– لە دنیادا زەوی نەماوە، لە هیچ جێگەیەک، جگە لە شەپۆل هیچ شتێکی دیکە نییە. منداڵەکە لە بارەی خەڵکە ونبووەکانی پرسی:

– ئەوانی دی لە کوێن؟

– نەماون، بەدوایاندا مەگەڕێ، ئەوان لە هیچ شوێنێک نین.

هەستێکی سەخت لە تەنیایی و خەفەت بەسەر کیریسکدا زاڵ بوو کە وشە ناتوانێ وەسفی بکات. ئارەزووی هەڵاتنی کرد بۆ ئەولایەی چاوی لێ کردبوو. بەڵام هیچ جێگەیەک نییە بۆی ڕابکات، جگە لە ئاو و شەپۆل کە لە هەموو لایەک دێت شتێکی دیکە نییە. مراوییە لۆڤەر بەجێی هێشت و دوورکەوتەوە هەتا بووە پنتێکی ڕەش.

منداڵەکە پاڕایەوە!

ئەی مراوییە لۆڤەر لەگەڵ خۆتا بمبە، جێم مەهێڵە، دەمەوێ ئاو بخۆمەوە. بەڵام وەڵامی نەدایەوە و زوو لە سەر دەریا بزر بوو و بەدوای زەوییەک دەگەڕا کە هێشتا نەیدۆزیبۆوە.

خۆریش بەرچاوی ڕوون کردەوە.

بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە خەو هەڵسا، لەبەر خەفەت و ترس کە ئەوکیان گرتبوو، زۆر ئازاری دەکێشا. چاوە پڕ لە گریان و سوور هەڵگەڕاوەکانی لەسەرەخۆ هەڵهێنا، زانی کە خەونی بینیوە. بەلەمەکە نەختێ دەجووڵاوە لە سەر ئاوەکە. تاریکی. تەمە بۆرەکە لە هەموو

لایەک دادەبەزی و کۆدەبۆوە. کەواتە کۆتایی شەوە و سبەینە نزیکە. منداڵەکە لە شوێنی خۆی جوولا.

– باپیرە، دەمەوێ ئاو بخۆمەوە، خەونێکم دیوە بەمنگەمنگەوە دەستەکانی بۆ ئۆرگان درێژ کرد، بەڵام دەستی بەر هیچ کەسێک نەکەوت، ئۆرگان لەدواوەی بەلەمەکە نەمابوو.

باپیرە

– کیریسک بانگی کرد کەس وەڵامی نەدایەوە، منداڵەکە سەری خۆی بەرز کردەوە هاواری کرد باپیرە باپیرە تۆ لە کوێی؟

ئومراپین یەکسەر نزیک بۆوەوە و کوڕەکەی توند بە سنگی خۆیەوە نا:

– هاوار مەکە هاوار مەکە، باپیرە لێرە نییە، بانگی مەکە، ئەو چۆتە لای (ماسیژن).

بەڵام کیریسک گوێی نەدایێ.

– کوا باپیرەم؟ کوا باپیرەم؟ کوا؟

– گوێ بگرە، مەگری ئارام بە ئەی کیریسک باپیرە نەماوە – هەوڵیدەدا بڕوای پێ بێنێ– بەڵام چیتر مەگری. ئەو بە منی وت ئاوت بدەمێ، هەر تەنها کەمێکی لێ ماوە. ئەگەر کڕ بییەوە و چیتر نەگری نەختێک ئاوت دەدەمێ، بەڵام نابێ بگریت. بەم زووانە تەمەکە دەڕەوێتەوە.ئەوساکە دەبینی کە...

کیریسک ئارام نەبۆوە و بە نائومێدییەوە لە باوەشی باوکی خۆی ڕاچڵەکاند بەلەمەکە بە هۆی توندی جوولەی ئەوان لە شوێنی خۆی هەژا، ئومراپین نەیدەزانی چی بکات.

– ها ئێستا ئێمە لە دەریا دەڕۆین! سەیرکە ئێستا دەڕۆین ها میلگۆن هەڵسە پێت دەڵێم هەڵسە، دەڕۆین!..

میلگۆن دەستی کردە سەوڵ لێدان. بەلەمەکە لە سەرخۆ کەوتە جووڵە و ڕۆیشتن بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ و بۆچی دەڕۆن، لە ناو ئەو تەمە چڕە ڕەنگ شیرییە کە وەک جاران هەڵنیشتووە و کەڕولاڵی هەموو دنیایە. بەم جۆرە پێشوازییان لە ڕۆژێکی تازە کرد. ئێستا ئەوان بوونە سێ کەس لە ناو بەلەمەکە.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ

پاش ئەوە کیریسک نەختێک هێور بۆوە، ئومرایین چووە لای سەوڵەکەی دانیشت و بە چوار سەوڵ نەختێ خێرا کەوتنە ڕێ، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ و بۆچی.

بەڵام کیریسک، کە ونبوونی ئۆرگان ئەوی هەژاندبوو، هەر بە دڵی تەنگەوە فرمێسکی دەباراند بە تەنیا لەدواوەی بەلەمەکە دانیشت.

باوکی و میلگۆنیش نەیاندەزانی کە دەبێ چی بکەن و، نەیان دەتوانی نەیارمەتی خۆیان بدەن و نەیارمەتی کیریسک بە شتێک بدەن و هیچیان لە بەردەم نەمابۆوە تەنها سەوڵگرتن نەبێ. ئەوان تەنها بۆ لەدەریا ڕۆیشتن دەڕۆیشتن. دەم و چاویان لەنێو تەمی سپیدا ڕەش دەچوو. کارەساتێکی مسۆگەر و بێ ڕەحمانەیان بەسەر دادێ هەر هەموویان: تێنوێتی و، برسێتی...

بێ دەنگ بوون، لە باری هیچ شتێک نەدوان، ئەوان لە قسەکردن دەترسان، پاش کەمێک میلگۆن سەوڵەکانی فڕێ دا و بە تووڕەیی بە ئومراییینی وت:

– ئاوەکە دابەش کە.

– ئومرایین بۆ هەر یەکێک چەند قومە ئاوێکی تێکردە بنی جامەکە. ئاوەکە کۆن ببوو و بۆنێکی ناخۆشی لێ دەهات و بۆگەنیی ببوو. بەڵام ئەو ئاوەش زۆر کەمی ماوە. تەنها بەشی سێ چوار جاری دیکە دەکات بیخۆنەوە. کەسێک تێری نەخواردەوە و ئەوەندە ئاوەشی کە خواردیانەوە گڕی تێنوێتی هیچ یەکێک لەوانی نەشکاند. دیسان چاوەڕوانی بێ ئاکام دەستی پێ کردەوە: ئایا کەش و هەوا دەگۆڕێ یان نا؟ کەسێک نەبوو پێشنیازێکی هیوابەخش بکات. ئەوان لەکاتێدا شەکەت و کڵۆڵن و بەبێ ویستی خۆیان بوونە نێچیری بە هەند هەڵنەگرتن و کەمتەرخەمی. بە گیانێکی خۆبەدەستەوەدانەوە چاوەڕێی چارەنووسی خۆیان دەکەن، بەبێ ئەوەی ئامانجێکیان هەبێ لەنێو ئەو تەمە هیلاککەرە دەسووڕێنەوە. جگە لە ملکەچ کردنیان بۆ ئەو قەدەرە هیچ شتێکیان نەمابوو. تەم تومانەکە زیاتر هیواو ئاواتی ئەوانی هەرەس پێ دەهێناو بێ ئومێدی دەکردن. میلگۆن یەکجار هاتە قسەو بە توندی بەدەنگێکی لەرزۆکی پڕ لە ڕقەوە جوێنی دا تەمەکە، با ئەو تەمە نەمێنێ ئەوسا من ئامادەی مردنم. ئەوسا لەنێو ئەم بەلەمە خۆم فڕێ دەدەم، بە مەرجێ چاوەکانم جارێکی تر لایەکی دونیا ببینێ؟

ئومرایین کڕ ببوو، هەر ئاوڕیشی نەدەدایەوە. ئەو چی هەبوو بیڵێ؟ ئێستا ئەو بووە بە ڕابەری بەلەمەکە. بەڵام نەیتوانی هیچ شتێک پێشنیاز بکات. ئاخر هیچ جێگایەک نییە ڕووی تێ بکەن!

کات بەسەر چوو و بەلەمەکە لە خۆیەوە دەڕۆیشت، هەندێ جاریش لە شوێنی خۆی دەوەستێ و تاوێکی دی دەست بە جوولە دەکاتەوە.

لەگەڵ هاتنی هەر سەعاتێک هەڕەشە لە سەر ژیانیان زیاتر دەبوو،

وێڕای ئەو تێنوێتییە کە هەرگیز گڕی دانەدەمرکا، برسیبوونی سەخت و هەناو پڕوکێنیشی هاتە سەر. هێز و تاقەتیان خاو ببۆوە و جەستەیان گوڕی لێ دەتکا.

کیریسک لە دواوەی بەلەمەکە بە چاوێکی نیوە قوچاوەوە ڕاکشا، سەری گران ببوو و تووشی سەرەسووڕە هاتبوو. بە زەحمەت هەناسەی دەدا و گرژی دەمارەکانی چرنووکیان لە گەدە بەتاڵەکەی دەدا. ئەو هەموو دەم هەر ئاوی دەویست و هیچ شتێ لە ئارەزووی ئەو بۆ ئاو خواردنەوە بە هێزتر نەبوو.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ.

منداڵەکە ئێستا بەدەم پاڕانەوە و داخوازی لە مشکە شینی ئاوبەخش، هەوڵی دەدا تێنوێتی لە بیر خۆی بباتەوە. هەنووکە ئەو بەدوای ڕزگاربوون لە یادەوەرییەکانی ئەو ژیانە دەگەڕێ کە لە بناری چیای سەگە بەڵەکدا هەیبوون و ئێستاش بوونەتە خەیاڵێک هاتنەدی زەحمەتە.

"ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ" ئەمەی هەمیشە بە منگە منگەوە لە سەر لێوانی بوو.

لە بەرئەوەی تووشی سەرە سووڕە هاتبوو، بۆیە هوڕێنەی دەکرد و بە خەیاڵیداهات کە چۆن لە لاپەڕی پڕ لە گیای گردێک، یاری خۆگلۆر کردنەوەیان دەکرد، چوست و توند هەر دەتوت قەدی بنەدارن. ئاخ کە یارییەکی خۆش و پڕ لە نەشئە بوو. کیریسک ئەو دەمە لە هەمووان کارامەتر و خۆڕاگرتر بوو لەو یارییە. دەبوایە بە غاردان بچنە سەر گردە لێژەکە، لەوێرا خۆیان بۆ خوارەوە گلۆر بکردایەوە، وەک لوولە دارێکی چاکراو لەسەرەوە بۆ خوارەوە گلۆر دەبوونەوە، ئاوا دەستیان

شۆڕ دەکردەوە و بە جەستەی خۆیانەوە دەیان نووساندن. لە سەرەتا دەبووایە لەشی خۆیان بە خۆیان پاڵدەن هەتا لە شوێنی خۆیان بجوولێن: کە وەردەگەڕان جارێک دووان، سێیان پاشان بەبێ وەستان گلۆر دەبوونەوە.

لە مەستی خۆشی و شادیدا دەیدەنە قاقای پێکەنین، ئاسمان لە لایەکەوە بۆ لایەکی دی لار دەبێتەوە و هەورەکانیش لەبەر چاوان بەدوای یەکدا دەڕۆن و دەسووڕێن، درەختەکانیش دەسووڕێن و بەرەو بەرزایی بە سووکی دەفڕێ. خۆریش لە چەقی ئاسماندا پێیان پێدەکەنێ. لە دەوروبەریشدا دەنگی هاوارو قیژە قیژی منداڵان دێ و تۆش هەر لە گلۆربوونەوە دایت بۆ خوارەوە و هێدی هێدی خێراییت زیاد دەکا، لەو ساتانەدا دەم و چاوی درێژی منداڵەکان و لاقە خوارەکانیان بە شێوەیەکی قەشەنگ بە بەر چاوتدا ڕەت دەبن و ئەوانیش بە دواتەوەن و پاشان لە لێژاییەکە سارد دەبیەوە و دەوەستی. ئاخ کە جگە لە هەراو هۆریا شتێکی دیکە نایەتە گوێت. لێرەدا نۆرەی وردترین چرکە سات دێ: دەبێت هەستیتەوە سەر پێیان بە بێ ئەوەی بە هۆی سەر سووڕان بەربیبیەوە لە کاتی ژماردن: یەک، دوو، سێ. هەمووان لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا بەردەبنەوە ئەوساکە نۆرەی پێکەنین دێ! هەر هەموویان پێکڕا پێدەکەنن، تەنانەت تۆ خۆشت لە هەمووان زیاتر پێدەکەنی! دەتەوێ بوەستی بەڵام زەوی لە بەر پێت دەسووڕێ و شەپۆلان داوێ. بەڵام کیریسک لەم تاقیکردنەوەیەش بەرنەبۆوە. ئەو لەسەر پێیەکانی دەوەستا و هەوڵی دەدا و هەموو توانای خۆی دەخستە گەڕ، چونکە (مۆزلوک) لە نیزیکەوە بوو نەشی دەویست لەبەر دەم ئەودا بەربێتەوە وەک بێ

هێزەکانی دیکە.

بەڵام جوانترین شت و ئەوەی لە هەمووان زیاتر مایەی پێکەنین بوو، پێشبڕکێی نێوان ئەم و مۆزلوک بوو کە لەسەر گردەکەوە خۆیان گلۆر دەکردەوە بۆ خوارەوە. کچانیش دەتوانن خۆیان گلۆر کەنەوە بەڵام ئەوان ترسنۆکن و هەندێ جار کەزی و پرچیان لە شتان دەئاڵێ و گیر دەبێ.

نا ئەمە کارێکی ئاسانە چونکە ئەو شادی و دڵخۆشییە، بەبێ گلان کارێکی سانا نییە و مەیسەر نابێ.

ئەو کاتەی کە لەگەڵ مۆزلوکدا گلۆر دەبوونەوە، کیریسک بە ئەنقەست ئانیشکەکانی دەکردەوە بە شێوەیەک تێبینی نەدەکرا، بە ساردی دەجوولایەوە هەتا پێش مۆزلوک نەکەوێ ئەوسا هەردووکیان بەیەکەوە لە یەک کاتدا دەگەیشتنە خوارەوە لە نێو هاوار و قاقای پێکەنینی ئەوانەی لە دەوریانن. ئەوان هەردووکیان بە یەکەوە پێش ژماردنی ژمارە سێ خۆیان لەسەر قاچیان دەهاوێشت. کەس ناتوانێ وێنای ئەو چێژە زۆرە بکات کاتێ کە مۆزلوکی دەگرت و لەگەڵ خۆی قیتی دەکردەوە سەر پێیان لە بناری لێژاییەکە.

ئەوان هەردووکیان دەستە ملانێی یەکتر دەبوون بە بیانۆی ئەوەی گوایە یەکێکیان یارمەتی ئەوی دی داوە. مۆزلوک بە شادییەوە پێدەکەنێ، لێوەکانی زۆر سەرنجڕاکێش بوون. ئەو هەمیشە کارێکی وای دەکرد هەتا کیریسک بیگرێ، هەموو جارێک وا خۆی دەنواند کە وەختە بەربێتەوە و پێویستە یارمەتی بدا و بیگرێ و دەستە ملانی بێت تا لەسەر پێیان بوەستێ. کەس ناتوانێ ڕادەی ئەو شادییە بێ هاوتا و خۆشەویستییە تێکەڵ بە ترسە بزانێ کە ئەوان تێیدا دەژیان. لە ژێر

ئەو جلە تەنکە دڵی کچە دەکەوتە خرپەو لێدان بەتایبەت کاتێک بەیەکەوە دەنووسان و، کیریسک دەستی دەدایە مەمکە توندەکانی کە تازە هەڵیاندابوو، هەرچەند جارەی بکەوتا نایە ژێر دەستی کیریسک، ئەو کچە زیاتر دەلەرزی و زوو خۆی پێیەوە دەنووساند. چاوەکانی کە نیگای پڕ لە نهێنییان دەباراند، لەگەڵ سەرسووڕان مەست دەبوون.

هەموو دنیا– هەرچی لەسەر زەوی و ئاسماندا هەیە– بە پێکەنینی ئەوان، کە قەت نەدەپسایەوە، لەگەڵ ئەوان مەلەی دەکرد و دەسووڕا و لەگوناه پاک دەبۆوە. کەسێک ناتوانێ بزانی ئەو خۆشییە چ خۆشییەکە!

تەنها جارێکیان، یەکێ لە خزمەکانی کیریسک ئەمەی پێ زانی. ئەو نەختێ لە کیریسک گەورەتر بوو و کەسێکی ڕەزا گران و ڕیسوا بوو، هەروەک شێت خۆی دەخستە سەر مۆزلوک وای نیشان دەدا کە بەهۆی سەرسووڕان ناتوانێ لەسەر پێیان بوەستێ. مۆزلوک خۆی لێی دوور دەگرت و لەبەری هەڵدەهات، بەڵام ئەو ڕەزا قورسە بە ئەنقەست، گوایە سەری دەسووڕێ دەکەوتە دوای و خۆی دەخستە سەرێ. کیریسک لەبەر ئەو ڕەفتارەی لەگەڵی بەشەر هات. ئەو کوڕە لەبەر ئەوەی لە کیریسک باخۆشتر بوو چەند جارێک کیریسکی بە عەرز دادا لەگەڵ ئەوەش لە ئەنجامدا یەکسان دەبوون چونکە کیریسک خۆی بەدەستەوە نەدا و لێ نەدەگەڕا مۆزلوک یارمەتی بدات تەنها یەک جار نەبێت...

هەروەها لەو دەمەدا چرکە ساتی پڕ لە کامەرانی هەبوون، کاتێ بەیەکەوە ڕایان دەکرد و گەرما و ئارەقە لێیان دەچۆڕا، پاش تەواو بوونی یارییەکە دەچوونە چەمەکە ئاویان دەخواردەوە.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

چەمەکە ئەوەندە دوور نەبوو لێیان، ڕێڕەوی ئاوەکە لە ناو دارستانەکەوە دەهات بۆ ئەو شوێنەی کە یارییان لێ دەکرد. ئاوەکە لەسەر وردە بەردەکان دەبریسکایەوە و لەسەرەخۆ دەڕۆیشت، لەگەڵ خۆیدا ساردی تاری نێو دارستانەکەی دەهێنا. گیای دەم چەمەکە بۆڕ و تێکچرژای بوو، هەتا ناو ڕێڕەوی ئاوەکەشی داگیر کردبوو. ئەو گیایانەی لە لێوارەکاندا ڕوابوون لە نێو ئاوەکەدا دەشۆران بە لاچک و گەڵاکانیان بەربەستیان لە ڕۆیینی ئاوەکە دەکرد. چەمەکە بە هەڵمەتەوە بەرەو دەریا دەڕۆیشت و جار جارە لە ژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە، جارێکی دی لە نێو تاوێرە بەردە زل و بەرز و سەر تیژەکانی دەم کەنارە لێژەکە سەرەو ژێر دەبۆوە یا ئەوەتا لە نێو دەوەنی چنارەکان ون دەبوو.

هەردووکیان پێکەوە بۆ چەمەکە ڕایان دەکرد و بەیەکەوە پەلاماری ئاوەکەیان دەدا، گیایەکەیان دەدایە لا، ئەوان کاتیان نەبوو دەستیان بشۆن پاشان بە مستان ئاو بخۆنەوە، بەڵکو وەک بزنە کێوی بێنیان پێوە دەنا، سەری خۆیان شۆڕ دەکردەوە سەر ئاوەکە دەم و چاویان نقومی ناو ئەو تەوژمە خوڕدارە نەرمە دەکرد کە لەسەرەخۆ قدیلانەی دەکردنەوە، ئای کە چ چێژ وەرگرتنێک بوو.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

هەردووکیان لە لێواری چەمەکە، لەسەر زگ ڕادەکشان و سەریان

شۆڕ دەکردەوە سەر ئاوەکە، شانیان بەیەکەوە دەنووساند و دەستیان تێکەڵی یەک دەکردو پێکەوە لە ڕەوتی ئاوە خێراکەیان دەدا، دەتوت هەریەکەیان دوو جووت دەستی هەیە، بەو حاڵەوە دەمیان بە ئاوەکەوە دەنا و بە لێوەکانیان دەیانخواردەوە و دەم نادەمێک دەوەستان و نەختێک سەریان بەرز دەکردەوە هەتا برێ هەناسە هەڵکێشن، بەم شێوەیە تا تێریان دەخواردەوە و بەدەم گاڵتەو پێکەنینەوە قلّپە قلّپیان بەئاوی نێو دەمیان دەکرد و شادیان بەیەک دەبەخشی. هەرگیز ئارەزوویان نەدەکرد ئەوێ جێ بێڵن و حەزیان نەدەکرد سەریان لەسەر ئاوە بێگەردەکە بەرز بکەنەوە. لەنێو ئاوێنەی ئاوەکەدا وێنەی خۆیان دەبینی کە خێرا خێرا بەشێوەیەک دەکەوێتە سەما کە بوار بەبینییان نادات. ئەوان بەو وێنانەی خۆیان دەکەوتنە پێکەنین: دوو وێنەی خەیاڵئامێز و شێواو کە مایەی پێکەنین بوو، ئا بەم شێوەیە زەردەخەنەیان بۆ یەکتر دەنارد.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!
ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!
ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!
ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

مۆزلوک سەیری کیریسکی دەکرد بەبێ ئەوەی دەمی لە ئاوەکە بکاتەوە.

بە لاچاو، حیلەبازانە لەوی دەڕوانی. کیریسکیش بەهەمان شێوە سەیری دەکرد و زەردەخەنەی بۆ دەنارد، وەک وەڵامێک بۆ سەیر کردنەکەی ئەو.

مۆزلوک بە شانی پاڵی دەدا وەک بڵێی لە خۆی دووری دەخاتەوە،

بەڵام کیریسک لە شوێنی خۆی نەدەبزووت، ئەوساتە مۆزلوک دەمی پڕ لە ئاو دەکرد و بەدەموچاوی ئەودا دەی پڕژاند. ئەم جارەیان کیریسک هەمان شتی دەکرد، دەمی پڕ لەئاو دەکرد و بەگوڕ بەدەموچاوی کچەیدا دەیپڕژاند. بەم شێوەیە گەمەیەکی گەرم و ڕاکەڕاکەو دەنگ و هەرایەک دەستی پێدەکرد کە ئارامبوونەوەی نەبوو: لەناو ئاوەکەدا بەدوای یەک دەکەوتن و تا شل دەبوون ئاویان بە یەکدیدا دەکرد، لەناو چەمەکەدا بۆ پێشەوەو دواوە بەدەم قاقای پێکەنین و هات و هاوارەوە ئەوەندە ڕایان دەکرد، هەرلە تەوقی سەریانەوە تا بنی پێیان ئاوی لێ دەچۆڕا.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

زۆر زەحمەت بوو بۆ کیریسک بچێتە ژێر باڵی ئەو بڕوایەی کە جارێکی تر ئەم ساتە وەختە خۆشانە دووبارە نابنەوە.

هەناسەدانی زەحمە تر دەبوو، هەروەها ئازاری گەدەشی زیاتر تاوی سەندبوو.

کڕ و بێدەنگ لەبەر خۆیەوە دەگریا، لەبەر ئازاری لەشی لەسەرەخۆ هاواری دەکرد و بەردەوام بانگی مشکە شینی دەکرد:

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!

ئا بەم جۆرە پاڵی دایەوە بەشکەم لەنێو خەونەکانیدا خۆی لە بیر بکات. هیچ شتێک لە دەوروبەری ئەودا نەگۆڕا. پەردەی تەمی سپی هێشتا وەک جاران بەسەر سەریانەوە نیشتووە، هەریەکەیان لە شوێنی خۆی لە ناو بەلەمەکە بێ هێز و ئیرادە دانیشتوون، چارەنووسیان هێشتا نادیارە، هەر لەو کاتەدا بەلەمەکە بەتوندی هەژا

و گوێی لە هاواری پڕ لە ترسی باوکی بوو:

– میلگۆن، میلگۆن! ئەوە چ دەکەی؟ بوەستە!

کیریسک سەری خۆی بەرز کردەوە و تووشی سەرسوڕمان بوو: دیتی وا میلگۆن خۆی خوار کردۆتەوە تەنیشت بەلەمەکە و جامەکەی پڕ لە ئاوی دەریا کردووە و دەیخواتەوە.

– بەسە چیتر مەیخۆوە. ئومراییین ئەمەی وت و بازی دا لای میلگۆن، دەیویست جامەکەی لێ بستێنێ.

بەڵام میلگۆن بە هەڕەشە کردنەوە خۆی ئامادە کرد:

– نەکەی نزیک بیتەوە ئەی ڕیشدار، ئەگینا دەتکوژم!

میلگۆن ئەو ئاوە سوێر و تاڵەی دەخواردەوە، کە ناشێ و عەقڵیش نایگرێ هەر لە دەمیشت وەرکەی. بەڵام ئەو لەگەڵ خواردنەوەیدا هەمووی بەسینگی خۆیدا دەڕشت و یەخەی خۆی تەڕکرد. لەکاتێکدا بەدەستێکی لەرزۆک و دەموچاوێکی گرژی وەحشییانە جامەکەی بەسەر دەمیەوە دەکرد، زۆری لە خۆی دەکرد تا بیخواتەوە. پاش ئەوە جامەکەی فڕێدایە ناو بەلەمەکە و لەسەر پشت لێ ڕاکشا، زمانی دەرهێناو دەستی بە لرخە لرخ کرد. بەم شێوەیە بەڕاکشاوی مایەوە بێئەوەی کەسێک بتوانێ یارمەتی بدات. کیریسک لەبەر ئەوەی زۆر دەترسا، خۆی گرمۆڵە کردبوو و بەدەست گڕی تێنوێتی و ژانی تیژی گەدەی ئازاری دەکێشا.

بەڵام ئومراییینی وەڕس و شپرزە، دەستی دایەوە سەوڵەکەی و بەلەمەکەی بۆ شوێنێک لە نێو تەم تومانەکە ڕادا. چونکە ئەو نەیدەتوانی بێجگە لەمە کارێکی دیکە ئەنجامدات.

میلگۆن تاوێ ئارام دەبۆوەو تاوێکیش لەحەژمەت ئازاری لەشی دەکەوتە جوولەو لرخەلرخ. لە توێنێتییان دەبوورایەوە. پاش ماوەیەکی کورت سەری خۆی بەرز کردەوە:

– دەسووتێ.. هەناوم ئاگری تێ بەربوو! وای لێهات جلەکانی لەبەرخۆی دادڕێ.

– پێم بڵێ: چ بکەم؟ چۆن یارمەتیت بدەم؟ هێشتا تێیدا ماوە... ئۆمرایین بازی دایە کن بەرمیلەکە: بۆت تێی کەم؟

– نا، ئێستا نا. من دەمویست تا شەو دادێ خۆم ڕاگرم، ئەوساکە.. وەک خوالێخۆشبوو باپیرە بکەم. بەڵام خۆم پێڕانەگیرا. با وابێ.. ئەگەرنا شتێکی ترم دەکرد، لەوانە هەموو ئاوەکەم بخواردایەوە. بەڵام ئێستا ئەوە کۆتاییمە و من بەجێتان دەهێڵم. ئێستا ئەوە کۆتایی ژیانی منە... من بەخۆم هێشتا توانام هەیە...

لە نێو ئەو دەریا چۆڵ و بێ ئاوەدا و لە ناو ئەو تەمەی کە نەکۆتایی هەیە و نەسنوور و ئەجەلی هەیە. بە ڕاستی شتێکی ترسناکەو قەت خۆت بۆ ناگیرێ کاتێ گوێت لە قسەی مرۆڤێک دەبێ کە حوکمی مردنی (لەسەرەخۆ) بەسەر خۆیدا دەسەپێنێ.

ئۆمرایین دەیویست بەهەر شێوەیەک بێت میلگۆنی هێمن کاتەوە و شتێکی پێ بڵێ، بەڵام میلگۆن خۆی نەیدەویست گوێی لێ بگرێ و بەپەلە بوو. ئەو بڕیاری دابوو هەموو ئازارەکانی بە یەک لێدان ببڕێ.

میلگۆن هەروەک شێت لەبەر خۆیەوە منگەمنگی بوو:

– ئەی ئۆمرایین هیچ شتێکم پێ مەڵێ. کاتی ئەو قسانە بەسەرچوو! من بەخۆم ژیانی خۆم کۆتایی پێ دێنم. بەڵام ئێوە، باوک و کوڕ،

خۆتان بڕیار بدەن چ شتێ بۆ ئێوە باشترە. بمبوورن چونکە کارەکان بەم شێوەیە هاتنە پێش. ئێوە هەردووکتان، باوک و کوڕەکەی، بۆ خۆتان بمێنن. خۆ هێشتا هەندێک ئاو ماوە...بەڵام من بۆ لایەکەی دیکە هەنگاو دەهاوێژم.

لەگەڵ ئەو قسانەدا میلگۆن بە پشتی کووڕەوە هەڵسایەوە و خۆی بە لێواری بەلەمەکەوە گرتبوو. میلگۆن کە خۆی چەماندبۆوە، نەختێک هێزی هێنایەوە بەر خۆی و لە ژێر برۆکانیەوە سەیری ئومرایینی دەکرد و پێی وت:

– ڕێگەم لێ مەگرە ڕیشە. ئەمە ئەوەیە کە پێویستە ببێ، ڕێم لێ مەگرە. من خواحافیزیتان لێ دەکەم، ڕەنگە ئێوە خۆتان ڕاگرن. بەڵام من نا...ئێساش تۆ لێرە دوورکەوە...یەکسەر و چاوەڕێش مەکە... ئەگەر لێم نزیک بکەویەوە وەرتان دەگێڕم. هەنووکەش تۆ سەوڵەکەت لێدە ئەی ڕیشە، بە هەموو توانای خۆت لێیدە. گوێت لێمە ئەگەرنا بەلەمەکە وەردەگێڕم ها...

ئومرایین بە ناچاری ملکەچی پاڕانەوەو هەڕەشەکانی میلگۆن بوو.

بەلەمەکە بە هێڵێکی ڕاست کەوتە ڕێ و تەمە کەڕ وئاوە بێدەنگەکەی دەبڕی. کیریسکیش لەو ئانەدا کەوتە گریان و پاڕانەوە:

– مامە میلگۆن، مامە میلگۆن، وانەکەی !

هەر لەو ئان و ساتەدا میلگۆن خۆی فڕێدایە ناو دەریا و بەلەمەکەش بەتوندی کەوتە هەژان و لار بۆوە پاشان ڕاست بۆوە.

– میلگۆن بە مەلە کردن دوور کەوتەوە، لەکاتێکدا لەناو ئاوەکەدا گێژی خواردبوو، هاوارێکی لێ هەستا و تەمیش لەبەر چاوانی ون

کرد.

هەموو شتێک کڕ و مات بوو، لەنێو ئەم بێدەنگییەدا سەدای دەنگێک دەبیسترا، دەنگی دوایین هاواری کەسێک کە غەرقی ناو ئاو دەبێ. ئومرایین لەگەڵ بیستنی ئەو هاوارە داڕووخا و وەڵامی دایەوە:

میلگۆن، میلگۆن.

لە پڕمەی گریانی دا و بەلەمەکەی بۆ دواوە وەرسووڕاند.

بەپەلە گەڕانەوە، داخەکەم میلگۆنیان لەگەڵدا نەبوو، سەر ڕووی دەریا ئارام و چۆل بوو، وەک بڵێی کە هیچ شتێ ڕووی نەدابێ. وای لێهات بە زەحمەت ئەو شوێنە دیاری دەکرا کە کابرای تێدا نقوم ببوو.

هەردووکیان لە شوێنی خۆیان بە بەلەمەکە چەرخەیان دەکرد، ئەو ڕۆژەیان تا ئێوارە ئەوها بەڕێ کرد، بێ ئەوەی ڕوو لە هیچ لایەک بکەن، هەردووکیان دەگریان، ئاخر ئەو کارەساتانە هەڕەشەئامێز بوون و بێ ورە و بێ تاقەتی دەکردن.

کیریسک لە ژیانیدا ئەمە یەکەم جاری بوو ببینێ کە باوکی چۆن دەگریێ، بەرلەوە شتێکی لەو بابەتەی لێ ڕوونەدابوو.

– ئەوا ئێستا ئێمە بە تەنیاین. ئومرایین بە بنی لێوانەوە ئەمەی وت و فرمێسکیشی لە ڕیشیدا دەسڕیەوە، نەیتوانی بەسەر خۆیدا زاڵبێ، بەچرپە و بەدەم گریان و ئەشک باریندا وتی:

میلگۆن، ئەی خۆشەویستە دڵسۆزەکەم...

کات دەمی ئێوارە بوو، وادەهاتە بەرچاوان، ئەگەر خۆر لە شوێنێک لە شوێنەکان هەبێ. ئەگەر خۆر بەسەر دەریا و بەسەر تەم تومان‌دا

بڕوات، ئێستا وەختی ئەوەبوو بەرەو شوێنێ سەرەو لێژ بێتەوە ئاوا ببێ. لێرەش لە ژێر ئەو پەردە تەمە، کە هەروا زیاتر لێڵ دەبێ و تژی تاریکی دوای خۆرئاوابوون دەبێ. تاکە بەلەمێکی وێڵ و سەرگەردان، خەبەرێکی نەماوە و هەنووکە تەنها دوو کەسی تێدایە: باوک و کوڕەکەی.

پێش ئەوە، بەرلەوەی ئومرایین بەخۆی بڵێت ئێوارە نزیک دەبێتەوە، دوا بڕیاری دا کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاو بخۆنەوە. ئەو دەیبینی کە کیریسک سەبری لێ بڕاوە و چاوەڕێی ئاو خواردنەوە دەکات، زانی کە کوڕەکەی بە چ نرخێک بەرگەی برسێتی و تێنوێتی گرتووە و چەندی لەسەر کەوتووە کە خۆی بە گەورە دەزانی بێ ئەوەی یەک ورتەی لێوە هاتبێ.

مردنی میلگۆن لە وشترێک دەچوو تا بۆ ماوەیەکی درێژ بیر لە ئاو بکاتەوە.

تێنوێتی دووبارە دەروونی داگیر کردنەوە و ئارەزوویان زۆر بە توندی گڕی سەندەوە، زۆر لە جاران زیاتر ئێش و ئازار گیانی داگرتنەوە.

بە بایەخ پێدانێکی زۆرەوە، بۆ ئەوەی تەنها یەک دڵۆپە ئاویش چییە بەخەسار نەچێ، ئومرایین یەکەم جار ئاوی بۆ کیریسک تێکرد. منداڵەکە جامەکەی وەرگرتو بەیەک بێن هەڵیقوڕاند، پاشان بۆ خۆی تێکرد پاش ئەوەی بۆی ئاشکرابوو کە ئاوەکە ئەوەندە کەم ماوە هەر ئەوەتا بنی بەرمیلەکەی داپۆشیوە. کیریسکیش لەمە گەیشت کاتێک باوکی بەرمیلەکەی خوار کردەوە. ئومرایین سەراسیمە بوو و دڵی داخورپا هەرچەندە ئەمە هەر دەبوایە ڕوویدا. لەو دەمەدا ئومرایین لە

ئاو خواردنەوەکەی پەلەی نەکرد بەڵکو بە تێڕامانەوە جامەکەی لە دەست گرت و لە هیکڕا بیرۆکەیەک مێشکی تاساند، ئاخر شکاندنی تێنوێتی لە دوای ئەمە مانایەکی نەبوو.

– ها بگرە.

جامەکەی دایە کوڕەکەی، هەرچەندە نابوایە ئەم کارەی بکردایە، چونکە ئەمە سەبارەت بە منداڵەکە وەک جەفادانێک وابوو کە جامێک ئاوی بداتێ لە کاتێکدا لە خۆی ڕانەدیت بەخۆی بیخواتەوە. کاتێ کیریسک جامە ئاوەکەی لێ وەرگرت سەری بەرمیلەکەی بە چاکی قەیم کردەوە و لە شوێنی خۆی دایناوە و بە کوڕەکەی وت:

– بیخۆوە.

کیریسک بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– ئەدی تۆ؟

– من، دوایی دەیخۆمەوە. بیرت بۆ هیچ شتێ نەچێ، تۆ بیخۆوە. باوکە ئەمەی بە هێمنییەوە بە کوڕەکەی وت.

کیریسک بە شێنەیی ئاوەکەی خواردەوە. ئەو قومە ئاوە بۆگەنە، وەک چۆن ئارەزووی دەکرد تێنوێتی نەشکاند، بەڵام هەستی بە نەختێک حەسانەوە کرد.

باوکی لێی پرسی:

– ئێستا چۆنی؟

منداڵەکە بەبن لێوانەوە وەڵامی دایەوە:

کەمێک باشترم.

– کوڕم مەترسە. لە بیرت نەچێ، مرۆڤ دەتوانێ دوو سێ ڕۆژ بەبێ

ئەوەی دڵۆپەیەکیش ئاو بخواتەوە دەتوانێ خۆی ڕاگرێ، جا حاڵمان هەر چۆنێک بێت مەترسە.

– لە بەرئەوە بوو تۆ نەتخواردەوە؟ کیریسک ئاوا قسەکەی پێ بڕی.

ئومراپین بەهۆی ئەو پرسیارەوە شڵەژا، دەستەکانی لێک دا و، پاش ئەوەی بیری کردەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ.

– چەند ڕۆژ بەبێ خۆراک؟ چونکە ئێمە زەمانێکە نانمان نەخواردووە.

– ئاو هەبێ ئەوە بەسمانە. بەڵام بیر لەمە مەکەوە، ئادەی با نەختێک بڕۆین. ئەوە باشترە. دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

ئومراپین جیرە جیرێ بەسەوڵەکان کرد و بەهێواشی لەسەر دەریا لەنێو تەمەکە ڕۆیشتن. ئەوان هەر دەتوت تاقەتی قسەکردنیان نییە لەو شوێنەی کە لێی بوون. پێویستە لەسەر باوک هەموو هێزی خۆی لەکاتی ڕۆیشتن کۆبکاتەوە. ئومراپین پێی وابوو گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە ئاسان نییە چونکە تەنها بیر کردنەوە لێی ئازارێکی کوشندە لە هەناویاندا دەخوڵقێنێ. ئەو بەتەنها سەوڵی لێ نەدەدا، بەڵکو فەرمانی بەکوڕەکەی دا بێتە لای سەوڵەکان دابنیشێ. بەڕاستی پێویستی بەوە نەدەکرد و هەروەها هیچ پێویستیش نەبوو بۆ شوێنێک بڕۆن کە نازانن کوێیە.

کیریسک زۆر بەزەحمەت ئەو سەوڵە گەورانەی دەجووڵاند. ئەو دەیتوانی تەنها بەیەک سەوڵ کاربکات، چونکە هێشتا بۆ کار پێکردنی جووتێک سەوڵ بچووک و بێ تاقەتە. سەرەڕای ئەوەش دیارە کە

منداڵەکە بە شێوەیەکی بەرچاو شەکەت و لاواز بووە، و سەعات لەدوای سەعات لاوازتر دەبوو. هەر بۆیە باوکی ناچار بوو ڕووداوەکان خێراتر بکات.

کات بەسەر دەچوو. کات تێدەپەڕی.

کیریسک کڕ بوو و ئاوڕی نەدەدایەوە، وای لێ هات ڕەمەکییانە سەوڵە قورسەکانی دەجووڵاند. بەڵام ئەمەیان ئومراییینی ئاڵۆز نەدەکرد، بەڵکو کاتێک سەیری پشتی کوڕەکەی کرد، جەستەیەکی ڕەق و کووڕی هاتە بەرچاو کە هێشتا منداڵانەو لەڕو لاوازە، بۆیە لێوی خۆی گەستەوە و هەستی کرد دڵیشی بە پاڵدانێکی گەرم قڵپەی خوێن دەدا کە سەرچاوەی لە ئازارەوە هەڵدەچوو. بەڵام نەیدەتوانی لەم بارەیەوە قسان بکا لەگەڵ ئەوەی هیچ ڕێگە چارەی تری نەبوو...

لە قووڵایی تەمەکەدا وردە وردە ئاستی بینین کەم دەبۆوە، ئومراییینیش لە هزرە پڕ لە خەفەت و ئازارەکانیدا مەلەی دەکرد. ئەو کاتەی کە ماوە لە ڕاستیدا کەم بوو، هەرچەندە تانی لە خۆی دەدا و هەرچەندە لە سروشتی خۆیدا بەهێز بوو، بەڵام تێنوێتی خێرا بەسەر شەنگ و تاقەتی ئەودا زاڵ دەبوو و قووتی دەدا. ئەو دەبوایە کاتێکی شیاو بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی کوڕەکەی ئامادە بکات بۆ دەرئەنجامی ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارەی کە لەو سەعاتەدا داوێتی. ئومرایین دەیزانی ئەوە تاکە شتێکە بۆهێشتنەوەو پاراستنی ژیانی کوڕەکەی کە دەبێ بیکات. جا ئەگەر درێژ کردنەوەی ژیانی کوڕەکەشی بە قەدەر ئەو ئاوە بێت، کە لە بنی بەرمیلەکەدایە. ئەو نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات: ئایا تەمەکە ئەم شەو دەڕەوێتەوە یاخود ڕۆژی دوایی. هەروەها

هەرگیز نەیدەتوانی پێشبینی ئەوەش بکات کە ئاخۆ چ ڕووداوێ چاوەڕێی کوڕەکەی دەکات، هەتا ئەگەر هەوا خۆش کات، جاچ ئێستا بێ و چ دوایی، هەروەها کوڕەکەی پاش ئەوەی بەتەنیا لە دەریا دەمێنێتەوە چۆن دەتوانێ خۆی ڕاگرێ و ڕزگار بێ. ئەمانە هەمووی پرسیاری بێ وەڵام بوون.

تاکە هیوا – کە ئەویش لاوازەو بەدیهاتنی زەحمەت بوو– و هەوڵی دەدا قەناعەتی خۆی پێ بێنێ، ئەوە بوو کە بەڵکەم ئەگەر بە ڕێکەوتیش بێت و کاتێک کە دەریا هێور دەبێتەوە، تووشی کەشتییەکی گەورەی مرۆڤە سپییەکان بێت. ئەو لەو شتانەی کە گوێ بیستی ببوو، دەیزانی مرۆڤە سپییەکان هەندێ جار لەو ئاوانە بەدیار دەکەون و لە کەنارەکانیان دوور دەکەونەوە بەمەبەستی کاروباری وڵاتێکی دوور بۆ وڵاتێکی دیکەی دوور لە دەریا دەدەن. ئومرایین خۆی قەت بەو کەسانە نەگەیشتووە، بەڵام ئەو بازرگانانەی کە هەموو شتێ دەزانن، هەندێکیان دەڵێن، ئەوان خۆیان سواری ئەو کەشتییە گەورانەی مرۆڤە سپییەکان بوونە کە بەقەد چیایەک گەورەنە، ئەو بازرگانانە ئەو جۆرە شتانە دەبینن.

لەڕاستیدا ئەمە موعجیزەیە، ئەگەر کەش و هەوا خۆشی کا و ڕێگەکان بەیەک بگەن و بەشەرە سپییەکان ئەو بەلەمە دارینە گچکەیە لە ناو زەریا بکەوێتە بەرچاویان، تەنها ڕوودانی ئەو موعجیزەیە دەتوانێ ببێتە هیوایەک بۆ دەربازبوونی کیریسک، کە ئەمەش ئەگەری بەدیهاتنی لاواز و نیمچە مەحاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر هیوایە.

ئومرایین خۆی ئامادە کرد تا پێش ئەوەی کوڕەکەی جێ بهێڵێ، پێی بڵێ کە لەناو بەلەمەکەدا تا دوا هەناسە بمێنێتەوە مادام هۆشی لە

خـۆیـەتی. هـەروەها ئـەگـەر پێـویست بکات بڕوا بە کـیـریسک بێنێ و بەتەواوی ڕاسـپـاردەیەکی پێ بدا کـە کاتێک ئاوەکـەی نامێنێ و مـردن لەچارەی نووسـراوە، ئەوا پێویسـتـە هـەر لەناو بەلەمـەکـەدا بمرێت نـەک خـۆی بهاوێتـە ناو دەریا، وەک چۆن ئۆرگـان و میلگۆن بەناچاری وایان کرد و خـۆشی کـە باوکیـەتی وادەکات. لەوێدا هـەرگیـز ڕێگەچارەیەکی دیکە نیـیـە. دەبێ خـۆت بەدەسـتـەوە بدەیت و ملکەچی دڵڕەقـیی قـەدەر بیت...

بەڵام ئەو دەمــەی ئومـرایین بیـری دەکـردەوە کــە ئەو منداڵە تـەمـەن یانزە ساڵییە بەتەنیا لەنێو بەلەمەکەدا دەمێنێتـەوە و لە باوەشی ئەو تەمـە و لەنێو دەریایەکی بێ کـەناردا ڕووبەڕووی هـەموو دنیا دەبێـتەوە، هێـدی هێـدی لە تێنوان و لە بـرسـان گـیـان لەدەست دەدات، بۆیە لە حـەژمـەتان وڕ و کـاس بوو. ئاخـر زۆر ئـاسـتـەم بوو بەو هـەل و مـەرجـە درێژە بە ژیانی بدات، چونکە ئەو بارە ناهـەمـوار و پڕلە قـەسـوەتە لە هـەموو توانایەک بەدەر بوو.

ئەوساکە بیرێکی بە مێشکدا داهات کە ناتوانێ کوڕەکەی بە تەنـها جێ بێڵێ، باشتر وایە لەگەڵ ئەو بمرێ.

ئەوەندەی نەبرد کـە دونیا ڕەش داگەڕا و، دیسـان تاریکی شـەو باڵی بەسـەر دەریادا کـێـشـا. ئـەگـەر بە ڕۆژ لە نێـو تەم تومـانێکی وادا سـەفـەری دەریا کارێکی نەشیـاو بێ، ئەدی بە شـەو دەبێ ئەم سـەفـەرە چەندە نەشیاوتر بێ.

بەلەمـەکـە لەسـەرەخـۆ لە شـوێنی خـۆی دەجـوولایەوە. هێشـتـا هیچ نیـشـانەیەک لە گـۆڕانی کـەش و هـەوا لـە ئارادا نەبوو. دەریاش بەبێ هـەناسـەدان ڕاکشابوو و نزەی بای نەدەهات.

باوک و کوڕە ئەو شەوە لە نێو بەلەمەکەدا مانەوە و بە توندی خۆیان بەیەکەوە نووساندبوو، هیچ کامێکیان ئەو شەوە نەنووستن، هەردووکیان بە تێنوێتی و برسیەتی هزریان لەلای چارەنووسی خۆیان بوو...!

کیریسک کە لەتەک باوکیدا پاڵ کەوتبوو، هەستی پێ کرد کە لەم ڕۆژانەی دواییدا باوکی چۆن لەڕ و لاواز بووە، لەشی چۆن بچووک بۆتەوە و تاقەتی لەبەردا نەماوە. جگە لە ڕدێن و ڕیشە درێژەکەی دەم و چاوی هیچی لێ نەماوەتەوە. ئەم هەستکردنە چەندە ناخۆش و قورس بوو.. لەو شەوەدا کیریسک کاتێک کە خۆی بە باوکیەوە نووساندبوو و بە هێمنی فرمێسکی لە چاوان بەردەدایەوە، هەستی بە بەزەیی و دڵ پێ سووتانێک کرد کە لە هەست و سۆزی بونیادە سەرەتاییەکان دەچوو، نەیدەتوانی بە وشە ئەو هەستانە دەرببڕێ چونکە لە ڕۆحی و لە فرمێسک و لە لێدانی دڵیدا دەتوانەوە.

جاران کیریسک هەمیشە وا خۆی دەردەخست کە لە باوکی دەچێ. لاسایی ئەوی دەکردەوە، بە ئاوات بوو وەک ئەوی لێ بێ، بەڵام ئێستا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە باوک – هەر ئەو خۆیەتی، ئەو سەرەتایەتی، بەڵام ئەو خۆی بەردەوامبوونی باوکیەتی. هەر لە بەرئەوە بوو بەزەیی بەباوکی و بە خۆشیدا هاتەوە.

بانگی مشکە شینەکەی دەکرد تاوەکو ئاو بۆ خۆی و بۆ باوکی بێنێ:

ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!
ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!

باوک ئێستا کە بیر لە ئاو دەکاتەوە بۆ خۆی نییە، هەرچەندە لەگەڵ هاتنی هەر ساتێک خۆڕاگرتن لە بەردەم ئازاری تێنوێتی زەحمەتتر دەبێ. ئەو تێنوێتییەی کە گرەکەی ناکوژێتەوە و هەمیشە لە زیادبووندایە، وای لێ هاتووە جەستە خۆی لەبەری ڕاناگرێ. هەموو شتێک لە هەناویدا گڕی دەسەند و وشک و کورژ دەبۆوە، ژانە سەر گێژی کردبوو. ئێستا بۆی دەرکەوت کە دواهەمین ئێش و ئازارەکانی میلگۆن چۆن بووە. بەڵام ئەو هزرەکانی لەسەر ئەوە چڕ نەبۆوە. بیرکردنەوە لە ئاو و ئارەزوو کردن بۆ خواردنەوە تا تێر بوون، ئێستا هیچ مانایەکیان بۆ ئەو نەماوە. ئەگەر لەبەر کوڕەکەی نەبێت لە مێژبوو ئەم ئێش و ئازارەی دەوەستاند، ئەگەر بیتوانیبایە خۆی ناچار بکات واز لە کوڕەکەی بێنێ کە خۆی لەبن باڵی ئەو داناوە لە دوا شەوی تاریکی ئەودا، ئەوا ژیانی پڕ لە مەینەتی خۆی دەوەستاند. ئەو لە پێناوی کوڕەکەیدا هەتا هێزی لەبەردا بێ پارێزگاری لێ دەکا، هەرچەندە هیوای بە ڕزگاربوونیشی نەماوە. بەڵێ لە پێناو ئەوەدا هەموو ململانێ و هیوا غەریزییەکانی باوک خۆی حەشارداوە، لەوەدا ئێستا دواهەمین خواست و قەدەری خۆی دەبینێ. لە پێناو ئەو هەموو شتانەدا دەبووایە زوو بەلەمەکە جێ بهێڵێ. بەڵام لەبەر ئەو، لەبەر کوڕەکەی نەیتوانی خۆی یەکلایی بکاتەوە و جەسارەتی نەکرد لەگەڵ چارەنووسێکی وا سەختدا کوڕەکەی جێبهێڵێ.

بەڵام لەسەرەخۆیی و دواخستنی لەوە زیاتری ئەو هەنگاوە کارێکی ترسناکە:

لەو ساتەدا دوا تاقەتی لەبەر بڕابوو، کە پێویستە بۆ ئەو تا لە رووی دەروونییەوە ئامادەباشی هەبێت:

ژیانی باوک لە کۆتابوون نزیک دەبۆوە...

چۆن و بە چ وشەیەک دەتوانێ ئەوە بۆ کورەکەی ڕوون بکاتەوە؟ چۆن پێی بڵێ کە لە پێناوی ئەودا بە جێی دەهێڵێ؟

ژیانی باوک لە کۆتابوون نزیک دەبۆوە...

– باوکە!

کیریسک لە هیکرِا چرپاندی، وەک بڵێی دەیزانی کە باوکی بیر لە چ شتێک دەکاتەوە بۆیە زیاتر خۆی پێوە نووساند و بانگی مشکە شینی کرد:

ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!
ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!

ئومراپین ددانەکانی خستە سەریەک و لە ژێر گرانایی کۆستەکان دەیناڵاند و نەیدەوێرا هیچ شتێک بڵێ. ئەو بە هزرەکانی خواحافیزی لە کورەکەی دەکرد، لەوەش زەحمەتتر و پڕ لە ئازارتر ئەنجامدانی دوا هەنگاو بوو. لەو شەوەدا تێگەیشت کە هەموو ژیانی ڕابردووی شتێک نەبووە، تەنها خۆ ئامادەکردن بووە بۆ ئەم شەوەی. ئەو لە دایک دەبوو و.. دەمرد لە پێناوی ئەوەی کە دوایین هێزی خۆی لە کورەکەی درێژە پێبدات. ئەو لەو ساتەی کە بەبێ دەنگی خواحافیزی لە کورەکەی دەکرد، بیری لەوە دەکردەوە. ئومراپین بۆ خۆی شتێکی تازەی دۆزییەوە: بە درێژایی ژیانی ئەو هەر وەک ئێستا بووە ئەمەش بۆئەوەی تا دوا هەناسە لە کورکەیدا بەردەوام بێ. ئەگەر لە ڕابردوو بیری لەمە

نەکردبێتەوە، ئەوە تەنها لەبەر نەبوونی هۆکار بووە.

لێرەدا بە هزریدا هاتەوە کە چەند هەڵوێستێکی وا لە ژیانیدا گوزەری کردووە، کاتێک ئەو بیرۆکەیە لە زەینیدا وەک برووسکەی ئاسمان دەبریسکایەوە. بەبیری هاتەوە و ئێستا دڵنیابوو ئەو ڕووداوەی کە جارێکیان ڕووی دابوو، کاتێک لەگەڵ میلگۆن و هەندێک لە خزمەکانی، بنەدارێکی گەورەیان لە دارستانەکە دەبڕییەوە. دارەکە خەریک بوو بەردەبۆوە، بە ڕێکەوت لەو ساتەدا ئەو لەو لایە بوو کە دارەکەی بەسەردا بەردەبۆوە، ئەو دارە زەبەللاحە هەموو شتێکی تەخت و وێران دەکرد، ئەوسا هەموو بەیەک دەنگ هاواریان کرد:

ئاگاداربە ئومرایین!

ئومرایین بەو شتە لە ناکاوەدا ڕەش داهەڵگەڕا، ئاخر وەخت هیچی وەبەر نەما: درەختەکە لەسەررا هاتەوە بە هێواشی و بێ بەزەیی دەهاتە خوارێ، بە قرچ و هۆڕی لق و پۆپەکانی ترسی دەخستە دڵەوە، دەتوت ئاسمان خۆشی دەڕمێ و پارچەیەک لە گومبەتی سەوزی دارستانی لەگەڵ خۆیا لێدەکردەوە. لەو کاتەدا ئەو تەنها بیری لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش کیریسک بوو "ئەو کاتە تاقانە و بچووک بوو و هێشتا بسولکیان نەببوو " ئەوسا لەو چەند چرکە ساتەدا کە لە سەر لێواری مردنێکی مسۆگەر بوو، تەنها بیری کردەوە و کاتی ئەوەی نەبوو بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە.

ئەو وای بە هزردا دەهات کە لە پاش خۆی کوڕەکەی دەبێتە ئەو. دارەکە بە بۆوە تەنیشتی لەگەڵ دەنگێکی پڕ لە ترس، ئەوی لە شەپۆلێک گەڵا و تۆز وەردا، ئەوساکە هەموو بە خۆشییەوە هاواریان

لێ هەستا. ئومرایین بە ساغ و سەلامەتی مایەوە و درێژەی بە ژیانی دا.

هەنووکە پاش ئەوەی ئەو ڕووداوەی بە بیردا هاتەوە زانی کە دیارکەوتنی کوڕەکەی بوو وای کرد وەک ئێستاکەی وا بێت، هەروەها ئەو قەت لە ژیانیدا هەستی نەکردووە کە شتێک هەبێ لە هەستی باوکایەتی باشتر و بە هێزتر بێ. لەبەرئەوە سوپاسی منداڵەکانی دەکات بە تایبەت کوڕەکەی کیریسک، ئومرایین دەیویست لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ کوڕەکەی بکات، بەڵام نەیدەویست بێزاری بکات چونکە منداڵەکەی بەبێ ئەوەش لە حاڵەتێکی خراپدایە...

ژیانی باوک لە کۆتابوون نزیک دەبێتەوە...
ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!
ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!
ژیانی باوک لە کۆتابوون نزیک دەبێتەوە...
ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!
ئەی مشکە شینەکە ئاومان بدەرێ!
ژیانی باوک لە کۆتابوون نزیک دەبێتەوە...

خێزانی ئەوان تەنها دوو نێر و سێ مێینەی خۆشەویست مابوونەوە، کۆستێکی گەورە بوو لێیان جودا بێتەوە و نەیدەویست بۆ ئەوێ بڕوات بێ ئەوەی بیر لەمە بکاتەوە، هەتا ئەگەر وەختیش گەمارۆی بدا. ئەو خواحافیزی لە یادەوەرییەکان دەکات و هەموو دەم بیر دەکاتەوە کە کاتی ئەوە هاتووە بەلەمەکە جێ بهێڵێ...

ئومرایین هەر لە ڕۆژانی یەکەمی هاوسەرییەوە ژنەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست. سەیر لەوەدایە کە لەناو دەریا بیر لە هەر شتێ دەکاتەوە کە ژنەکەشی لە ماڵەوە بیری لێ دەکاتەوە. هەر لەڕۆژانی یەکەمەوە ئەو شتانە ڕوویان دەدا. ژنەکەی دەیزانی کە مێردەکەی لە ناو دەریا بیر لە چی دەکاتەوە. ئەو زانیارییە لە دوورەوە نهێنی نێوان ئەوان بوو و کامەرانی و بەختەوەری لێک نزیک بوونیان بوو کە کەسێکی تر ئەم جۆرە بەختەوەرییەی نەچەشتووە.

ئەو دەمەی هێشتا کیریسک لە دایک نەببوو، بەڵام نیشانەکانی بە زگ کەوتنی دیارکەوتبوون کە دەتوانرا لێی دڵنیا بێت یان نا، هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بە ژنەکەی وت:

– کوڕێکمان دەبێت.

– دەنگت نزم بکە. نەبادا ڕۆحە شەڕانگێزەکان گوێیان لێ بێ– ژنەکە ئەمەی بە ترسەوە وت و چاوەکانی پڕ لە فرمێسکی شادی بوون
– تۆ چۆنت زانی؟

– تۆ ئەمڕۆ بیرت لەمە کردۆتەوە، تۆش بە ئاواتی ئەوەی.

– ئەدی تۆ؟

– تۆ دەزانی کە من دەزانم تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە، منیش وەک تۆ بیرم لەوە دەکردەوە.

– من بیرم لەوە دەکردەوە چونکە تۆش بیرت لێ دەکردەوە، چونکە تۆش بە ئاواتی ئەوەی.

ئەمە بوو کە ڕووی دا و پێشبینییەکەیان هاتەدی، هێشتا کیریسک نەببوو بەڵام مسۆگەر بەم نزیکانە دەبێت. ئەو وەختە زوو هات و نزیک بۆوە. لەوان ڕۆژاندا ژنەکەی شەرواڵە کۆنە لە چەرم دروستکراوەکەی ئەوی لەبەر دەکرد. ئەو شەرواڵەی کە ئەوەندە کۆن بوو، هەمووی پینە لەسەر پینەکانی تر دڕابوو. ئەوە "کە خۆی دەیوت " بۆ ئەوەیە ڕۆحە بیرخەرەوەکەی هەمیشە ئامادەبێ، لەو دەمەی کە مێردەکەی دەچێتە ڕاو ئەگەر نا ئەوکەسەی کە بەم زووانە ڕووناکی دەبینێ بە شێوەیەکی خراپ گەورە دەبێ.

لەوان ڕۆژاندا ژنەکەی بە خۆی و شەرواڵە کۆنە چەرمینەکەیەوە جوانترین ژن و پڕ ئارەزووترینیانە! جوانترین ژن و پڕ ئارەزووترینیانە!

ئەو ڕۆژە قەشەنگانە هەم شادی بەخش و هەم نائارام بوون، ئەوان بیریان لەو کەسە دەکردەوە کە دەیانکات بە دایک و باوک...

ئەو کەسە کیریسک بوو...

ئێستاش لەسەریەتی لە ئەو و هەموو ئەو شتانەی پێیەوە بەندە جودا بێتەوە و بۆ هەتا هەتایە.

ئەو کاتەی کیریسک گەورە ببوو، جارێکیان دایکی زۆری لێ تووڕە دەبێ، پێی وتبوو کە پێش ئەوەی ئەوی ببێ حاڵی زۆر باشتر بوو لە ئێستا.

ئەو قسەیە منداڵەکەی زۆر پەست کرد.

– جا پێش ئەوەی بێم من لەکوێ بووم؟

ئەو پرسیارەی لە باوکی کرد کاتێک کە لە دەریا گەڕایەوە.

ئای لەو گاڵتەبازییە... بەخۆی و ژنەکەی بە کرِی تەنها بەچاوەکانیا پێکەنین.

خۆشترین شت بۆ ئومرایین ئەوەبوو کە نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە و نەیدەزانی چ بکات و چۆن بۆ منداڵەکە ڕوون بکاتەوە کە ئەو کاتەی ئەو هێشتا نەهاتبوو لەکوێ بووە.

ئەگەر ئێستا بوایە ئەوا باوکی پێی دەوت کە پێش ئەوەی نێتە دونیا لەنێو ئەودا بووە، لەخوێن و دەمارەکانی ئەودا بووە، لەوێوە چۆتە زگی دایکی و دووبارە بۆی هاتۆتەوە. ئەو خۆشی هەنووکە وەختێک کە خۆی ون دەکات ئەوا لە کوڕەکەیدا دەمێنێتەوە، ئەمە هەر درێژەی دەبێ و لە کوڕی کوڕەکانیدا دووبارە دەبێتەوە. بەڵێ. ئەگەر ئێستا بوایە ئەوهای پێ دەوت و زۆریش بەختەوەر دەبوو ئەگەر بەر لەمردنی ئەمەی بگووتبایە. بەڵام تازە هەموو شتێ کۆتایی پێ هات. ژیانی کیریسک دەتوانرێ بۆ دوو سێ ڕۆژ درێژ بکرێتەوە زیاتر نا. باوکە ئەم ڕاستییەی باش دەزانی، لەوەدا خەمە پڕ لە ترس و کارەساتەکان خۆیان حەشار دابوو نەک لەوەی کە ناچار بووە بەلەمەکە لە پێناو کوڕەکەیدا بەجێ بێڵێ.

هەروەها ئومرایین دەیویست پێش جیابوونەوە لە کوڕە بگەیەنێ کە لەو ماوە کەمەی ژیانیدا دەبێ هەمیشە سوپاسی پیرە ئۆرگان و میلگۆن بکات، هەرچەندە ئەو دوو کەسە نەماون و بۆ ئەوان،

یادکردنەوە و لە بیر کردنیان وەک یەکە، بەڵام پێویستە لە پێناوی زاتی خۆت بیریان لێ بکەیتەوە هەتا لە ژیاندابیت.

بەڵام دواجار بڕوای هات، کە ڕەنگە کوڕەکەی بە خۆی ئەمە بزانێ.

کیریسک کە بە خەبەر بۆوە، سەری سوورِما، چونکە ئەو لە شەوێکی گەرمتر لە شەوەکانی ڕابردوو خەوی لێ کەوتبوو. ئاخر ئەم شەوەیان، باوکی چاکەتەکەی خۆی بەو دادابوو. کوڕە چاوانی کردەوە و سەری بەرز کردەوە " باوک لەناو بەلەمەکە نەماوە" هەستایە سەر پێ و ناو بەلەمەکە گەڕا، هاواری کرد و بەدەنگێکی تیژ چریکاندی هەتا بە تاڵی و سۆزەوە لە نێو ئەو دەریا تەماوییە لێڵەدا دەنگ بداتەوە. سەدای هاواری ئەو بەتەنیا و تێکەڵ بە بێ ئومێدی و ئێش و ئازار، ماوەیەکی زۆر دەنگی دایەوە. منداڵەکە گریا، گریانێکی بە کوڵ و جۆش تا لە شوێنی خۆی بوورایەوە و کەوتە ناو بەلەمەکە. هەناسەی هەڵدەکێشا و لەسەری خۆی دەدا. ئاوا قەرزی باوانی خۆی دایەوە، ئەوانەی ئەویان خستۆتەوە. خۆشەویستی و ستایش و ئازار چەشتنی بۆیان ئەوهابوو.

منداڵەکە لە ناو بەلەمەکە ڕاکشا بێئەوەی سەری بەرز بکاتەوە یان چاوهەڵێنی. ئاخر نەما تا سەیری بکا و شوێنێک نەما بۆی بچێ. وەکو جاران تەمی سپی باڵی کێشاوە، بەڵام دەریا بەترسەوە کەوتە جوله و بەلەمەکەی لە شوێنی خۆی هەژاند و سووڕاندی.

کیریسک بە حەسرەت و لۆمەکردنی خۆیەوە دەگریا چونکە ئەو لەو ساتەدا خەوی لێکەوتبوو، ئەگەر خەوی لێ نەکەوتبایە ئەوا باوکی هەرگیز ئەوی بەجێ نەدەهێشت جا نرخەکەی هەرچی بوایە، ئەگەر

نەنووستبایە بە دەست و ددانەکانی باوکی دەگرت و نەیدەهێشت لە دەستی بچێ، ئەوسا با بەیەکەوە بمردابانایە، با زووتر لە تێنان و لە برسان بمردنایە، بەس بە تەنها نەمابایە تەنیاییەکی کڕ و ترسناک. ئاوا سەرزەنشتی خۆی دەکرد، چونکە لەوکاتدا بەئاگا نەهاتبوو ولە خەو ڕانەپەڕی و هاواری نەکرد، ئەو کاتەی هەستی کرد بەوشەوە بەهۆی پاڵێکی بەلەمەکە لە هیکرِا هەژا، هەژانێکی توند. ئایا ئەقڵ دەیگرێ لێگەڕابا باوکی خۆی فڕێداتە ناو دەریا! یان ئەو وەختە لەگەڵ ئەو خۆی دەهاوێشتە ناو بۆشاییە ڕەشەکە!

پاش ئەوە هێدی هێدی خۆی لە بیر کرد و بەدەم گریانەوە هێور بۆوە و هەموو جەستەی دەلەرزی. وەختێکی کەم بەسەرچوو دیسان نۆرەی تێنوێتی بە هێزێکی نوێوە هاتەوە. دەتوت قەرزی ئەو ماوەیە دەداتەوە کە لەبەر دەم کارەساتەکە ماوەیەک لە بیری کردبوو. ئەو هەتا لە خەونیشدا لە بێ ئاوی هەستی بەئێش و ئازار دەکرد. تێنوێتی دەستی لێ سەندبوو، ڕای دەچڵەکاند و دەیخنکاند... کاتێک بەشێوەیەکی ڕەمەکی بۆ لای بەرمیلەکە خشی دیتی قەپاغی بەرمیلەکە شل کراوەتەوە هەتا بە ئاسانی بکرێتەوە، جامەکەش لە نزیک بەرمیلەکە دانراوە. نەختێ ئاوی تێ کرد، بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێ بکاتەوە تا تێر بوو خواردیەوە بەمەش بەیەکەوە نووسانی لێو و گرژی گەرووی وشکی کرانەوە. ویستی دووبارە تێی کا و بیخواتەوە، بەڵام پەشیمان بۆوە و توانی دان بە خۆیدا بگرێ. ئەو ئاوەی کە ماوەتەوە ڕەنگە بەشی دوو جار خواردنەوەی تر بکات.

پاش ئەوە بە داماوی دانیشت و بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ، بیری لە هۆی ڕۆیشتنی باوکی دەکردەوە. چونکە بۆ ئەو ئاسانتر بوو لەگەڵ

باوکیدا نقوم بێ نەک ئێستا لە دوای ئەوەی تەنیایی و ترس دەست و پێیان بەستەوە. ئەو لە بەزاندنی لێواری بەلەمەکە دەترسا بۆیە بڕیاری دا هەرچ کاتێک تاقەت و ورەی هاتەوە بەر ئەویش خۆی فڕێدەداتە دەرەوەی بەلەمەکە.

ڕۆژ کاتی نیوەڕۆ بوو و نەختێ زیاتریش، کیریسک وای بۆ دەچوو بە پێی ڕەنگی کراوەی تەمەکە. کەواتە خۆر لە شوێنێکدا لە کلاوەی ئاسماندا تیشک دەنێرێ. بەڵام لێرە تیشکی خۆر ناتوانێ پەردەی ئەو تەمە گەورە ڕاکشاوەی سەر دەریا بدڕێ. تەمەکە چڕی کەم دەبۆوە و ڕەنگی بەرەو شینێکی دووکەڵاوی لە چەشنی دووکەڵی داری وشک دەگۆڕا. لەگەڵ ئەوەش نەتدەتوانی لە دووری بیست تا سی مەتر هیچ شتێک لێک جیا کەیتەوە، تەنیا ئاوی تار و شەپۆلداری دەریا لەدەوروبەریەوە دیارە.

هیچ شوێنێک نییە بۆی بچێ، بەڵکو ئێستا ئەو هەر ناتوانێ هەر سەوڵیش لێبدا. بە دڵێکی تەنگەوە لە سەوڵەکانی باوکی و میلگۆنی ڕوانی کە بەرێکی لەهەردوو لای بەلەمەکە درێژ کرابوون. ئێستا بەلەمەکە لە خۆیەوە ڕووەو لایەکی نادیار دەڕوا. تەنیایی لە هەموو لایەک گەمارۆی داوە. ترسێکی سامناک دەوروبەری داپۆشیبوو کە دڵی دەوەستاند.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیکە و وەختی ئێوارە، هەستی کرد ئارەزووی بۆ ئاو خواردنەوە جۆشی سەندووە ناتوانێ خۆی ڕاگرێ. لەبرسان و لە تێنان سەری دەسووڕا، حەزی نەدەکرد بجوولێ و لە دەوروبەری خۆی بڕوانێ. سەرەڕای ئەوە خۆ شوێنێک نییە تا سەیری بکات و شوێنێکیش نییە سەرنجی ڕاکێشێ. هەتا خۆ گەیاندنە

بەرمیلەکەش کارێکی سەخت بوو. لەسەر چۆکان خشی و پاشان لەبەر ماندوویێتی وەستا. کیریسک زانی بەم نزیکانە ناتوانی بجوولێتەوە، بەترسەوە دەستی بۆ دەموچاوی بەرز کردەوە: دەستەکانی لاواز ببوون و وەک پێستی وشکی سمۆرە لەڕ ببوون.

ئەو جارەیان زیاتر لە پێویست ئاوی خواردەوە. ئاوەکە نەختێکی کەمی مابۆوە، هەتا بەشی خواردنەوەی جارێکیشی نەدەکرد، بەمەش کۆتایی ئاو خواردنەوە نزیک دەبۆوە هەتا دڵۆپێکیش نەدەما. بەڵام ئێستا کارەکان بۆ ئەو جیاوازی نەبوو، سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەو ئارەزووی دەچووە ئاو خواردنەوە، ئارەزووی دەکرد و تێریشی نەدەخواردەوە. تاوی بڕیستی کاری خۆی کرد و ئازارێکی سەخت لە ناو گەدەی هەڵگیرسا و نەدەکوژایەوە.

کیریسک زیاتر لە جارێک بوورایەوە و لەهۆش خۆی دەچوو و پاشان بە ئاگا دەهاتەوە. بەلەمەکەش هەر لەخۆیەوە دەڕۆیشت و لە نێو تەمەکەدا مەلەی دەکرد.

لە چرکە ساتێکدا بەتەواوی بڕیاری دا خۆی فڕێداتە ناو دەریا بەڵام تاقەتی پڕووکا و خاو بۆوە. لەسەر چۆکان وەستا و لەسەر دیواری بەلەمەکە خۆی چەماندەوە، دەستەکانی خستە دەرەوەی بەلەمەکە و خۆی پێوە شۆڕکردەوە. ئەوەندە تاقەتەی نەبوو بتوانێ لەشی خۆی بۆ دەرەوە پاڵ بدا، پاشان بەتەواوی هێزی لەبەردا نەما بە ڕادەیەک هەوڵی نەدا ئەوەندە ئاوەش کە لە ناو بەرمیلەکەدا مابۆوە، بیخواتەوە.

لەناو بەلەمەکە ڕاکشا و بەدەم گریانەوە بانگی مشکە شینە ئاودێرەکەی دەکرد:

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!..

بەڵام نەک هەر مشکە شین دیار نەکەوت، بەڵکو ئارەزووشی بۆ ئاو خواردنەوە زیاتر تاوی سەند و سەر لە نوێ ئەو هاوینەی کەوتەوە یاد، کاتێ بە ڕووتی لەناو چۆمەکە مەلەی دەکرد، ئەوسا تەمەنی حەوت سالان دەبوو و نەدەبوو. هاوینی ئەو ساڵە زۆر گەرم بوو. لەسەر تخووبی دارستانەکە بایەکی گەرمی دەهات. لەوێدا بەری کێویان کۆ دەکردەوە و پاشان لە ئاوەکە خۆیان دەشۆری. دایک و خوشکەکەشی هەرلەوێ خۆیان دەشۆری و زۆر شەرمیان لەو نەدەکرد. هەردووکیان خۆیان ڕووت کردەوە و بە کەفەڵی ئەسمەر و درەوشاوەیانەوە چوونە نێو چۆمەکە و دەستیان بە سینە و مەمکیانەوە دەگرت لە خۆشیدا هاوار و قیژە قیژیان بوو لە کاتێکا لەش ولاری جوانیان دەبریسکانەوە. وەختێ کیریسک بە ڕۆخ لێواری چۆمەکەدا غاری دەدا و پاشان خۆی هەڵدەدایە ناو ئاوەکە، ئەوان دەیاندایە قاقای پێکەنین بەتایبەت دایکی کە هەموو جارێ بە کچەی دەوت:

(سەیرکە سەیرکە عەینی دەڵێی ئەوە، کتومت بەو دەچێ، تەواو وەک ئەو وایە!). دوای ئەوە شتێکی دیکەیان وت و بە حیلەبازییەوە دەیانچرپاند و دەکەوتنە پێکەنینێکی پڕ لە شادی...

ئاوی چۆمەکە دەڕۆیی و نەدەپسایەوە، دەتتوانی تێری لێ بخۆیتەوە و گەر ئارەزوو بکەیت خۆتیشی لێ بشۆی.

ئەی مشکە شینەکە ئاوم بدەرێ!..

کیریسک لە خەیاڵی خۆیدا دیسان لەلای چەمەکەوە بوو، ئەوجارە هاوینێکی گەرمی دیکە هات و ئەویش بە ڕووتی خۆی دەشۆری. لە خەیاڵیدا لەسەر قەراخەکە ڕایدەکرد و خۆی هەڵدایە ناو ڕەوتی ئاوەکە، بەڵام هەستی بە ساردی ئاوەکە نەدەکرد.

ئەو ئاوە ئاوێکی هەست پێنەکراو بوو. هەردەتوت مادده نییە، بەڵکو تەمە. ئەو لە تەمدا خۆی دەشۆری: ئەو لەناو ئەو ئاوەدا هەستی بە ساردی نەدەکرد. دایکیشی پێناکەنێ بەڵکو دەگریێ. (سەیرکە سەیرکە، چەندە لەو دەچێ!) ئەو قسەیە بە یەکێک دەڵێ و دەگریێ، بەکوڵ دەگریێ... فرمێسکەکانی سوێرن و بەسەر گۆناکانیدا دەهاتە خوارەوە...

کیریسک لە نیوەشەودا، بەهۆی هەژان و شڵپوهۆڕی شەپۆلەکان بە ئاگاهات. بە بێدەنگی هاواری کرد. بە درێژایی ئەو ڕۆژانە بۆ یەکەمجار ئەستێرەی لە ئاسماندا بینی. لە دوورەوە لەنێو ئاسمانێکی تەماوی و لە کەلێنی نێوان پارچە هەورەکانی سەر دەریا دەدرەوشانەوە. هەتا مانگیش جاروبار دیار دەکەوت و پاشان لە پشت هەورەکان بزر دەبوو. منداڵەکە واقی وڕما: ئەستێرە و مانگ و با و شەپۆل – ژیان و جووڵانەوە. هەرچەندە تەمەکە بە شێوەی پەڵە پەڵە مابوو و بەلەمەکەش کاتێک دەکەوێتە ناو ئەو پەڵانە لە تاریکییەکی لێڵدا ون دەبێ، بەڵام ئەوە زۆر ناخایەنێ. تەمە مەزنەکە بەهۆی با و شەپۆلەکان دەجوولێ و لە حاڵەتی وەستان دەرچووە و لە دونیادا پەخش و بڵاو دەبێتەوە.

منداڵەکە سەیری ئەستێرەکانی کرد و چاوەکانی تژی فرمێسک بوون. تاقەتی ئەوەی نەبوو دەست بۆ سەوڵەکان بەرێ، نەشیدەزانی چۆن بەهۆی ئەستێرەکانەوە ئاڕاستەی خۆی بدۆزێتەوە و نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوا، نەیدەزانی لە کوێیە و چ شتێ چاوەڕێی دەکات. لە

گەڵ ئەوەشدا دڵی خۆش بوو، چونکە گوێی لە شڵپە و هاژەی شەپۆلە ڕاکردووەکانە، چونکە با دەجوولێ و بەلەمەکەش لە گەڵ شەپۆلەکان مەلە دەکات.

کیریسک لە خۆشیان و لە تاڵییاندا دەگریا. دەگریا چونکە دونیا دیارکەوت و دەریاش دەجوولێ، چونکە ئەگەر خۆراک و ئاوی خواردنەوەی پێبوایە ئەوسا دەیتوانی ئەو ژیانەی خۆشبوێ. بەڵام ئەو کە ئێستا ناتوانێ لە شوێنی خۆی هەڵسێتەوە، دەیزانی چەند ڕۆژێکی کەمی لە ژیاندا ماوە و بەم زووانە لە تێنان دەخنکێ.

بەلەمەکە لە گەڵ شەپۆلەکان سووکتر و سووکتر دەجوولایەوە. لەگەڵ ڕەوتی شەپۆلەکان بەبێ سەوڵ و بێ ئاراستە کردن دەڕۆیشت. هێڵی ئاسۆ لە سەر دەریا خەریک بوو بە عاستەم دیاردەکەوت، بۆشایی شەوانە زیاتر و زیاتر خۆی دەردەخست، وای لێهات تۆپەڵە تەمەکان بە دەگمەن نەبێ نەمابوون، ئەو تاریکییە ڕەش و تارەی جاران نەما. لە نێو ئەو تەمەدا چەند جەستەیەکی خەیاڵی دیار بوون، بەبێ دەنگە دەنگ دەڕۆیشتن. ئەو تەنانە خۆیان لە ناو (با) دا دەردەخست و بزر دەکرد، تەمەکەیان دەڕەواندەوە و بە هەموو لایەکدا بڵاوەیان پێ دەکرد.

مانگەشەو نەبوو هەتا مانگ لە پشت هەورەکانەوە خۆی دەربخا و، هەتا لە ناو دەریادا بەرز و نزم بێتەوە و بە شادییەوە بدرەوشێتەوە و

دیسـان بزر بێتـەوە و دەرکەوێتـەوە. منداڵەکە خـۆی کرِ کـردبوو و لە ئەستێرە پرشەنگدارەکانی دەڕوانی و بیری دەکردەوە:

(کامـە ئەسـتێرە، ئەسـتێرەی پارێزکارە؟ ئەی ئەسـتێرەکەی باپیـرە ئۆرگـان؟، ئەی ئەستێرەکـەی مـامـە میلگۆن؟، ئەی ئەسـتێرەکەی باوکـە ئومـــرایین؟ بـە درێژایـی ئەو هـەمـــوو ڕۆژانە دەرنـەکـــەوتن ئێـــوە ئەی ئەسـتـێرەکـان، نـەتاندەتوانی لەو تەم تـومـانەدا بمبیـنن. ئێسـتـا من بە تەنـهـــام و نازانم بـۆ کـــوێ بڕۆم. بەڵام من هـەنووکـــە نـاترسـم چونکە هەمـووتان لە ئاسـمـاندا دەبینم. لە ئەوش من نازانم کـامـە ئەسـتێـرە لە ئێوە ئەسـتێرەی کێیـە. ئێمە تاوانێکمـان نەبوو لەو شتـانەی کە ڕوویان دا، ئـێـــوەش، ئێـــمـــەتـان لە دەریا نەدەبـینی، چـونکە تەمـی مـــەزن دایپۆشـیبووین. ئێستەش من بە تەنیـام، بەڵام ئەوانی دی ماڵئاواییـیان کرد، هەرسێکیان کۆچیـان کرد. ئەوان ئێوەیان زۆر خۆشدەویست ئەی ئەستێرەکـان. زۆریان چاوەڕێ کرد و تامەزرۆی دیدەنـی ئێوە بوون، بۆ ئەوەی ڕێگەی گـەڕانـەوەیان نیـشـــان بدەن. باپیـرە ئۆرگـــان دەیوت: ئەستێرەکان هەرگیز کەس دەسـتـخەرۆ ناکەن. باپیرەم دەیووست فێرم بکات. بـەڵام تاوانی ئێـوە نەبوو کـە ئەمـە ڕووی دا. منیش بەم نزیکانە دەمـرم چونکە ئاوم پـێ نییـە و تەواو هێـزم لـێ بڕاوە و نازانم بۆ کـوێ بچم. تـەنیـا چـۆڕە ئاوێکم پـێ مـاوە ئاوێکی زۆر کـەم، کـەمـێکی کـەم ئەویش ئێستا دەیـخۆمەوە چونکە چیتر خۆم پـێ ناگیرێ. هێز و تاقەتم نەمـاوە، ئـەمـرۆ پارچەیەکم لـە توورەگـە چەرمیـنەکە خـوارد کـە مـاسـی وشککراوەی تێدا بوو و لە پێـسـتی گۆلکی دەریا دروست کراوە، بەڵام لەوە زیـاتر نـاتوانم چونکە بـوورامـــەوە و وەخـتـــا بـوو بە هـۆی ئەوەوە بڕشێمـەوە. هـەنووکە ئەو ئاوەی ماوە هـەمووی دەخۆمـەوە، ئەگەر قەدەر

وای کــرد یەکــتــر نەبینینەوە، دەمـــەوێ شــتــێکتــان پێ بڵــێم ئەی ئەستێرەکان، باپیرە ئۆرگان و مامە میلگۆن و باوکی ئومرایین ئێوەیان زۆر خــۆشــدەویست... ئەگــەر هەتا بەیانی لە ژیاندا مــام ئەوا دوایێ خواحافیزیتان لێ دەکەم...)

بەلەمەکە دیسان کەوتەوە نێو بارستاییيەک لە تەم، هەموو شتێک لەبەر چاوان ون بوو. دیسان بینین نەما بەڵام بەلەمەکە بە هۆی با و شەپۆلەکان مەلەی دەکرد و دەڕۆیشت.

سەبارەت بە کیریسک کارەکە گۆڕانی بەسەدا نەهات پاش ئەوەی ئەو ئاوە کەمە بۆگەنەی کە مابۆوە خواردیەوە. لەتەک بەرمیلە بەتاڵەکە لە دواوەی بەلەمەکە پاڵکەوت. لەو شوێنەی کە پیرە ئۆرگان لێوەی دادەنیشت. لەوێ خۆی ئامادەکرد بۆ مردن، ئێستا تەمەکە ئەویان نەدەترساند بەڵام خەفەتبار بوو چونکە ئەستێرەکانی لێ بزر بوو و ڕەنگە نەتوانێ خواحافیزییان لێ بکا و تەندروستیشی بەرەو خراپ و خراپتر دەچوو.

کیریسک ئاوا بەڕاکشاوی مایەوە. جاروبار دەبۆرژا و پاشان بە ئاگا دەهاتەوە و، دیسان دەبۆرژایەوە. ئەو نەیدەزانی کات چەندی لێ بەسەر چووە. ڕەنگە پاش نیوە شەو بێ و لەوانە شەو گەیشتبیتە کۆتایی خۆی.. زەحمەتە ئەمە دیاری بکرێت. تاریکییەکی سووک باڵی بەسەر دەریادا کێشابوو هەروەها دووکەڵیش لەگەڵ بایەکەدا بڵاو ببۆوە.

ئەگەر قەدەر هەبێ ئەوە ئەویش هەیە. منداڵەکە لە توانایدا هەبوو گوێی لێ بێ و گوێی لێ نەبێ، بەڵام لەسەر سەریەوە گوێی لە دەنگی

لێکدانی باڵی فڕندەیەک بوو، فڕە فڕی بوو و دەیخوێند. هەروەها گوێی لە شتێک بوو بەسەر بەلەمەکەوە نەوی دەفڕی لە ناو تاریکیدا کیریسک ڕاپەڕی و لە هیکرا بینی دەتوت باڵندەیەکە گەورەیە باڵندەیەکی بەهێز، باڵە گەورەو پانەکانی لێک دەدات.

(ئاگۆکوک) منداڵەکە هاواری کرد. ئاگۆکوک. توانی چاوەدێری ئاڕاستەی فڕینی کوندەبۆی قوتبی بکا و ئاراستەی (با)ش بزانێ. بایەکە لە دەستە چەپەوە بوو، لەلای چەپ و دواوە دەهات، نەختێک دواوەی گوێچکەی چەپە.

(ئاگۆکوک). منداڵەکە دیسان هاواری کرد و بە دەفە دارینەکەی ئۆرگانی گرت و بەلەمەکەی ئاراستەی ئەو لایە کرد کە ئاگۆکوک بۆی فڕی بوو.

کەسێک نازانێ کوندە بۆی جەمسەری زەوی لە کوێ و بۆ کوێ دەفڕێ. لە دوورگەیەکەوە بۆ کیشوەرێک یان لە کیشوەرێکەوە بۆ دوورگەیەک. بەڵام کیریسک ئامۆژگارییەکانی ئۆرگانی لە بیر نەچوو بوو: ئەو باڵندەیە لەسەر ڕووی دەریا بە هێلێکی ڕاست دەفڕێ. باڵندەیەکی بە هێزە، شەوان لە نێو تەمدا دەفڕێ، ئا ئەوەیە کە هەنووکە بە شوێنیدا دەڕوا.

بەلەمەکە لە شەپۆلێکەوە دەڕۆیشتە شەپۆلێکی تر، بایەکە بە خێراییەکی نەگۆڕ دەهات و تاریکیش تاوێ دەهات و پاشان لێی دەکردەوە، ئاسمان لە خوارەوە ڕا وردە وردە ڕوون دەبۆوە. لە پێشەوەڕا هەر تەواو لە بەرامبەر ئەم لە لێژایی ئاسمانی شیندا، تاکە ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە. کیریسک تێبینی کرد کە ئەو ئەستێرە ڕێک بەرامبەر ڕووی بەلەمەکە وەستاوە، هەروەها تێگەیشت کە دەبێ

بیکاتە نیشانە و بەرەو ئەو بڕوا، چونکە ئاگۆکوک بەرەو ئەوێ فڕی. ئەو ئەستێرەیەی نەدەناسی بەلام چاوی لە سەر هەڵنەدەگرت. ئەو ئێستا بەپشتی سەری دەیزانی (با)یەکە چۆنە: ئاراستەکەی، هێزەکەی، تەوژمەکەی.

(ئەی بایەکە ئاوا هەڵکەو بەردەوامبەو جێمان مەهێڵە. نازانم چۆن بانگت بکەم. باپیرە ئۆرگان لە توانایدا هەبوو ئەوەم فێر بکا، بەلام تۆ خوشکی من بە و جێم مەهێڵەو بۆ هیچ لایەکی دی ڕووت مەسووڕێنە، ئەی بایەکە. تۆ دەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو ئاراستەیە نەگۆڕی کە دەتەوێ. یارمەتیم بدە ئەی بایەکە و جێم مەهێڵە، ئەوە دەزانم کە ناوی تۆ چی بێ باشە و بە ناوی خۆتەوە بانگت دەکەم. ئایا ڕازی دەبی ناوت بنێم (با)ی ئۆرگان، بە ناوی باپیرە ئۆرگان؟ ئەو کاتە هەمیشە ئاوا بانگت دەکەم، بای ئۆرگان. تۆش ئەوسا من دەناسی..)

ئاوا لەگەڵ بایەکەدا قسەی دەکرد، داوای لێ دەکرد بەردەوام بێ و هێز و ڕۆحی خۆی پێ ببەخشێ!

چاوی لە سەر ئەستێرە ڕێنیشاندەرەکە لانەدەبرد و بەرەو ئەو دەڕۆیشت. بە ئەستێرەکەی گوت: (ئەی ئەستێرەکەم من تۆم خۆش دەوێت. تۆ بەرز و دوور وەستاوی لە بەرامبەرم. تۆ گەورەترین و جوانترین ئەستێرەی. داوات لێ دەکەم نەڕۆێ، لە شوێنی خۆت بوەستە و نەکوژێیتەوە. من بەرەو تۆ مەلە دەکەم، چونکە ئاگۆکوک بەرەو لای تۆ فڕی. من نازانم بۆ کوێ دەفڕێ، بۆ دوورگە یان کیشوەر. جا ئەگەر بەرەو دوورگەش بفڕێ قەیدی نییە با لەوێ لەسەر دوورگەیێ بمرم. نەڕۆی، نەکوژێیتەوە ئەی ئەستێرەکە من نازانم ناوت چییە تووڕە مەبە. من کاتم نییە هەتا ناوت فێربم. باوکم دەیتوانی ناوی تۆم

پێ بڵێ.. ئەگەر ئارەزووت لێ بێ ئەوا بە ناوی باوکم بانگت دەکەم، بانگت دەکەم ئەستێرەی ئومرایین. هەرکاتێ لە ئاسمان لێم دیار کەوتی سڵاوت لێ دەکەم و بە ناوی تۆوە دەچرپێنم، بەڵام تۆ یارمەتیم بدە ئێستا ئەی ئەستێرەی ئومرایین، زوو ئاوا مەبە و نەکوژێیتەوە، خۆت لە پشتی هەورەکان مەشارەوە...)

بەم شێوەیە لەگەڵ ئەستێرە ڕێنیشاندەرەکە دەدوا. هەروەها کیریسک لەگەڵ شەپۆلەکانیش دوا: (ئەی شەپۆلەکان ئێوە ئێستا بەلەمەکەم پاڵ دەدەن، ئێوە ئێستا کەسێکی چاکن. لە مەودوا بانگتان دەکەم شەپۆلەکانی مامە میلگۆن. ئێوە بۆ ئەولایە گلۆر دەبنەوە کە ئاگۆکوک بۆی فڕی. بۆیە ئێوە دەتوانن ماوەیەکی درێژ گلۆر ببنەوە و بمێننەوە بۆ هەرلایەک خۆتان بتانەوێ. ئەی شەپۆلەکانی مامە میلگۆن مەڕۆن و ڕێگەی خۆتان مەگۆڕن. ئەگەر بمتوانیبایە بە هۆی سەوڵەکان لە دەریا دەڕۆیشتم. بەڵام گوڕ و تینم بە تەواوی پڕووکاوە وا ئێوە دەبینن کە من بە ویستی ئێوە مەلە دەکەم. ئەگەر لە ژیاندا مام هەمیشە دەڵێم کە ئێوە بە ئاراستەی بای ئۆرگان و ئەستێرەی ئومرایین دەڕۆن، بە هەمووان دەڵێم: مامە میلگۆن لە دەریا پیاوێکی چاکە و یارمەتیم بدەن ئەی شەپۆلەکانی مامە میلگۆن، مەڕۆن و جێم مەهێڵن..)

***

لە نێو ئەستێرەکاندا، ئەستێرەی ئومرایین لە هەمووان زیاتر لە ئاسمان دەمایەوە. لەگەڵ گەزەنگی خۆرەتاوی سبەینەدا ئەو ئەستێرەیە بە تەنها لە لێژایی ئاسماندا دەمایەوە. لە کاتی خۆر هەڵاتندا بە درەوشانەوەیەکی گەش و بەهێز لە ئاسماندایە، پاشان لە

فەزای خۆڵەمێشی سبەینەدا هێدی هێدی دەکوژێتەوە و ماوەیەکی درێژ لە ئاسماندا لە شێوەی پنتێکی سپی و تەنک مایەوە.

بەم شێوەیە سبەینە داهات پاشان خۆر لەسەر پشتی دەریا هەڵات. کیریسک دڵی خۆش بوو و دەشترسا. بە دیار کەوتنی خۆر دڵی شاد بوو بەڵام دەترسا چونکە نەیتوانی سنووری دەریا ببینێ. دەریا چۆل و ڕەشێکی تێکەڵ بە شینێکی مات بوو لە ژێر تیشکی خۆر.

منداڵەکە هێشتا دەستی بە دەفە دارینەکەوە بوو، بە شپرزەییەوە هەوڵی دەدا بەهۆی ئەقڵ و هزری خۆی بە دەریادا بڕوا و لە ڕەوتی بایەکە دەرنەچێ، ئەمەش کارێکی سەخت بوو.

بیرکردنەوە ئەوەندە ماندووی کرد تا سەری سووڕا و هەموو شتێ لەبەر چاوی مەلەی دەکرد... ئێستا بەلەمەکە بە کەیفی خۆی دەڕوا...

***

خۆر کەوتە دامێنی ئەولای ئاسمان وەختێک منداڵەکە بەهۆش خۆی هاتەوە. لەسەر زگ ڕاکشا و خشی، بەهۆی باسکە لەرزۆکەکانی خۆی بۆ لێواری بەلەمەکە بەرز کردەوە، لەوێ وەستا و چاوەکانی خستە سەریەک وای زانی سەری دەسووڕێ. پاشان چاوی هەڵێنا: بەلەمەکە لەگەڵ شەپۆلەکان دەجوولێ و دەریاش وەکو جاران هەتا چاو بڕدەکات سەما بەو خاڵە تیشکدارانە دەکات. کیریسک تەماشای بەردەمی خۆی کرد و دەستی بە چاوەکانیدا هێنا و سەری سووڕما: لە پشت کووڕایی دەریای سەوزدا، سەگە بەڵەک بەرەو ڕووی ئەو مەلە دەکات، سەگە بەڵەک بە ڕاکردنەوە پێشوازی لێدەکات! ئەوە سەگە بەڵەکە مەزنەکەیە!

کەنارەکە لە لێواری دەریا، لەسەر شێوەی هێڵێکی شینی نیوە خۆڵەمێشی لە زنجیرە شاخ دیاربوو. بەڵام سەگە بەڵەک گوێچکەکانی سپین و لاپاڵی بەرلووتکەکانی سپییە و لە هەموو شاخەکانی دیکە بەرزتر خۆی دەنوێنێ. ئێستا دەتوانێ سەمای شەپۆلە ئەبەدییەکانی دەریا لە بەر پێی سەگە بەڵەک ببینی. لەگەڵ زیاتر نزیکبوونەوە وای لێهات گوێت لە دەنگی نەورەسەکانی دەم کەنار دەبوو. نەورەسەکان بوون یەکەم جار هەستیان بە گەڕانەوەی ئەو کرد. لە سەر چیاش لە ڕووتەنێکدا، دووکەڵێکی شین لە پاشماوەی گڕێکی کوژاوە هەڵدەستا...

*ئەی سەگە بەڵەکی ڕاکردووی سەر لێواری دەریا،*

*من بە تاقی تەنێ دەگەڕێمەوە لات،*

*بەبێ باپیرە ئۆرگان،*

*بەبێ باوکە ئومرایین،*

*بەبێ مامە میلگۆن،*

*لێم بپرسە ئەوانە لە کوێن،*

*بەڵام لە پێشدا ئاوی خواردنەوەم بدەرێ.*

کیریسک دەیزانی کە ئەو وشانە سەرەتای گۆرانییەکن کە ناوی ئەو هەڵدەگرێ و تا دوا ڕۆژانی ژیانی لەگەڵیدا دەژی.

دەریا لە تاریکیدا ون بوو، بە وەڕسبوونەوە هێرشی دەکردە تاشە بەردەکان و لەوێش وردوخاش دەبوو. زەوییە بەردەلانییەکانیش بە سەختی دەیاننالاند و هێرشی دەریایان بەرپەچ دەدایەوە.

ئا ئەوانە لە ڕۆژی دروست بوونیانەوە لەو پێک هەڵشاخانەدان، لەو کاتەی کە ڕۆژ شەوی بەدوادا دێ و، لەدوا ڕۆژیشدا هەر بە ڕۆژ و شەو دەمێننەوە مادامەکی زەوی و ئاو بوونیان بۆ هەتا هەتایە

بە درێژایی ڕۆژەکان و شەوەکان

***

... شەوێکی دیکە ڕابرد...

لەسەر دەریا دەنگی (با) ی ئۆرگان دێ و لەسەر ڕووی شەپۆلەکانی مامە میلگۆن گلۆر دەبنەوە و لە دوورترین لێژایی ئاسمانیشدا ئەستێرەی ئومرایین دەدرەوشێتەوە.

... دیسان ڕۆژێکی تازە داهات.

شارۆچکەی بایتیک
کانونی یەکەم، ساڵی (١٩٧٦)
کانونی دووەم، ساڵی(١٩٧٧)